بەختیار عەلی

# شکستی رۆشنبیری و رۆشنبیر

## کۆمەڵە وتار

2007 - 2022

سەلام عەبدوڵلا

## ناوەڕۆک


1- بەختیار عەلی "وای گوت !"
2- بەختیار عەلی و ئۆستاکانی
3- چەند سەرجێک لەبارەی کتێبی 13گفتوگۆ لەگەل بەختیار عەلی
4- بەختیار عەلی، لافاوێکی تر لە نەزانی!
5- (هونەری بەفیرۆدان)و چۆن من کاتەکەم بەفیرۆ دا!
6- (نۆمانکلاتۆر)ەکەی بەختیار عەلی!
7- دوا گاڵتەجاڕترین دەقی دنیا
8- بەختیار عەلی لەنیوان(سوڵتان هاشم) و (نازم گزاردا)!
9- نەزانی بە نرخی رۆشنبیر!
10-بەختیار عەلی: رۆشنبیرانی کورد لەدەرەوەی سیاسەت راوەستن

## بەختیار عەلی وای گوت !"

ئاساییە لەسەردەمی سەرکەوتنی دەسەڵات و فکری تاوان و سەربڕینی مرۆڤ و کوشتنی بەکۆمەڵی بێتاوانان، فکر و بۆچوون و کتێبی هاوچەشنیان بازاڕیان هەبێت، بۆ نموونە لە بازاڕی کتێبی سلیمانی کتێبی هیتلەر(ماین کەمف – وەرگێڕەکە لەبەر نەزانی نوسیویەتی>ماین کەمپفت<!؛ کتێبی جۆراوجۆر لەبارەی نیتشە یان بەرهەمەکانی و لەپاڵیانەوە دەیان کتێبی سێکسی و دژە ژن یان هێنان رەگەزی مێ بۆ ئاستی جەستە کە کاری هەرە گەورەی پیاوسالارە"بەڕێزەکانە"!؛ هەروا زۆر ئاساییە یەکێک وەک(بەکر عەلی) هاوڵاتی کورد بە مارتین هایدەگەر بناسێنێ و لەولاوە گفتوگۆ لەگەڵ"فەیلەسوف"مەسعود مەحەمەد بکات و بۆچوونە شەرمئاوەرو نەزانییەکانی وەک کتێبێک بەناوی(پەرژینی بێدەنگی)بڵاوبکات؛ "نوخبەی رۆشبیری" کوردی"پایەبەرز"وەک زانایەکی مەزن، یادی بکەنەوە؛ کاک(شوان ئەحمەد)یش سەرسامی خۆی لەبارەی نازییەک وەک(مارتین هایدەگەر)ەوە بنوێنی لە وتاری(مارتن هایدەگەر و ستایشکردنی ژیانی لادێ – سەرچاوە: کتێبی ناوبراو بەناوی: چەند بابەتێکی فیکری، لاپەڕە55)

کاک شوان ئەحمەد لە گەڵ بەختیار عەلی چاوپێکەوتن دەکاو، زۆر زۆر زاراوەی بێکەلک و بێ مانا وبێناوەڕۆک و پێکەنیناوی(ئیسلامی سیاسی_لاپەڕەی 115-)بەکاردەهێنێ، منیش لێرەدا دووبارە لەسەر ئەم مەسەلەیە دەوەستم وئەم پرسیارە دەکەم: ئایا هیچ کەس بیستویەتی یەکێک بڵێ: مەسیحی سیاسی، جوو سیاسی، کاکەیی سیاسی، یەزیدی سیاسی، سوبی سیاسی، بودی سیاسی، ئەرمەنی سیاسی، ئالگریشنای(دینێکە لە هیندستان)، سیاسی؟ !

ئەگەر کەس ئەو جۆرە زاراوانەی نەبیستووە، ئەدی بۆچی بەختیار و"ئەمساڵە" ئەو زاراوەیە بەکاردەهێنن؟! لەراستیدا ئیسلام لەگەڵ بانگەوازی موحەمەد بۆ ئیسلام، بزووتنەوەیەکی سیاسی بووە و ئەگەر قورئان بخوێنین، ئەوا لە چیرۆک و ئەفسانە و جن و جنۆکەکان بگەڕێین، دەیان ئایەت لەبارەی سیاسەتی ئابووری، سیاسەتی جەنگ، سیاسەتی ئاشتی، سیاسەتی خێزان....هتد پێکهاتووە و هەروا بە درێژایی مێژووی ئیسلام رەوتی جیاوازی هەبووەو هەموویان سیاسین. لەبەر ئەو هۆیانە، راگەیاندنەکان خێریان دەگات، ئەگەر لەو زاراوە چەواشەکارە، بگەڕێن!

بەختیار عەلی دەڵێ: (من خەون بە یاسایەکەوە دەبینم بەڕەحمەتر بێت لە تاوانبار، خەون بە قوربانییەکەوە دەبینم دڵنەرمتربێت لە جەلاد- سەرچاوە: وەڵام لە رۆژگاری ونبوونی پرسیاردا، لاپەڕە 28)

ئەگەر ئەم وتەیە بە شێوەیەکی عەمەلی و لە پەیوەست بە دادگاییکردنی سەرانی فاشستی  سەیری بکەین، ئەوا بەختیار بە راشکانەوە داوا لە دادوەری سەدام و دەستەکەی دەکات(بەڕەحمتر بێت لەو تاوانبارانە) و بە هەمان شێوە داوا لە قوربانیانی دوێنێی دەستی بەعس دەکات، بۆ نموونە لە(ئەنفالکراوەکان یا زیندانە سیاسییەکان)، دڵنەرمتر بن لە سەدامی جەلاد و هەروا داوا لە"قوربانیانی" ئیمرۆ، واتە سەددام و عەلی کیمیاوی دەکات(دڵنەرمتر بن لە"جەلاد")ەکانیان!

ئەمە دەقێکی روون و ئاشکرایە و هیچ راڤەکردنێکی تر قبووڵ ناکات وئەوەندە سەقەت و خوارە، لەبارەیانەوە هیچم پێ ناگوترێت. ئەو بۆچوونە وەک ئەوە وایە، یەکێک بە سپارتییەکانی مێژوو بڵێ: کۆیلەکان رانەپەڕن!؛ کۆمۆنارییەکان! ئێوە خراپکاری دەکەن؛ کوردستانیان بەرگری چەکداری نەکەن...هتد. بەختیار پاش لاپەڕەیەک هەر بە خۆی ئەو بۆچوونەی سەرەوە بەرپەرچدەداتەوە .!

بەڕاستی وایە: ئەوەی فرەبێژی بکات، گوریسی باسەکەی لەدەست دەچێ وپینەوپەڕۆکردن بێبایەخ دەبێت و قسەکەر خۆی دەخاتە هەڵدێری هەزاربەهەزارەوە و ئەمەش نموویەکە بۆ ئەم بۆچوون: بەختیار دەنووسێ:(چەمکی لێبوردن بۆ ئەوە نییە، قوربانی لە جەلاد خۆشبێت، بۆ ئەوە نییە ئەوانەی لە گیانی سەدان هەزار کەس بەرپرسیارن، تاوانبارنەکرێن، بەڵکو بۆ ئەوەیە قوربانییەکان لە یەکتر ببورن، بۆ ئەوەیە کورد، عەرەب بە گوناهبار نەزانێت، منداڵانی کەربەلا، منداڵانی تکریت تاوانبارنەکەن...-لاپەڕەی 30)

**خوێنەری بەڕێز: من لەو بۆچوونە حاڵی نەبووم، ئەی تۆ؟!**

بەختیار بەشێوەیەکی پێکەنیناوی داوا دەکات> قوربانییەکان لەیەکتر ببورن< بەخۆی دەچێتە بەرزی بانانەوە و وەک کەسێک لەدەرەوەی واقیع و مێژوو ولۆژیک، بە یەکچاو سەیری قوربانیانی بەعس و ئەوانەی تا سەرئێستقان بەرگریان لە بەعس کرد وەک فیدایی سەدام، موخابەرات و ئەستخبارات، دەکات. ئایا ئەمە سووکایەتیکردن نییە بە قوربانیانی دەسەڵاتی فاشییەت؟! لێرەدا هەر بەخۆی پشتگیری لە جەلاد دەکات دژی قوربانی....چەقۆ ماچدەکات و

تفدەکاتە برین، دەمی قوربانییەکان دادەخات و ئازادی دەدات بە جەلادەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی نازانێت چی دەڵێت، خۆی گاڵتە بەخۆی دەکات.

پێدەچێت بەختیار هەموو شتێک گشتگیر بکات، ئەوە نییە باسی<ڕێزی هەق، ڕێزی ژیان، ڕێزی دادپەروەری و ڕێزی مرۆڤ دەکات. یەکێک لە گەورەترین کێشەی مرۆڤایەتی بریتییە لە باسکردنی((هەق))، لێرەدا دەبێ پرسیار بکەین: هەق بە پێی چ پێوەرێک؟ هەقی کێ لەبەرامبەر کێ؟. بۆ نموونە، هیگل دەڵێ(ژیان بریتییە لە ململانی لەنێوان دوو هەق-من چۆن خۆم بە هەق دەزانم، جەلادیش بەهەمان شێوە، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتم بەدەستەوە بێت، هەموو هەقەکانی جەلادەکە دەنێمە ژێرپێمەوە. ئەمەیە لۆژیکی مێژووی مرۆڤایەتی!))؛بەڕاست ئەی مەبەستی بەختیار کامە هەقە؟!

ئەوە هەر بەختیارە دەنووسێ: (...بەڵام نوسەران و داهێنەران چۆن مەحکومن بە گەڕان بەدوای ئازادی و جوانی لە تێکستدا، ئاوهاش مەحکومن بە گەڕان لە دوای ئازادی و جوانی لە ژیاندا- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە276 (

ئایا نووسەرەکانی مۆسۆلۆنی، فرانکۆ یان نووسەرە ئیسلامییەکان، نووسەرە ئەمریکییەکان کە جەنگی"هەق"بەرپادەکەن یان نووسەرەکانی(بیلد تسایتونگ، دۆتشە شتمە....هتد)، نووسەرە شۆفەنیست و لیبراڵیش دەگەڕێن بۆ جوانی ژیان؟!

خۆش ئەوەیە لەبەردەم خانەنشینی دەنووسێ(تەقاعودی-لاپەڕە13)، بەڵام لەبەردەم دەیان زاراوەی نەناسراو، هیچی نەنووسیوە تا خوێنەر لە دەقەکەی تێبگات، بۆ نموونە(ئەناتۆمی، رادیکال، سایکۆلۆژی، هۆلۆکۆست، پۆلیوفۆنی، لۆکاشییشەوەیە-دەبێ بنووسێ(لۆکاش)یشەوەیە، سەمبولی هەڵەیە و ڕاستەکەی- سمبۆل، ریکۆرد، فۆرمۆلە، کۆنسێپت، فۆبیا، فیمنست- مەبەستی(فێمنیست)ە، کلێشە، مەبەستی(کلیشە)یە، ئەرگومێنت، ریتوال، ئۆلیگارشی، تابۆ، فالوسییەکان، کۆنتۆ، لۆکاڵ، فاکتەر، مۆبیلیزە، ئەکتیفست، ئەبەستیم، کەرنەفال-مەبەستی کەرنەڤالە، گلۆبالیزم، گلۆبالیزەیشن....هتد

وا بزانم کاک بەختیار هەندێ جار بۆ قۆشمەیی ئەو جۆرە بۆچوونانە دەردەبڕێ، وەک چۆن زاراوە لاتینییەکان بە هەڵە دەنووسێ، وەک: سترۆکتور، دەنووسێ(ستراکتور-پێی وایە ئەم ووشەیە لە تراکتۆرەوە هاتووە-!)؛ لەبری ئیدۆلۆژی، دەنووسێ(ئایدۆلۆژیک، باشترێکە بینوسیبا

ئای دۆ، یان ئای ماستاو-لاپەڕەی13)؛ لەبری ئۆپۆزیتسیون، دەنووسێ(ئۆپۆزیسیۆن-لاپەڕە21)؛ لەبری فەناتیکەکانەوە، دەنووسێ(فانەتیکەکانەوە، لاپەڕەی39- ؛لەبری ئەوەی بنووسێ(تیۆلۆژیانە)، دەنووسێ(تیلۆلۆژیانە-لەلاپەڕەی227و لە لاپەڕی225 دەنووسێ تیلیۆلۆگی)؛ لەبری(فۆندەمێنتال)، دەنووسێ(فەندەمینتال-لاپەڕە19)؛ لەبری نێگەتیڤ، دەنووسێ(نەگەتیڤ228-)؛ لەبری ئینستیتوت، دەنووسێ(ئەنستیوت-لاپەڕەی269)؛ دیسپۆت واتە ستەمکار، بۆیە بەکارهێنانی(دیسپۆت و ستەمکار-لاپەڕەی285)لەتەنیشت یەکتر،بێمانایە؛ لەبری ئۆنیڤێرسال، دەنووسێ(یونیڤرسال-لاپە ِە200)؛ دەنووسێ(کۆمونە پاریس) لەبری(کۆمۆنەی پاریس)؛ لەبری ململانێی چینایەتی، دەنووسێ (ململانێی چینایەتیین-201).

" خوابکەم"خەڵکی سلیمانی تۆزێک فێری عەرەبی نەبن، دەنا بۆ ئەوەی بیسەلمێنن"رۆشنبیرن"، بەڕاست و چەپ، بە سەددان وشەی عەرەبی بەکاردەهێنن، رێک وەک ناسیاوێکم وان، کە چوو بۆ سەربازی و ماوەیەکی کورت لە ناوچە عەرەبنشینەکان مایەوە، لە گەڕانەوەی بۆ خانەقی، کوردییەکەی"لەبیرچوو" و هەر بە عارەبی یان رستەکانی بەتێکەڵی دەردەبڕی. هەروا من هەرگیز مەبەستم ئەوە نییە، لە نووسیندا زاراوەی بیانی بەکارنەهێنرێت.

بەختیار، بۆ نموونە ئەم وشەو زاراوانە بەکاردەهێنێت کە بەڕاستی زۆر ئاسانن و لەبەرامبەریاندا بە کوردی هەن و پێویست ناکات بە عەرەبی بنووسرێن، وەک(تەحقیق، قەزا، تەفسیر، ئەخلاق، موتلەق، تەقالید، ئیعلامی، وەلائی، عیبرەت، تەعبیر، تێکست، عاتیفی، خسوسییەت، تەساموح، فەرد، دین، مەرجەعییەت، ئیبداع، جەوهەر، ئیدیعا، تەرکیز، نەشاز، ئیقاع، خەلەل، ئەعساب، موعجیزە، تەوزیف، ڕەونەق، مەنهج، عیبادەت، عەورەت، غەیب، ئیمان، میسداقییەت، ئیهانە، موهاتەرات، موقەدەسات، قانون، لەزەت، مەلەف، تەفکیکیە، سوبێکت، وەرشە، ئیفترازی، خسوسی، !ئیدراک، ئیلتیزام، توهمەت، کەشف، زەعیم، فەزا، وەڵاو، موبارەک، مدى الحياه، ئیلهام، ئەفگانستان-لاپەڕەی123- کەس بە ئەفغانستان دەڵێ ئەفگانستان؟!، قەناعەت، کابوس، ئیبتیزاز، تەداول، ئیقلیمییەکان، خەتەر، فەناکردن، نەرجسییەت، ئیستبداد، موفەتیش، سەقف، موەزەف، فەرز، عەقائدی، موساوەمە، وەعد، تصدیر، ئیختیساسەکان، بێڕەسید، سەحرا، نەقلە، تەعمیم، نەسیحە، موتلەق، لەبەرامبەر بەرهەمهێن دەنووسێ(مونتج)، راستەکەی(منتج)ە، ئیحتیمال، شموولی، خەزین، موفەکیرێک(پێکەنین قەدەغەیە!)، ئیستیفزاز، البث المباشر-دەیتوانی بنووسێت: پەخشی راستەوخۆ، فەهرەست، عەجیب، وەقائیعانە، ئینتقائی، ئیفلاس، عموومییەت، قەسیدە، شەرح، تەحالوف، ئیفلاس،

((فایل و دۆسییە،لاپەڕەی 223))، هەردووکی یەک شتە، تەشهیر، قازی، جورئەت، فەساد، جیدییەت...هتد، بێجگە لە چەندین هەڵەی چاپکردن، بە مەرجێک، کتێبەکە چەندین جار هەڵەبڕی کراوە !

ئایا ئەوە زمانی نووسینی کەسێکی رۆشنبیرە؟!

بەختیار دەڵێ: (زۆر زەحمەتە بۆ نووسەر لە لێبوردن زیاتر، لە قووڵکردنەوەو چەسپاندنی لێبوردن زیاتر داوای هیچی دی بکات...)

نووسەر، ناوی پیشەیەکە، بەڵام فرەڕەنگ و فرە بۆچوون و لایەن و هەڵویستن، بۆیە دەبوو ئەو وشەیە گشتگیر نەکات، هەروا مێژوو شایەتحاڵی ئەو راستییەیە کە نوسەرانی زۆر هەبووە، بەشداریان لە کوشتن و بڕین کردووە یان لەئاستیاندا بیانویان هێناوەتەوە، یان تاوانەکانیان بەراست ناونووسکردووە یان بێدەنگیان کردووەو و نوسەرە کوردەکانی ناو دەزگاکانی بەعس، نزیکترین نموونەن-یەکێک لێیان ئێستا دەسەڵاتدارەو نابڕی منی کردووە!-، و کەسیش ناتوانێ بڵێت(ئەوانە نووسەر نین یان نووسەر نەبوون) .!

ئەوە بەختیارە حوکمی رەها دەدات:(...هیچ عیراقییەک نییە کاریگەری سەدام حوسینی بەسەرەوە نەبێت. لاپەڕە37). ئایا ئەوە راستە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵم!

## بەختیار عەلی و ئۆستاکانی

ئەلتوسیر:(لە واقیعدا، فەلسەفە لە دوا پێناسەکردنیدا، سیاسەتە)

لە چەند ساڵی رابردووداو تا ئێستا، کۆمەڵێ گۆڤار، رۆژنامە و دەزگای بڵاوکردنەوە، بایەخ بە بەرهەمەکانی دوو فەیلەسوفی ئەڵمانی(نیتشە و هایدێگەر)وپەیرەوانیان دەدەن ،بۆ نموونە بە کۆمەڵناسێکی راسیست وەک ماکس فیبەر کە دەڵێ(...دژ بە سلاڤییەکان و پێش هەموو شتێک لە دژی پۆلەندییە دواکەوتووەکان-لە سیمنارکەی فرایبۆرگ وەرگیراوە-)و پیتەر سلۆتەردایک. هەروا چەندین کتێب، نامیلکەو وتاری وەرگێراویان بڵاوکردووەتەوە. ئەم گروپ، تاقم و کەسانە بەناوی"رۆشنبیری بێلایەن و"ئەکادیمیست"ەوە کاردەکەن و نیازیان ئەوەیە، گوایە بە زمانی فەلسەفی بدوێن و ئەوەی پێیانە نوێیەو خزمەت بە بواری رۆشنبیری کورد دەکات! دەزگاکانی راگەیاندنی هەردوو پارتە زلهێزەکەش، بەناوی دیموکراسی و مافی ئازادی بیروڕا، رۆڵی رێگاخۆشکەرەوە بۆ ئەو گروپ و کەسانە دەبینن و دریغی لە دەمچەورکردنیان ناکەن، تەنانەت بۆ(بەختیار عەلی)یەکیش کە دەنووسێ:(...ببێتە شارێگایەک بۆ حوکمی مێگەل و زۆرینەی نەخوێندەوار و ئایدۆلۆژیا ناعەقلانییەکانی خۆرهەڵات-بەختیار عەلی بۆ کوردستانی نوێ2005/8/14، پوکێۆنلاین-).ئەم جۆرە دەربڕینە، سووکایەتییەکی گەورەیە بە خەڵک و بەختیار لە مامۆستا ئەلمانییە مرۆڤکوژەکانی وەریگرتووە: نیتشە پێغەمبەری کۆمەڵکوژی و ئەنفال-! شوبهاندنی خەڵک بە مێگەل و زۆرینەی نەخوێندەوار(بۆ نموونە، سەدان هەزاران خەڵکی ئەنفالکراو لە کوردستان؛ ملیونان قوربانی کوشتنی پیشەسازییانەی جوو، سنتی و رۆماکان لە ئەلمانیا یان کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لە تورکیا و ئەوانیتر نەخوێندەوار بوون)و لە پێناو((مرۆڤی باڵا))و((کۆمەڵگەی هەڵبژاردە))بووە.

ئەگەر ئەو"سەربەخۆ و بێ ئیدۆلۆژیانە"ئاگاداری بۆچوونە دڕندەو دواکەوتووەکانی ئەو فەیلەسوفانە(نیتشە، هایدەگەر و سلۆتەردایک) نەبن و بە ناهوشیارییەوە داکۆکیان لێدەکەن، ئەوا دەبێ لێیان ببوورین و بە کەسانی سەرلێشێواو و کاڵفامیان بناسین، بەڵام ئەگەر بەڕاستی ئاگادارییان هەیەو هوشیارانە داکۆکیان لێدەکەن و بەخەڵکیان دەناسێنن، ئەوا دەبێ وەک تاوانبار بناسرێن و ئێمەش بە خەڵک دەڵێین: بڕوانن بەو جۆرە کەسانە چۆن لە پشت مێزەکانیانەوە، دەست

بۆ  ئاگرو تاوانی وەحشیگەرییانە دەبەن و چۆن دەیانەوێت خەڵک فێری رەگەزپەرستی، کۆمەڵگەی نوخبە(دەستەبژێر)و قیزهاتنەوە لە خەڵک و دژایەتیکردنی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و سووکایەتی پێکردن بە ژنان و دامەزراندنی سیستێمی کۆیلایەتی دەکەن و لە هەمووی گرنگتریش ئەوەیە بیسەلمێنین کە ئەو کەسانە هەرگیز بێلایەن نین وخزمەتکارو کۆیلەی بەرەی چەوساندنەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤن! هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان بۆمباو کۆمەڵکوژییەکانی هیتلەرو بۆچوونەکانی نیتشەو هایدەگەرو سلۆتەردایکیش وەک قوتابییەکی هەردووکیان.

 ئێستا دەبێ لەم نووسینەدا، لەسەر بنەمای خوێندنی دەقی ئەو"فەیلەسوفانە"وبۆچوونی شارەزاو لێکۆڵەرەکانی دەستی یەکەم، ئەم بۆچوونانە بسەلمێنین و وڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە: فڵانە فەیلەسوف لە ئاستی ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵگە لەکوێ راوەستاوەو چۆن مامەڵەی لەتەک دەکات و دەیەوێ بە چی بگات و چۆن؟ ئایا بۆچوونەکانیان بەراست سەربەخۆ و بێلایەنن؟

راستە نیتشە فەیلەسوفە، بەڵام فەلسەفەکەی خزمەت بە کێ و بەچی دەکات؟

ناکرێ باس لە بیرمەندێک بکرێ، بەبێ ئەوەی سەرنجی ئەو قۆناغەی تێدا ژیاوە، لە بەرچاو نەگرین. سەردەمی نیتشە، سەردەمی شۆڕش و بەرخۆدان بوو، هەر لە کۆمونەی پاریس تا راپەڕینی جووتیارییەکان و پێکهاتنی چینی کرێکاری ئەلمانی. هەڵبەت هەر زانا وچینێک هەڵویستی خۆی لەو پەرەسەندنانە راگەیاندووەو نیتشە یەکێکە لەوانەی کە بە شێوەیەکی ئیدۆلۆژی و حیزبیانەی پەتی، بۆچوونی خۆی راگەیاندووە.

نیتشەی"هزرڤان" لە (زەردەشت وای گوت، پەرەگرافی48)دا دەڵێ: (ئەگەر رێ بە هەموو کەسێک بدرێت فێری خوێندن ببێت، بە بەردەوامی نەک تەنها نووسین بۆگەن دەکات، بەڵکو بیرکردنەوەش)(

ئەگەر پرسیار بکەین: ئەم بۆچوونە خزمەت بە چیدەکات؟ ئایا ئەو بۆچوونە درووستە، یان گێلانەیە؟ مەریوان قانع لە وتارێکیدا لە هاوڵاتی نووسیبووی((نیتشە ئەو فەیلەسوفەی کە دەیویست هەمووومان بکات بە شاعیر))، ئایا شوێنی شیعر لەو بۆچوونەدا بەدیدەکرێت؟

نیتشە چونکە زۆر جەخت لەسەر توێژی هەڵبژاردەی کۆمەڵکە دەکا و رقی لە هەژارەکانەو بەرهەمەکانی خزمەت بەو"هەڵبژاردە"ی کۆمەڵگە دەکات، بۆیە زۆر ئاساییە لە لای، بەو شێوەیە سوکایەتی بە جەماوەر بکات و لە دژی ئەوە راوەستاوە، هەموو کەسێک فێری خوێندن و نووسین

ببێت. ئەوە ڕێک بە پێچەوانەی بۆچوونی بیرمەندو ڕابەڕی حیزبی شیوعی ئەلمانی ئیرنست تیلمان کە بەدەستی فاشیستەکان، کوژرا، دەڵێ:(زانست دەسەڵاتە، دەسەڵاتیش زانست). ئەم دەیەوێت زانست بخاتە خزمەتی ژێردەستەکان و بە شێوەیەکی زانستی فێری چۆنییەتی دەسەڵاتدارێتی ببن. ئەمە دوو جیهانبینی جیاوازن و ئەمڕۆیش بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو"هزرڤانە"لە سەر ئاستی جیهانیش هەوڵدەدرێت، نەخوێندەواری بە گشتی قڕ بکرێت .

هەر لە هەمان کتێبدا نیتشە لە زردەشت وای گوت لەVom Gesindel)، بەشی124)
نووسیویەتی: (ژیان سەرچاوەی ئارەزووە، بەڵام لە هەر کوێ خزمەتچییەکان لە تەکدا لێی بخۆنەوە، هەموو بیرەکان ژەهراوی دەبن)

ئەگەر جەماعەتی ڕەهەند بە هەڤاڵ فاروقی هاوبیری جارانیشیانەوە بە ڕاستی(gesindel)ی بازرگان و سەرمایە وخاوەن عەقارەکان نەبن، دەبوون بە پەیرەوانی ئەو ئەلمانییە سافلە؟! مارکس ڕاستی گوتووە کە بیری ئەلمانی لە خوارەوەی ئاستی ڕەخنەگرتنە، بەڵام هەر وەک بابەتێک بۆ ڕەخنەگرتن دەمێنێتەوە، هەر بۆیەشە، ساڵانێکە خۆمم بە نووسین و بۆچوونەکانی ئەو گروپ و کەسانەوە خەریک نەکردووە، چونکە ئەو(مارکس) قسەی لەبارەی ئەقڵی ئەلمانی کردووە، من بۆچی دوای نزیکەی200ساڵ خۆم بە"فەیلەسوفە کورد"انەوە خەریک بکەن کە دۆستی ئەو کابرا گەمژەیەن. بەختیار پێیوایە ئەگەر بە زمانێکی "ستاندار"ی نوخبەوە بنووسێ(ئەسپەکە ڕادەکات) ئەوا خەڵکیش چیتر نالێن(ئەسپ غاردەدا!)

پێدەچێت"فەیلەسوفە کوردەکانی سلیمانی و هەولێر"زۆر سەرسام بن بەم بۆچوونەی نیتشە: (ئەوە بە ئاسانی ئیمکان نییە لە خوێنێکی دەرەکی تێبگەیت: من ڕەقم لە خوێنەوارە بێ کارەکانە!)

ئایا مرۆڤی دەرەکی هەیە؟ ئەو دەربڕینە لە ئەدەبی مرۆڤدۆستان نامۆیەو تەنها شیاوی ئەلمانییەکی ڕەگەزپەرستی قیزەوەنە! بۆ نموونە بەختیار عەلی وەک سەرڕەشێکی ڕۆژهەڵاتی لەلایەن نیتشەو پەیرەوانی ژێرپێ دەخرێت، بەڵام ئەم ئەوەندە"زیرەک و شارەزایە"، ناتوانێ ئەمە بخوێنێتەوە و دەرسی لێ وەربگرێ، بەپێچەوانە بەرگری لێ دەکات! نیتشە زۆر ڕەگەزپەرستانە لە سوکراتی فەیلەسوف دەدوێ و دەنووسێ: (سوکرات بە پێی باوباپیرانی، سەر بە گەلە نزمەکانەو شوان بووە. مرۆڤ ئەمە دەزانێ و بە چاوی خۆی دەبینێ چەند ناشرینە. ئایا سوکرات بە ڕاستی یۆنانی بووە؟)، بۆیە ئاساییە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین، نیتشە چاوی بە بەختیار بگەوێ، ئەوا تا" گردە

سەرکەشەکانی ئەزمەر"بەرشەقی دەدا، چونکە هیچی لە رەگەزی مرۆیەکی ئاری یان مرۆڤی باڵا، ناکا!!

کەفوکوڵی ئەم"پوپیلانە"لە دژایەتی نیتشە بۆ سۆسیالیزم دادەمرکێتەوە، چونکە بەختیار ئەوەندە لە مارکسیزم قەڵسە، لە گفتوگۆیەکیدا لە گۆڤاری رامان، لەبری ئەوەی رژێمی فاشیستی بەعس بە رژێمی فاشیستی ئەلمانی بشوبهێنێ، بە دەسەڵاتی سۆڤێت شوبهاندویەتی و وەک لایەنگیرانی تیئۆری (تۆتالیتاریزم) هەڵویست وەردەگرێ گەرچی لەوانەیشە نەزانێ ئەمانە کێن و چییان گوتوە!!

نیتشە لە(Nachgelassene Fragemente, Herbst1869-1872)دا دەنووسێ: (فێرکردنی هەرە گشتی، واتە بەربەرییەت و بە هەمان شێوە پێشمەرجی کۆمۆنیزمە!(

کۆمونیزم و بەرفراوانکردنی رۆشنبیری لەناو خەڵک، کۆتایی رۆشنبیرییە! ئەمەیە شاعرییەتی زمان و رۆشنبیری"هزرڤانی هەرە گەورەی مێژوو"َ؟ ئایا ئەم دەربڕینە، چەند بێ لایەنانە نووسراوەو بیری لێکراوەتەوە؟ ئاخر هەر ئەم بۆچوونانەیە کە"فەیلەسوفە"کوردەکانی سەرسام کردووە و بەدوای کەوتوون و هەوڵدەدەن خەڵکیشی بۆ رێکبخەن!

لە کتێبی (Der willen zur Macht)کە لایەنگرانی بە شاکاری نیتشەی دەزانن، نووسیویەتی: (دەبێ لە پەیوەندی هەموو فۆرمەکانی گەندەڵی تێبگەین و لە تەکیاندا، گەندەڵی مسیحییەکانمان لە بیر نەچێت(باسکاڵ وەک نموونە)، بە هەمان ئەندازە گەندەڵی سۆسیالیستە-کۆمۆنیستەکان(دەرئەنجامی مسیحییەت)وبەرزترین کۆنسێپتی کۆمەڵایەتی سۆسیالیستەکان، نزمترین ئاستە لە رێکخستنی کۆمەڵگەکان. لێرەدا نابێ رێککەوتن بکرێ: لێرەدا دەبێ سەربڕین، لەناوبردن و جەنگ بەرپا بکرێت-ل39)یان لە بەشی1003ی هەمان سەرچاوەدا، بەرزنرخاندنی جەنگ یەکێکە لەو خەسلەتانە کە نیتشە بە((بەڵێ)) وڵام داوەتەوە.  گروپی رەهەند لێرەوە سەرچاوە و ئیلهامیان وەرگرتووەو بەو ئەقلییەتەوە لەبەرامبەر بزووتنەوەی شیوعی رادەوەستن و بە هەستی نیتشەو هایدەگەرییەوە مامەڵە دەکەن، ئاخر نیتشە پێی وایە: (هەست ناسکی زۆربەی مرۆڤەکان، نەخۆشی و ناسروشتییە-هەمان سەرچاوە، بەشی52(

"بلیمەتی" نیتشە لەمەش راناوەستێ و داهێنانەکەی بەم شێوەیە دەردەبڕێ: (تیئۆری داهێنان: شێتەکان، تاوانبارەکان، ئەنارشیستەکان، هەموو ئەمانە چینی چەوساوە نین، بەڵکو فرێدراوی کۆمەڵگای تا هەنوکەی هەموو چینەکانن). جیهانی نیتشە نموونەی بیری تاوان و دڕندایەتییە بە

هەموو رەهەندەكانییەوە و دەتوانین بە ئاسانی دیاریبكەین، بە بێ ئەوەی بگەینە ئاستی زۆر باڵای گیزندلگەلێك وەك گرووپی رەهەند، هەر ئەوەندە بەسە بزانین نیتشە چیتری لەبارەی جەنگ راگەیاندن دەڵێ: (راگەیاندنی جەنگ لەلایەن مرۆڤە باڵاكانەوە لە دژی جەماوەر، پێویستە...-بەشی861)

لەوانەیە هیتلەر بەقەد نیتشە جەنگخواز بێت و بە پیرۆزی بزانێ، چونكە بەشانازییە دەنووسێ(بەهەشت لە ژێر سێبەری شمشێرەكانە-هەمان سەرچاوە، بەشی452)! كاتێ ئەو مەرگی خوا رادەگەیەنێ، ئیدی باسی كامە بەهەشت دەكا؟ هەروا دەبێ بپرسین كام خوا مرد؟! شوێنی مردنی لە كوێیە؟ !

نیتشە بە زمانێكی" زۆر فەلسەفی و سەربەخۆ" راگرتنی سیستێمی كۆیلایەتیش بەرزرادەگرێ و دەنوسێ: (ئەگەر ئەوە راست بێت كە یۆنانییەكان لەبەر راگرتنی كۆیلە، خاپووربوون...ئێمە بەهۆی نوقسانیمان لە كۆیلە، لەناودەچین-هەمان سەرچاوە)

هەڵویستی نیتشە لەبارەی ژنانەوە، "داهێنانێكی گەورەیە"و شایەنی ئەوەیە،"عولەما"كانی گرووپی رەهەند شوێن پێی هەڵبگرن! ئەوەتە دەنووسێ: (ژن شایستەی هاورێتی نییە، چونكە لە خۆشەویستی بەولاوە، شتێكی تر نازانێت) یان: (كاتێك دەبینم پیاوێكی خانەدان ژنێكی لاژك و پاپۆكەی هێناوە، حەز دەكەم زەمین قوتم بدات.)...(خۆشبەختی پیاو وابەستەی ویست و ئیرادەی خۆیەتی، بەڵام خۆشبەختی ژن بە ئیرادەی پیاوەوە بەندە)!...(لە دواییدا: مێینە! نیوەی مرۆڤایەتی لاوازەو نموونەی نەخۆشییە...-هەمان سەرچاوە!)

پێدەچێت ئەو بلیمەتانە هەر تەنها گوتەی نیتشە(ئەگەر چووی بۆ لای ژن، قامچێكەت لەگەل خۆت ببە)، دەزانن و ئیتر دەتوانن لێی ببوێرن یان پاكانەی بۆ بكەن، بەڵام پرسیارێك خۆی دەسەپێنێ و دەبێ بكرێ: ئایا لە خراپترین دەقی كۆمونیستەكان(شیوعییەكان)، هەڵویستی ئەوەندە خواروخێچ و نزم نووسراوە؟ !!

نیتشە لە دوا دەقی"شاكار"ەكەیدا نووسیویەتی: (ئامانج مرۆڤایەتی نییە، بەڵكو مرۆڤی باڵایە)

ئەم بۆچوونانە سەرچاوەی ئەو ژەهرەیە كە گرووپی رەهەند لەناو ئەم خەڵكە كە بە بۆچوونی نیتشە نزم و بێ كەڵكن، بڵاودەكەنەوە، بەداخەوە كەسانی وا نزم و سووك هەن كە بە ئومێدیان دەزانن، جا ئومێدێك ئەم قوتابخانە دڕندەیە بێت، دەبێ چییان لێ چاوەڕوان بكرێت؟!

لۆکاش لە(وێرانکردنی ئەقڵ) دەنووسێ: (لە میرشکۆفسکی و گیدە تا شپێنگلەر، بێملەر و رۆزنبێرگیش، هیچ رەوتێکی کۆنەپەرەستانە لە سەردەمی ئیمپریالیزم نییە، فێرکارییەکی گرنگی-نیتشە-یان، وەرنەگرتبێ). فاشیستەکان تاوەکو ئیمرۆ، نیتشە بە نموونەی باڵای بیرکردنەوەیان دەبینن و فەلسەفەکەی رێک، فەلسەفەی سیاسییانەو بەراستیش بۆچوونەکانی هیچ گومانێکی نەهێشتووەتەوە لە بارەی شێوەی رێکخستنی جیهان: دەسەڵاتی دەستەبژێر، زەبروزەنگ و جەنگ، دژایەتی کۆمونیزم، کۆیلەراگرتن، دژایەتیکردن و لەناوبردنی هەر درووشم و خواست و مەبەستێک وەک یەکسانی بەمانا شیوعییەکەی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی...هتد !

پرۆفیسۆر ڤێکتۆر فاریاس12ساڵ لە ژیانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی مارتین هایدێگەر تەرخانکردو لە پایزی1987دا وەک کتێبێک لە ژێر ناوی(هایدیگەر و ناسیونال-سۆسیالیزم)بە زمانی فەرەنسی لە پاریس بڵاوکردەوە. بەم بۆنەیەوە، رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی نووسیبووی: (کتێبەکەی فاریاس تەقینەوەیەکە، ئەوەش نا لەبەر هێرشکردنەکەی، بەڵکو لەبەر بەهێزی). ئارنۆڵد شویلزیل لە ووتارێکدا دەنووسێ(هیچ چاپخانەیەکی ئەڵمانیا ئامادە نەبوو ئەو کتێبە لەچاپبدەن-یونگە ڤێلت،25.5-). بەڵام لەپاش11ساڵ بە زمانی ئەڵمانی بڵاودەکرێتەوە. بەداخەوە پێشەکی چاپە ئەڵمانییەکەی لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی بەناوبانگ(یورگن هەبەماس)ەوە نووسراوە، چونکە، بە بۆچوونێکی، هەموو رەنجی(فاریاس)ی بەبا داوە! هەبەماس دەنووسێ: (بەرهەمەکانی هایدیگەر دەمێکە خۆیان لە کەسایەتییەکەی جوداکردووە.-ل.12-)! ئایا بەراست مرۆڤ لە بەرهەمەکەی جوێ دەکرێتەوە؟! بەرای من، چەندە محەمەد لە قورئان و دامەزراندنی دەوڵەتەکەی جوێدەکرێتەوە؛ سەددام لە بیری نەتەوەیی عەرەبی یان تاوانی ئەنفال؛ سەرمایەداری لە سیاسەتی داگیرکردن؛ بریشت لە بیرو مێژووی کۆمونیستەکان جوێدەکرێنەوە؛ هەر ئەوەندەش دەکرێ، بەرهەم و کەسایەتی هایدیگەر لە بیرو دەسەڵاتی ناسیونال-سۆسیالیزمی ئەڵمانیا، جودا بکرێ .

)فاریاس) لە سەرتاسەری کتێبەکەی و لە دارشتنی پوختەی تێزە سەرەکییەکەیدا، زۆر بە وردی لە بارەی بیروبۆچوونی پێشینەی هایدیگەر دەنووسێ و ئاماژە بۆ شێوەی بیرکردنی ئۆتۆرتێت، ئەنتی سمیت و ناسیونالیستی توندرەوەکەی دەکا کە پیرۆزی بە وڵات دەدا-تێکستەکانی لە ساڵی1910-یا ئاماژەکردن بە ئەندامبوونی هایدەگەر لە ریزی(حیزبی ناسیونال-سۆسیالیستی کرێکاری ئەڵمانی)دا، دەربڕینێکی پێشنەبینی ئۆپۆرتۆنیستی یان بەناچاری تەکتیکی، نەبووە، بەڵکو پێشتر، واتە پێش ئەوەی سەرۆکایەتی کۆڕی زانکۆی فرایبۆرگ بەدەستەوە بگرێ و لە پاشاندا بە

تەواوەتی سەرۆکایەتی زانکۆ و ئەندامبوونی لە حیزب، هەستاوە بە هاندانی سیاسی- پراکتیکی بە مانای ناسیونال سۆسیالیستەکاندا؛ رەنج و کۆشیشی داوە بۆ ریفۆرمکردنی ناسیونال سۆسیالیستی زانکۆ(ل40)؛ پێکەوە لەگەل(روزنبێرگ)و پایەبەرزانی تری ناسیونال سۆسیالیزم و هانز فرانک(کۆمیساری دادپەروەری رایخ)کاریکردووە بۆ گۆڕینی(یاسای رومی) بە(یاسایەکی جەرمانی)؛ پێکەوە لە گەل گۆبلز، رۆدولف هێس و ئەلفرید رۆزنبێرگ لە(خوێندنی باڵای سیاسەت لە بەرلین)بەشداری لە سمینارەکان کردووەو لە لانی کەمەوە تا ساڵی1935درێژەی پێداوە.

هایدێگەر تا ساڵی1953دا نەک تەنها بەرپەرچی پێداچوونەوە لە بڕوای بە>>ناوەکی حەقیقەت و گەورەیی<<ناسیونال سۆسیالیزم نەداوەتەوە، بەڵکو هەروا ئامادەنەبووە بە روونی و بە دووبارەوە رەفزیکردووە لە تاوانە گەورەو بەتێروتەسەلە لەبەرچاوەکانی رژێمی هیتلەر، پاشگەزببێتەوە.(ل44). شایان باسە هایدەگەر تا مردنیشیدا ئامادە نەبووە، تاوانی جینۆسایدی جووەکان(هۆلۆکۆست)مەحکوم بکا. لە گفتوگۆ بەناوبانگەکەی لەگەل گۆڤاری(دێر شپیگل)ی ساڵی1966دا، سەرلەنوێ نازیزم بە"یەکەم هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە پەیوەندی مرۆڤ لەگەل تەکنەلۆژیا)بەرزدەنرخێنێ. لە ساڵی 1934دا، راگەیاندنێک کە لەلایەن هایدیگەریشەوە ئیمزاکرابوو لە رۆژنامەی(فۆڵکشە بیئۆبئاختە)و رۆژنامە گەورەکانیتر بڵاوکرایەوەو تێدا هاتبوو: (زاناکانی ئەڵمانیا پشتیوانی ئیدوەڵف هیتلەر دەکەن)-ل.261 (-

پۆستمۆدێرنە فەرەنسییەکان کە شاگردی(هایدیگەر)ن و لەپێشەوەیاندا(دریدا، لویتارد و فۆکۆ)، بەشداری مامۆستاکەیان لە دەسەڵات و تاوانەکانی نازیزم زۆر بەکورتی، هەڵسەنگاندووە، بەڵام ڤیکتۆر فاریاس بە درێژایی439لاپەڕەی سەرتاپا بەڵگەنامە، سەلماندوویەتی کە ئەو ماوەیە(1927-1976)هەرگیز ماوەیەکی کورت نەبووە !!

فاریاس دەنووسێ: (لە سێنتەری دیکۆمێنت لە بەرلین)، بەڵگەنامەیەکی زۆرو نەبینراو لەبارەی هایدێگەر دەستدەکەوێت؛ لەوێدا شناسنامە حیزبیەکەی بەرچاودەکەوێت و تێدا نووسراوە، کە(( لە1933/5/1لە ژێر ژمارەی 3125894(گاو بادن)بووە بە ئەندام لە حیزبی ناسیونال سۆسیالیستی کرێکارانی ئەڵمانیا و من بە رەگەز ئەڵمانیم و ئازادم لە رەگەزی جوو یا رەشپێست...). شایانی باسە کە هایدێگەر تا1945دا وەک ئەندامی حیزبی ناوبراو ماوەتەوە...هتد(لا.137). هایدێگەر لە دیسەمبەری1944، واتە لەکاتی هەڵهاتنی لە فرایبۆرگی بۆردومانکراوو هەڕەشەلێکراوەوە لەلایەن هاوپەیمانانەوە، بۆماڵی برادەرێکی بەناوی(گیورگ

پیچت) دەڕوات ولە دەفتەری یادوەرییەکەیدا، دەنووسێ: (ئاوابوون جیاوازە لە کۆتاییهاتن. هەر ئاوابوونیک، لەناو هەڵهاتندا بە لەدایکبوون دەمینێتەوە-ل.370)

یەکێک لە وتە بەناوبانگەکانی هایدێگەر ئەوەیە کە وتویەتی:(کاتێ فەرەنسییەک بەڕاستی دەست بە بیرکردنەوە دەکا، بە ئەڵمانی دەپەیڤێ-ل.44-)!. ئێستا، لە پاش پتر لە نیو سەدە دەبێ بڵێن، ئەو بۆچوونە بەئاشکرا زادەی بیری راسیستیی هایدێگەرە، هەر وەک"سۆسیالیستە ئەڵمانییەکان وایە کە لەو باوەڕەدا بوون، مارکس/ئەنگلس گوتەنی:(نەتەوەی ئەڵمان نموونەی تایبەتی هەموو نەتەوەکانە، خوێڕییەکی ئەڵمانی ئینسانێکی بێوێنەیە-مانیفێستی کۆمونیستی،ل.67-)

(دەستپێشخەری سۆسیالیستەکان لە فرایبۆرگ(-ISW-لە ووتارێکیاندا بە ناوی (ئیدۆلۆژیای دیسکۆرس) دەنووسن:(هایدێگەر فەیلەسوفی بەکۆمەڵکوشتنە، وەک چۆن کارڵ شمت یاساناسی بووەو ئیدوەڵف هیتلەریش رێکخەری)

کێن ئەوانەی وا نیتشە، مارتین هایدێگەر و ئەوانیتر بەرز هەڵدەسەنگێنن؟ دەیانەوێ چی بڵێن و بە چی بگەن؟ بۆچی سەرلەنوێ لە کون و قوژبنی زانکۆکانی ئەڵمانیا، ئێران، وڵاتە عەرەبییەکان و لەلایەن چەند کوردێکی"سەربەخۆ و بێ ئایدلۆژیا"، لێکۆڵینەوەو مشتومڕ لە بارەیانەوە گەرم دەکەن؟

بە دەگمەن زانای زانکۆ یا نووسەرو سیاسەتمەدار هەیە، باس لە هایدیگەر بکا، بەبێ ئەوەی هێما بۆ کتێبەکەی فاریاس نەکەن:

لە25/یونی/1933، بەیادی ئاهەنگێرانی (Sonnwendfeier)کە لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم، کارەکتەری شێوە پرۆتێستێکی بینی لە دژ رێککەوتننامەکەی فەرسای، هایدیگەر، وەک سەرۆکی زانکۆ، لە ووتەکەیدا لەبەردەم هەزاران قوتابی و ئاگرێکی گەورە، وتی: (ئەی بڵێسە، ئاگادارمان بکە، رووناکیمان پێبدە، ئەو رێگایە پیشانبدە، کە گەڕانەوەی تێدا نییە!- هەمان سەرچاوە،ل175)

لە نامیلکەی(هیراکلیت)دا گیانی نەتەوە، ئەنتی ئەمریکانیزم-بەو مانایەی ئێستاش- دەردەبڕێ و هێشتا هەر ئومێدی بە سەرکەوتنی هیتلەر دەبێ، هەروا بوونی ئەڵمان بە ئامادەبوونیان بۆ خۆبەکوشتدان لە جەنگی جیهانی دووهەم و لەپێناو سەرکەوتنی فاشییەت دەپێوێ و دەنووسێ: (ئێمە ئیمڕۆ دەزانین کە جیهانی ئەنکلۆسەکسۆنی ئەمریکانیزم بڕیاریداوە، ئۆروپا، واتە وڵات و واتە سەرەتای رۆژئاوا لەناوببەن...هێشتا تاقیکردنەوەی حەقیقی و گەورەی ئەڵمانەکان لەپێشدایە،

ڕەنگە پێی نەزانن کەوا لە دژی ئیرادەیاندا تاقیدەکرێنەوە، داخۆ تەبا و ڕێکن لە تەک حەقیقەتی بوون، ئایا ئامادەبوونیان بۆ مەرگ بە قەت پێویست، بەهێزە...) .

دەمێکە، پێشی دەسەڵاتوەرگرتنی نازییەت،(ئەنتی سمیتیزم) لەلای هایدەگەر ڕیشەی هەبووەو لە نامیلکەی (دەروازەیەک بۆ ناو میتافیزیک، لا28، 1953)دەربڕیوە؛ بۆ نموونە، جوو بە: (جنۆکە)ناودەبا، یا بەم شێوەیە:(ڕێکخراوە بێ زەمینەکانی مرۆڤە ئاساییەکان لە ڕووسیا و ئەمریکا کە گەلی ئەڵمانیان گەمارۆداوە). جگە لەو بۆچوونانە، هایدیگەر بە شێوەیەکی دڕندانە، وەک بڵێی بەخۆی بڕیاری سووتاندن و کوشتنی جووەکانی دابێ، لە1949، لە وتارێکیدا لە شاری بریمن، وتویەتی: (ئێستا کشتوکاڵی بووە بە پیشەسازی خۆراکی مۆتۆریزەکراو، لە جەوهەردا، وەک فابریکاتسیونی لاشەکان لە ژووری بە گازکوشتن و ئۆردوگاکانی لەناوبردن، هەمان شتە، وەک ئابلۆقەدان و برسیکردنی وڵاتان و هەمان شتە وەک فابریکاتسیونی بۆمباکانی ماددەی ئاووی.- هەمان سەرچاوە، ل386))

لە خۆڕا نییە، پرۆفیسۆر(مارتین پوپەر)خەڵاتوەرگری کتێبخانەی ئەڵمانیا لە1953گوتویەتی: (هایدیگەر: هیتلەری هزرە)!؛ یوئاخیم بروین ناوی وتارێکی دەنێ: (فەلسەفە بۆ لەکەدارکردنی گوڕستان-مەبەستی ئەوەیە، نازییەکان گۆڕی جووەکان بە ڕەنگ، سمبول و وتەی خۆیان، لەکەدار یان وێران دەکەن)

لە 28ی ئۆگۆست/1947، هیربەرت مارکۆزە نامەیەک بۆ هایدیگەر دەنووسێ و داوای لێدەکا پاشکەزی خۆی ڕابگەیەنێ لە نازییەت یان لە کوشتنی ملیونان جوو، ئەویش بەم شێوەیە لە 1948/1/20 وڵامی دەداتەوە: (...چەند سەختە گفتوگرکردن لە گەل مرۆڤێکدا کە لە1933وەوە لە ئەڵمانیا نەبووەو سەبارەت بە سەرەتاو کۆتایی بزووتنەوەی ناسیونال سۆسیالیست حوکمدەدا. هەروا سەبارەت بە ئیلتزامییەوە بە ڕژێمی نازی دەنووسێ:<<لەبارەی خاڵی سەرەکی نامەکەتان دەمەوێ ئەمانەی خوارەوە بڵێم: لەبارەی1933: من چاوەڕوانی ئەوە بووم لە ناسیونال سۆسیالیزم نۆژەنی ڕۆحی بکا بۆ هەموو ژیان، ئاشتبوونەوەی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان و بوونی ڕۆژئاوا لە مەترسی کۆمونیزم ڕزگاربکا. من ئەم بیروباوەڕە لە گوتارەکەمدا بە بۆنەی بوونم بە سەرۆک زانکۆ، دەربڕیوە(هەمووتان خوێندووەتەوە؟) و لە وتاری(جەوهەری زانست)ڕامگەیاندووە-ل372-374)

مارکۆزە، نامەکەی هایدیگەر بە بێ وەڵام ناهێڵێتەوە....

لە پاش روخاندنی دەسەڵاتی نازییەت،ماڵی هایدیگەر داگیردەکرێ و لە زانکۆ دەردەکرێ .

وڵامەکەی هایدیگەر بە نامەکەی هیربەرت مارکۆزەو بۆچوونەکەی لە نامیلکەی(هیراکلیت)ئەوەیە، لەلایەکەوە، چارەنووسی جووەکان پێشی1945لەگەڵ ئەلمانیای رۆژهەڵات لەپاش1945دەشوبهێنی وبە یەکچاو تەماشادەکات. بەم شێوەیە بەربەرییەتی نازیزم وەک بەرپەرچێکی سرووشتی دەنرخێنێ! ئەم هەڵویستە، لایەنێکە لە تیئۆری بیرمەندانی تۆتالیتاریزم کە دەڵێن:(لەجەوهەردا، فاشیزم و دەسەڵاتی سۆڤێتی لێکدەچن-ئۆتۆ ویلز، کارل یوئاخیم-؛ فاشیزم و بەلشەفیزم چومکن- ئۆتۆ ویلز-)؛ لەلایەکیترەوە، هایدەگەر بە زەقی خۆیی رسواکردووە، چونکە لە وڵامی نامەکەی مارکۆزە دەنووسێ:(..ئەوەی لە1945وە روودەدا، لەلایەن رای گشتی جیهانەوە شاراوە نییە، لەکاتێکدا، تیرۆری خوێناوی نازیزم، بە راستی لە بەردەم گەلی ئەڵمانیدا، بە نهێنی راگیرا(.

ئەم بیانووە لەبارەی تاوانە دڕندەکانی نازییەت، لە دەم زۆر ئەڵمانیدا گوێمان لێ دەبێ. بەڵێ تاقە وڵام ئەمەیە: نەمانزانی! نەیانزانی لەسەر دیوارو رۆژنامەو گوتارو رادیوی نازییەت بانگەوازی(هیچ لە جوو مەکڕە) بڵاودەکرایەوە؛ نەیانزانی ماڵ بە ماڵ و کۆڵان بە کۆڵان ودانە بە دانە جووەکاناین دەستگیر دەکرد؛ نەیانزانی کێ لەناو ئۆردوگای قەڵاچۆکردنەکان بەندکراوە...هتد !

ئا بەو شێوەیە، هایدیگەر دەیەوێ بە هەموو ئەقڵییەوە، خۆی و گەلی ئەڵمانی لە تاوانەکانی نازییەت ئازاد بکات!

ئایا ئەنتی سمتیزم، ئەنتی کۆمونیستی و نازیبوونی هایدیگەر، هۆی سەرەکی ئەوە نییە کە(بۆ نموونە)زاناکانی ئیران وەک عەبدوڵلا سروش و رەزا داوەری ئەرکانی-سەرۆکی ئەکادیمیای زانستەکانەو بەلایەنگیری"پۆستمۆدێرنە"حیساب دەکرێ، ئەو بایەخە گەورەیە پێدەدەن؟ ؛ کتێبی(فەلسەفەی هاوچەرخ لە ئۆروپا) لە نووسینی ا.م. بوشنسکی، بە تاقە ووشەیەکیش ئاماژە بۆ نازییەتی هایدیگەر نەکردووە، بە پێچەوانەوە، بەم شێوەیە وەسپی دەکا (بیرمەندێکی زۆر رەسەنە، بۆیە پرسیارکردن لەبارەی کارتێکردنی ئەوانیتر بەسەریدا، بایەخێکی گەورەی نییە.-ل271 .(

تیودۆر ئەدۆرنۆ لە کتێبی(jagon der Eigentlichkeit)ڕەخنەی کەمەرشکێن ئاراستەی هایدیگەر دەکا و فەلسەفەکەی بە فەلسەفەی نازییەت دیاریدەکات. بەبۆچوونی ئەدۆرنۆ، ئەوەی لەلایەن هایدیگەرەوە بە (Seyan)ناودەبرێ، بۆ نازییەت(گەل)و چارەنووسی کۆمەڵە.

فاریاس لە وتارێکدا لە ساڵی1999، بەم شێوەیەی خوارەوە، سەرکەوتنێکی تر بۆ خۆی تۆماردەکا: (سکەنداڵەکە ئەوە نییە کە تا ئەأۆ هیچ"زانایەکی ڕێزدار"لە ئەڵمانیا و ئۆروپا نییە، خۆیی ماندوو کردبێ، لەبارەی زانیارییەکانی ناو ئەو هەموو دوکومێنتە ڕێگەپێدراوانە بە شێوەیەکی شیاو لێکۆڵینەوە بکەن؛ سکەنداڵەکە ئەوە نییە کە پەیمانگە، کۆنگرەو سمینارەکان لەبارەی ئەو بابەتانە کە بەهۆی کتێبەکەی منەوە ئەکتوێل بووە، بۆ ئەوەی لە گفتوگۆکردنەکاندا بەشدارینەکەم، بودجەکەیان خەرجدەکەن، و هەروا سکەنداڵەکە ئەوە نییە کە ڕۆژنامەیەکی"لیبراڵ"وەک فرانکفۆرتە ئەلگماین و ڕۆژنامەی(نۆیە تسویرش) ئەو مافەم پێ ڕەوا نابینن، وڵامی ڕەخنەگرەکانم بدەمەوە، تەنانەت دەزگای بڵاوکردنەوەی(ئەڵمانی، ئیسپانی و مەکسیکی)یش ڕەفزدەکەن، کارەکەم بڵاوبکەنەوە...نەخێر، سکەنداڵەکە ئەوەیە، یاخییەکی"جیهانی سێ"(گی ڤاتیمۆ)، ئارەزوومەند بڵاوکردنی"بابەتی سەرەنجڕاکێش"؛ (ئیرنس نۆلتە): متمانەی بەخۆی هەیە تف بکاتە ناو شلەی کلتوری ئەڵمانیا و فەرەنسا؛ ئی مارتیناو: بەبێ ئەوەی سەعاتێکیش هایدیگەری خوێندبێتەوە(دریدا). خۆشبەختانە بیروبۆچوونیترهەیە کە نەختێک شتی هۆشمەندانە لەبارەی بابەتەکەوە گوتووە...هتد –Bahamas30,1999-.

هەر لەهەمان ئەو وتارەدا، ئاماژەی کردووە بۆ ڕەخنەی چەند نووسەرێک، بۆ نموونە، ئۆتۆ پوگلەر- دەنووسێ: ئەو کتێبە، ڕقوکینەی کابرایەکی تشیلییە کە بیروبۆچوونی ئەڵمانی و یونانی لەمەڕ فەلسەفە، قبووڵ نییە...هتد)

ڕەچەڵەکی بیروبۆچوونەکانی فەیلەسوفانی"پۆستمۆدێرن"بە پلەی یەکەم، بریتین لە بیروبۆچوونەکانی نیتشە و هایدیگەر، بە تایبەتی لە پەیوەەست بە پەرتووکە هەرە گرنگەکەی یەکەمیان Zu Genealogie Der Moral)لەبارەی ریشەی ڕەوشت –کە درێژەپێدانی کتێبی((Jenseits von Gut und Boese)یە .

لەراستیدا، لەناو جیهانی ئاڵۆز وچڕوپڕی فەلسەفدا، لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکان، باس و ڕەخنەو لایەنگیری لە مۆدێرنیتە و پۆستمۆدێرنە دەکرێ، بەڵام بەداخەوە، بەبێ ئەوەی چوار کتێب

و سەرچاوەی فەلسەفی بەزمانی کوردی شک ببەین؛ ئێمە باس لە زاراوەی پێشکەوتن و مێژوو دەکەین بە بێ ئەوەی بڵێین بە دیدی کامە رەوت و چین و لە چ قۆناغ و بارودۆخێدا!

بەجیا لەوەی مارکسیستەکان چ لەبارەی داڕشتنی ئەم جۆرە پرسیارانە دەڵێن، هایدیگەر- باوکی"پۆستمۆدێرنەکان"- دەڵێ: ئەمێستا ئەرکی ئەقڵ لەوەدا دەبینم، لە سنوورەکەیدا هاریکارییەک بکا کە مرۆڤ، بەگشتی، یەکەمجار بگات بەپەیوەندییەکی زۆر بەرفراوان لەگەل جەوهەری تەکنیک. ناسیونال سۆسیالیزم بەراستی بەو ئاراستەیە رۆیشت، بەڵام ئەوانە لە بیرکردندا، زۆر نەزان بوون، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی روون و ئاشکرا لەگل ئەوەدا دەستکەوێ کە ئەمڕۆ روودەداو300ساڵە بە رێگاوەیە. شبیگل، گفتوگۆ، ل 105...)

بەڕێکەوت، دوێنێ وتارێکی(فۆکۆ)م خوێندەوە بەناوی(ئەنتی ئۆدیب)کە لە عەرەبییەوە بۆ کوردی وەرگێڕدراوەو لە سایتی دەنگەکان لە8/21بڵاوکراوەتەوە. هەر لەم شوێنەدا، دەبێ بڵێم، وەرگێرانەکە هەڵەی سەیری تێدایە-رەنگە هەڵەی وەرگێڕەکە بێ لە فەرەنسییەوە بۆ عەرەبی، بۆ نموونە: 1- بابەتە ئەسلییەکە بریتییە لە6خاڵ، بەڵام لە دەقە وەرگێڕاوەکە کراوە بە7خاڵ!. 2-خاڵە یەکەمەکە بەم شێوەیەیە (Befreie die politische Aktion von jeder vereinheitlichen Paranoia!)، بە کوردی، واتە(کاری سیاسی لە هەر پاڕانۆیەکی یەکگرتوو، رزگار بکە)

(Verweigere den alten Kategorie des Negativen ( das sind Gesetz, Grenze, Kastration, Mangel, Lücke die das westliche Denken so Lange….))
واتە: (زاراوە کۆنە نێگەتیڤەکان قبووڵ مەکە- ئەوانە بریتین لە یاسا، سنوور، پووتی، نوقسانی و درز)کە بیری رۆژئاوا ئەوەندە ساڵە وەک فۆرمێکی دەسەڵات...). نازانم بۆچی وشەی(نالەبار)ی بۆ زیادکراوە. هەروا چەندین هەڵەیتر، بۆ نموونە (Verliebe dich nicht in die Macht!) واتە(ئاشقی دەسەڵات مەبە- رستەکە، کۆ نییە!). لەو هەڵانە گەورەتر، قرتاندنی ئەم پەرەگرافە زۆر گرنگ و مەترسیدارەیە کە بەدواوەی هاتووە: (من خەون بە رۆشنبیرێک دەبینم، بە روونی روخێنەری ئونیفێرسال بێ...)!

هەڵبەت لێرەدا مەبەستی فۆکو ئەو حەقیقەتانەیشە کە زانست بە بەرهەمیان دەهێنێ !

ئەوەی وەک فەیلەسوفێکی"پۆستمۆدێرن"دەنووسیَ(ئاشقی دەسەڵات مەبە)، بۆچی ئەو هەموو بۆچوون و سەرسوڕمانە لەبارەی شۆڕشی ئیسلامی ئیران بە رابەرایەتی ئایەتوڵا ئیمام خومەینی پیشاندەدا ودەنوسیَ؟

بەناوبانگترین گۆڤاری چەپ لە ئەڵمانیا(کۆنکریت)لە ژمارەی مانگی هەشتدا، بە یادی تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر مەرگی فۆکۆدا، پاشکۆیەکی تایبەت سەبارەت بە ریپۆرتاژەکانی لەمەڕ ئیران لە ساڵی 1979دا تەرخان دەکات. هەر بەم یادەوە، رۆشنبیرە ئەکادیمییەکانی ئەڵمانیا ئاهەنگ بۆ سوپەر ستارو بیرمەندی ئۆستای خۆیان دەگێڕن. ناوی پاشکۆیەکە(ئارەزوو بۆ ئازادنەبوون)ە. کاتیَ ئەو وتارەم خوێندەوە، گوتم، ئەگەر فۆکۆ ئێستا زیندوو بوایە، شانبەشانی موقتەدا سەدر یان بن لادن رادەوەستا، وهەر چۆن کاتی خۆی لە قوم گیرسایەوە، ئێستا دووبارە لە ئەشکەوتەکانی تۆرابۆرا دەگیرسایەوە!

(Tjark Kunstreich)لەو پاشکۆیە دەنووسیَ: (فۆکۆ، نەک تەنها ئیسلام بە مەترسی نەدەبینی، بەڵکو بڕوانامەی هێزی شۆڕشگێڕی پێبەخشی)، لەوەش ترسناکتر ئەوەیە، کە بە سەرسوڕمانەوە لەبەردەم(رەهەندی رۆحی)رادەوەستیَ. تا ساڵی1980دا، ریپۆرتاژەکانی فۆکۆ لە ئێران لەژێر ناوی(فەیلەسوفی گەورەی فەرەنسا، داندەنیَ بە سەرکەوتنی ئیسلام)،بڵاوکراوەتەوە. ئەوەی ئاشکرایە، یەک شتە: قوتابخانە ئەکادیمییە جیاجیاکانی رۆژئاوا(نۆمینالیزم، پۆزەتیڤیزم، ئیمپیریزم و فینۆمینۆلۆگی...هتد)وەک دوا یەدەکی بیروباوەڕی ئیدیالیزم، بەوپەڕی تەحزب و بە چەکی ئیدۆلۆژییانەوە، بۆ ئەوە کۆبوونەتەوە، بەر بە بیروباوەڕی مارکسیزم بگرن، دەیانەویَ (سەرمایە و تیوری بەها)ی مارکس/ئەنگلس پوچەڵ بکەنەوە! جا چۆن ئەم کارەیان پیَ چیَ دەکریَ؟ رەخنەکانی دریدا لە کتێبەکەی(تارماییەکەی مارکس)دا، بریتین(بۆ نموونە)لەوەی کە<< ژمارەیەکی زۆر لە"بەهاکانی بەها" بوونیان هەیە<<. ئەمانە چین و تا چ رادەیەک خۆیان"لەنێو"بەهای بەکاربردن و بەهای گۆڕینەوەدا هەن، بە نارۆشنی دەمێننەوە؛ یان بازنەی-W-G-W)کورتکراوی شمەک-پوول-شمەک) لەلایەن مارکسەوە، بە"بازنەی گشتی"دادەنیَ، بەڵام(W-G-W)فۆرمی گشت بازنەکە نییە، بەڵکو فۆرمی بزاوتنی بازنەیەکی ئاساییە....هتد. ئابووریناسی شتێفان گریگات لە وتاری(نیولۆگیزم کۆنترا مارکسیزم)دەپرسیَ(داخۆ-بەهای بەهاکان- چی بێت و تا چ رادەیەک لە"نێوان""بەهای بەکاربردن و بەهای گۆڕینەوە"هەیە، بە نارۆشنی دەمینێتەوە .

پرۆفیسۆر(تێری ئیگالیتۆن) لە وڵامی پرسیارێکی هەفتەنامەی(دی تسایت)دا دەڵێ: (هێشتا تا ئیمرۆ روون نەبووە، ئەو(پۆست)ە_پۆست فێمنیزم تا پۆستبونیادگەری)دەیەوێ چ بڵێ: ئایا مۆدێرنەمان بەجێهێشتووە؟ یان تەنها چەند لایەنێکی؟. کاتێ(دی تسایت)ئاماژە بۆ بۆچوونی بیرمەندی زانست(برۆنۆ لاتۆر) دەکات کە گوتویەتی:(ئێمە هەرگیز مۆدێرن نەبووین)، لە وڵامدا دەڵێ: (هەندێ لە بیرمەندانی پۆستمۆدێرن لەو بڕوایەن کە ئێمە هەمیشە پۆستمۆدێرن بووینە. بەڵام لەراستیدا زۆر سەختە بگوترێ پۆستمۆدێرن چییە-قۆناغە؟ بارودۆخی هوشیارییە؟ بەشێکە لە تەکنیک؟ میتۆدە؟ بیرۆکەیە؟). لە رووداماتە ئەگەر لە ژێر ئەو زاراوەیە، قۆناغێک تێبگەین...دریدا لەم پرسیارە بەدووپاتکردنەوە خۆی دوورەپەرێز راگرتووە (....

لۆرین گۆڵدنەر دەنووسێ: زاراوەی(Dekonstruktion)، بۆ یەکەم جار لە گۆڤارێکی نازییەکان کە تایبەت بووە بە بواری دەروونییەوە، بەکارهێنراوەو، زاراوەی(لۆگۆسێنتریزم)لە بیستەکاندا لەلایەن بیرمەندی فاشیست- لودڤیک کلاگە-وە داڕێژراوە.)

هایدیگەر لە(بوون و زەمەن)دەنووسێ: (تەنها لە ئازادبوون بۆ مردن، راستەوخۆ ئامانج بە بوونەوەر دەدرێ و بوونیش دەگاتە کۆتایی). ئەمە هەمان بۆچوونی ئەو ئیسلامییانەیە کە دەڵێن(ئێوە ژیانتان دەوێ، ئێمە مردن)و هۆی سەرسووڕمان و پێهەڵدانی فۆکۆ نییە بە شۆڕشی ئیسلامی ئیران؟...

تیئۆری((خودی پەتی))ناوکی تیئۆری هایدیگەرە و هەر ئەوەش بوو وای لێکردبوو ببێ بە فەیلەسوفی حیزبی نازی و هیتلەریش بە بەرجەستەکردنی حەقیقەتی ئەلمانی دەزانی، بۆیە دەڵێ: (تیئۆری و هزرەکان مەکەن بە بنەماو رێسای ئیمرۆ و دوارۆژی بوونتان. فۆهرەر-هیتلەر-بە تەنها حەقیقەتی ئەلمانیا و یاسایەکەیەتی-لە مرۆڤی هاوچەرج لەلای مارکۆزە، ل32-)

ئیمرۆ فەلسەفەی ئەلمانی خۆی چەکدارکردووە و ئەو مێژووە پڕ تاوانە، سلۆدەردایکی بەرهەمهێناوە و ئەو کوردە"پوپیلانە" لە مەراسیمی"ناشتنی" مارکسیزمدا، باسی لێدەکەن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە سلۆتەردایک لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و چی دەوێ؟

لە 1997دا لە بازل(سویسرا)ئاهەنگی هومانیزم رێکدەخرێت بەناوی(رێگای تازەی هومانیزم). لەوێ سلۆتەردایک وتارێک بەناوی(رێسایەکی نوێ بۆ پارکی مرۆڤ) پێشکەشکرد. ئەم وتارە وەک وڵامێک بۆ نامەی هومانیزم و دەستپێکردووە بە پێناسەکردنی هومانیزم وەک خوێنەر-نووسەرو

کلتووری نامەنووسی و ئەفلاتۆن(پۆلۆتیکا)و نیتشە(زەرادەشت وای گوت)و هایدەگەر(نامەکان لەمەر هومانیزم، تێبینییەکانی1946)دەکات .

لەو ئاهەنگەدا دەبێت بە مشتومڕێکی توندو ئابرووچوونی سلۆتەردایک و لە1999درێژە بەو ئابرووچوونە دەدا کاتێک لە ئاهەنگی یادکردنەوەی هایدێگەر لە تەلاری(ئەلمەوە)کە خاوەنەکەی سەر بە فاشیستەکانە، ئەو وتارە دووبارە پێشکەشدەکاتەوە. بەم بۆنەیەوە 16فەیلەسوف و دوو تیولۆگ مێوانداری دەکرێت و رەخنەگرەکانی وەک راڤەکەرو درێژەپێدەری نامەکانی هایدەگەر ناوی دەبەن و چەندین رۆژنامە و گۆڤاری جیاجیا، کۆمێنتاری خۆیان لەبارەیەوە بڵاوکردەوە:، لەوانە بۆ نموونە:

راینەر شتێفان(زوید تسایتونگ، 1999/7/29)دەنووسێ: (ئەوە فۆرمێکە وەک مرواری، بەڵام لە مەبەستدا لە ئاژەڵێک کەمتر نییە)

لەوێدا راینهارد مۆر کە نە لە دوورو نە لە نزیکەوە پەیوەندی بە شیوعییەکانەوە نییە لە گۆڤاری(دێر شبیگل، 1999/9/6)دا دەنووسێ: (وتارە نوێکەی سلۆتەردایک، هەڵگری پەیامی ئیتۆری فاشیستییە...لەم مەیانەدا سلۆتەردایک رێگری لە بەرپرسی سیمنارەکانی(تەلاری ئەلمەوە)کرد، وتارەکەی چیتر بڵاونەکاتەوە وبە خۆیشی نایەوێ لە بارەیەوە هەڵویست وەربگرێ. زمان و بەڵگەکانی تەکنیکی هەڵبژاردنی جینات بە سەرپەرشتی ئیلیتەی کلتووری، دەنگی فاشییەتی لێ بەرزدەبێتەوە). ئەگەر ئەم وتارە پێشی10ساڵ بڵاوبکرابا، تورەیی و بێزاری راگەیاندنەکانی لێ دەبووەوە...) شایانی باسە، لەگەل ئەو وتارەدا، وێنەی کۆبوونەوەی نازییەکان لە لایبزگ ساڵی1933کە هایدێگەر تێیدا بەشداری کردبوو، بڵاوکراوەتەوە)

سلۆتەردایک لە(وتاری ئەلمەوە)دا، راستەوخۆ ویستی تەکانێک بە ویست و ئارەزوو و بۆچوونی نیتشەو هایدێگەر بدا کە خۆیان لە"دەسەڵاتە ناحیزبی و نائیدۆلۆژی و سەربەخۆ و ئەکادیمییەکەی هیتلەردا" بەرجەستەکردو ئێستا بەختیار عەلی و چەند نووسەرێک لە گۆڤاری نما لافی ناحیزبییەتی لێ دەدەن!

هەر ئەو وتارە وای لە(دیتلف هاتمان)بکات وتارێک لە ژێر ناوی(بەربەرەکانی سەدەی بیست و یەک لە کوێن)بڵاوبکاتەوەو تێیدا هاتووە:(سلۆتەردایک لە پێکهێنانی فۆرمێکی جیهانگیردا، رێبازێکی زۆر نوێ لە رەگەکانی(ئیرادە بۆ دەسەڵات)کە بە فۆمێکی نوێی فەلسەفەی سیاسی، تەکنەلۆژیای

سیاسی و ئابووری سیاسی داناوه و مەبەستیشی کارتێکردنی دووره لە پێناو دوارۆژی دەسەڵات بۆ ئۆروپاو جیهان بە هەمان مانا هایدەگەرییەکەی و لێرەشدا بە رێکوپێکی لە گەل نیتشە گرێی داوه.)...

ریساکانی سلۆدتەردایک بۆ((پارکی مرۆڤ))دوورکەوتنە لە هومانیزم، واتە بە بۆچوونی ئەودا(...مرۆڤ لە ئاستی مرۆڤدا زەبروزەنگی بەتین پێکدەهێنێت...بەرەو سەرلەنوێ ئاراستەکردنی پرسیاری"چاندنی مرۆڤ" و کراوەیی بۆ پرسیاری ئەنترۆتەکنیک... کاتێ نیتشە سەبارەت بە کۆنسێپتی"مرۆڤی باڵا"دەدوێ، ئەوا بە قووڵی لەبارەی جیهانی کۆن و بەسەر ئێستامانداو دوورتر، بیری کردووەتەوە)

کاتێ هەبەماس ناوی بە(کۆنزەرڤاتیڤی لاو)دەبا و بە(بیۆتەکنیکێکی بێ زیان نییە؛ دەیەوێ رێزی لێ بیگیرێت، بەڵام بەخۆیشی ناشرینانە لەگەل رەخنەلێگرەکانی مامەڵەدەکات..)سلۆتەردایک بەمە ناڕەحەت دەبێ و دەڵێ: (فەتوایەک دراوەو لە-شتارنێرگەوە-شوێنی لەدایکبوونی هەبەماس-)رێکخراوە،...من قوربانی راگەیاندنی چەپە فاشیستەکانم...ئەوانە بە هەڵە لە من تێگەیشتوون!)

لە وتارەکەی(تەلاری ئەلمەوەدا) نووسیویەتی: لە تاریکایی بێ نموونەی ساڵانی پاش1945دا، مۆدێلی هومانیزم جارێکی تر، چرۆی نوێی گرت). مێژووناسی جوو(ساول فریدلەندە)داوای لە سلۆتەردایک هەڵویست لەبارەی ئەو بۆچوونە وەربگرێت، بەڵام ئەوەی بەرپەرچدایەوە. پاش دوو رۆژ، مێزگردێکی نائاسیی رێکخرا، بەڵام ئەو لەیەک"تێنەگەیشتنە" راستنەکرایەوە و فریدلەندە، وەک پرۆتێست، پێشوەخت مێزگردەکەی بەجێهێشت.

ئایا خەڵکی کوردستان پێویستیان بە فەیلەسوفانی جەنگ، رەگەزپەرەستی، کۆمەڵکوژی، دژایەتکاری شیوعییەت و ژنان، راگرتنی کۆیلایەتی و بنیاتنانی دەسەڵاتی نوخبە هەیە کە ئەو گیزندلانە دەیانەوێ بەناوی زانست، شاعیرییەت، بێ لایەنی و جوانناسییەوە دەرخواردی خەڵکی کوردستان بدەن؟

هەرگیز نەخێر!

باسکردن لەو رەوتە زۆر هەڵدەگرێت و لەدواییدا رسواکردنی ئەو"سەربەخۆو بێلایەن"انە، پێش کۆمونیستەکان، ئەرکی هەموو مرۆڤدۆستێکی ئازادیخوازە، و هەر لەم سونگەیەوەو وەک دەڵێن(هەر کەسێ بۆ لەیلای خۆی دەگرێ)، ئەم بەشدارییەم کردو دڵنیام ئەو"گیزندلانە"چەندیتر

ژەهری دژ بە مارکسیزم بڕێژن، بەڵام هەرگیز ناتوانن ببن بە لەمپەر لەبەردەم خەبات و مێژووی کۆمۆنیستەکان)و...تا بەدیهێنانی(هەر کەسێ بە قەت توانای، هەرکەسێ بە قەت پێویستی)!

## چەند سەرجێک لەبارەی کتێبی 13گفتوگۆ لەگەل بەختیار عەلی

وەک دەزانم، بەختیار عەلی لە ئەلمانیا(شاری کوێلن)دەژێ و رۆژانە دەتوانێ لەوێ بە چاوی خۆی سەدان سواڵکەر، لانەواز، هەژار، شێتی سەر شەقامەکان و ژنانی ناچارکراو بە لەشفرۆشی ببینێ. هەروا لەوانەیە بەختیار ئاگاداری هەبێت لە ژیانی سەخت و رێژەی بێکاران، هێزی "کاری رەش" و ئاستی ژیانی ئەو کرێکارانە کە لە کۆمپانیەکانی (Leiharbeitfirma)کاردەکەن یان رێژەی ئەو کەسانە کە ناچارکراون یارمەتی کۆمەڵایەتی وەربگرن .

**ئەوجا با بزانین ئەو بلیمەتە چۆن لە دیموکراسی تێگەیشتووە:**

لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەل شوان ئەحمەد بۆ رۆژنامەی هاوڵاتی((دەبوو ژمارەو برواری چاوپێکەوتنەکەی بڵاوبکردبا))، لاپەڕە 135-136، دەڵێ: (گەر ئەوەی پێی دەگوترێ دیموکراسییەت هەموو دەسەڵاتی بەخشی بەچەند کەسێک و خستنیە سەروو قانوونەوە، گەر کۆمەڵگایەکی درووستکرد، کۆمەڵێک منداڵ تیایدا لە جوانترین پۆشاک، ئۆتۆمبیل و کۆشکدا بژین، تازەترین یاری کۆمپیوتەر بکەن، لە قوتابخانەی تایبەتیدا بخوێنن و سەدان هەزار منداڵی تر ببن بە عەلاگەفرۆش، ئاوفرۆش و شقارتەفرۆش. گەر ئەم دۆخەمان ناونا دیموکراسییەت، واتە هەموو ناشیرینی و دزێوییەکانی دونیای خۆمان ناوناوە دیموکراسییەت. گەر دیموکراسییەت ئەمە بێت، ئەو کات ناتوانێت خەڵ کانی سەرجادە، دۆستەکانی و دوژمنەکانیشی قەناعەت پێبکات. ئەوکات هێزی ئەوەی نابێت، نە لەگەڵ تیرۆردا، نە لەگەڵ فاشیزمدا، نە لەگەڵ بەعسدا، نە لەگەڵ هیچ داگیرکەرێکی تردا بجەنگێت).

ئایا ئەوە نەزانی نییە گەر کەسێک لە ئەلمانیا بژێ و بەو شێوەیە لەبارەی دیموکراسی بدوێت؟

ئاخر لە ئەلمانیاشدا، خاوەن سەرمایەو بۆرژوا بچوکەکان منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە تایبەتییەکان دەنێرن و"ئامۆژگاری"بەختیار دەکەم، عەسرانێک پیاسەیەک لە سەنتەری شاری کوێلن بکات تا بەچاوی خۆی سواڵکەرو ئەوانەی لە ناو تەنەکە زبڵەکان بۆ هەر چییەکی بەسوود دەگەڕێن، بەچاوی خۆی ببینێ((من بەخۆم نزیکەی 300وێنەم گرتووە بۆ ئەو مرۆڤانەو حەزدەکەم لە پێشانگایەک پیشانیان بدەم، بەڵام تا ئێستا پێم نەکراوە- ئەتوانن لە فێسبوکەکەم بیانبینن))؛ با سەردانی سانپاوڵی بکات لە هامبۆرگ، تا بەچاوی خۆی ببینێ چۆن منداڵەکان لەبەردەم دوکانەکانی لەشفرۆشی راوەستاون و بەڕەش لەشفرۆشی دەکەن. بەڕاست"بیرمەندەکەمان"دەزانێ ژنە ئەلکوهولییەکان منداڵە ساواکانیان لەگەڵ خۆیان بۆ شوێنی کۆبوونەوەی ئەلکوهولیکەکان دەبەن؟؛ ئایا دەزانێ رۆژانە هەزاران منداڵ، کۆرپە، کچ و ژن لەسایەی دەسەڵاتی دیموکراسی رووبەڕووی کوشتن، سەربڕین، خۆکوشتن، زەوتکردن و لێدان و سووکایەتی دەبنەوەو لەسەر رووی رۆژنامە و گۆڤارو لە شوێنی ریکلامی سەر شەقامەکان تەنها بۆ ئاستی لەش دەهێنرێن؟

بڕوا ناکەم"بیرمەندەکەمان"ئاگای لەو بارودۆخانە یان بارودۆخ و ژیانی پەنابەرە"ناشرعییەکان"لە وڵاتانی ئۆروپا و ژمارەی زیندانەکانی دیپۆرتاتسیونی زۆرەملێی پەنابەران لە ئەلمانیا هەبێت(دەتوانێ لە سایتی دەربەندیخان ناونیشانەکانیان وچەند وێنەیەکیان ببینێ) دەنا بەو شێوە نەزانییە لەبارەی دیموکراسی نەدەدوا! لەدواییدا پێشنیاردەکەم، ئەو برادەرە سەردانی سەنتەر، بنکەو نەخۆشخانە دەروونییەکان بکات، تا بزانێ چەندین هەزار شێتکراو لە ناو ئەو زیندانانە دەژێن، بە خراپیشی نازانم گەر زانیاری بەرفراوان بکات لەبارەی ئەو کەسانە کە ناچارکراون، ((تیراپی- چارەسەری دەروونی)) بکەن !

وەک دەبینن، بەختیار عەلی وەک نەخوێندەوارێک لەبارەی دەسەڵاتی دیموکراسی دەدوێت، کەچی سەلاح ئەحمەد لە ئاوێنە، ژمارە 21، لاپەڕە 12لە 2006/5/30دا دەنووسێ(بەختیار عەلی رووداوە. بەختیار عەلی"رووداوە"، بەو مانایە کە کۆتایی بەسەردەمێک دێنێ و سەرەتای سەردەمێکی دیکە دروستدەکات...بەختیار عەلی تەنها نووسەرێک نییە لەناو نووسەراندا...یان نووسەرێکی دوای راپەڕین...یان یەکێ لە چاکترین نووسەرەکانی کورد...یان نووسەرێکی کەم وێنە لەناوچەکەداو هەتا دوایی لەم قسە ئیستهلاکییە رۆژنامەوانییانە، بەڵکو بەختیار عەلی رووداوێکە توانای گۆڕینی بیرکردنەوەو شێوازی ژیانی هەیە)

ئەوەیە کارەسات، لافاوی جەهل بە رووداو بناسرێت !

"بیرمەندەکەمان"، حزبی بەعس بە فاشیست ناناسێ، بۆیە لەو پەرەگرافە کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکردووە بەجیا لەیەکتر دەنووسێ((نە لەگەل فاشیزمدا، نە لەگەڵ بەعسدا))، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە بەعس لە هەموو روویەکەوە، حزب و بیر ودەسەڵاتی فاشیستی بوو.

لە چاوپێکەوتنەکی بەختیار لەگەل شوان ئەحمەد بۆ رۆژنامەی هاوڵاتی(کتێبەکە، لاپەڕەی115-144بڵاوکراوەتە)ولە وڵامی پرسیارێکدا، ئاماژە بە هەرێمی دڵخوازی خۆی دەکات: (لەژێر ئەم تەوەرەدا رەخنەگرتن لە ناسیونالیزم، مارکسیزم و ئیسلامی سیاسی بەرقەرار دەبێت. کە سێ ئایدیای دەرەکین و لە دنیای ئێمەدا لە رووی فیکرییەوە لە نزمترین ئاستی ئیشکردنی خۆیاندان، بەڵام لە رووی ئامادەگی سیاسییەوە رێگری یەکەم بوون لە پێش لەدایکبوونی فیکرێکی تیوری کە لەسەر واقیعی کوردی ئیشبکات)

پێشەکی دەبێ ئەم پرسیارە بکەم: چۆن یەکێ دەوێرێ رەخنە لە مارکسیزم بگرێ، بەبێ ئەوەی10% ئەدەبی مارکسی هێشتا بە زمانی کوردی رەنگی نەداوەتەوە؟

200ساڵە مەرگی مارکسیزم رادەگەینرێت؛ هەوڵ و تەقەڵای سێنتراڵی سەرجەم ئەو فەیلەسوفانە کە بەختیار بەدەستی 2 و سێ و بە سەقەتی خۆیی پێ تەیار دەدا، تا ئیمرۆ هەر رەخنەگرتنە لە بیرو بۆچوونەکانی مارکس و ئەنگلس، بەڵام ئەو هێشتا نازانێ گۆڕەپانی هێرشی"ئوستادەکانی"بە پلەی یەکەم لەبارەی کام تێزو هەڵویست و بۆچوونەو تەقەی سەری دێت لەبارەی((کەپیتاڵ)). ئەمە بۆخۆی"لە دنیای ئێمەدا" کێشەیەکی زۆر گەورەیەو نیشانەی ئەوەیە، برادەرەکەمان فرەبێژییەکی بێەروبەری زۆر ئەکات!

رەخنەکانی بەختیار لەپێناو رەخنەیە؛ رەخنەی کەسێکی"بێلایەنە، دوورە لە ئایدلۆژیاو حزب و خزمەت بە دەسەڵاتێکی دیاریکراو ناکات"، بەڵام تا دێت، بەروونی بۆمان دەیسلمێنی کە کابرایەکی زۆر متحەزبەو، رێبازی شەڕەنگیزی وێرانکەرییانەی بۆچوونێکی تایبەت هەیە، بەڵام هێشتا کاتی درکاندنی نەهاتووە. بەختیار یەکێکە لەوانەی وا زاراوەی"ئیسلامی سیاسی" بەکاردەهێنن. ئایا ئیسلامی ناسیاسی هەیە؟ ئایا بانگەوازی موحەمەد بۆ ئاینی ئیسلام، پەیوەندی بەدەسەڵاتەوە هەبوو؟ ئایا شێوەی رێکخستنی کۆمەڵگا لەسەر ئاستی(زەواج، تەڵاق، میرات، زەکات، جزیە، حەج، فەتوا، جیهاد...) پەیوەندییان بە سیاسەتەوە هەبوو یان هەیە؟ ئەی پێگەی کەنیزەکانی جەنگ لەناو

کۆمەڵگەی ئیسلام چ بوو؟ ئایا سەرهەڵدان و سەرکەوتنی موحەمەد کاریگەری بەسەر سەرکەوتن و ژێر کەوتنی ئەم هۆز یان ئەو تیرەو و تایفە هەبوو؟ ئایا شەڕوشۆڕەکان ئیسلام لە کاتی موحەمەد بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری هەبوو؟....هتد

لە ئیسلامدا رەوتی جیاجیا درووستبوون و ئێستا ئەوەندەیتر بەرفراوانتر بوون و هەر قوتابخانەیەک سەرۆک و بیرمەندو، شێکردنی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە بێناوەڕۆک و هیچ نەگۆترین زاراوە لە"دنیای ئێمەدا" زاراوەی ئیسلامی سیاسییە.

بەختیار زۆر بە ئاسانی گاڵتەجاڕی بەخۆی دەکات کاتێ دەڵێ((ئەو سێ ئایدیایە لە رووی فیکرییەوە لە نزمترین ئاستی ئیشکردنی خۆیانن، بەڵام لە رووی چالاکی و ئامادەگی سیاسییەوە رێگری یەکەم بوون لە پێش لەدایکبوونی فیکرێکی تیئوری کە لەسەر واقیعی کوردی ئیشبکات)). ئەمە بەڵگەیەکیترە لەسەر نەزانی، چونکە بە ئاگاداری من، تەنها لە ئەلمانیادا چەندین گۆڤاری تیۆری هەیە کە لەلایەن بیرمەندان و فەیلەسوفە مارکسییەکانەوە بەرهەمدەهێنرێن و بایەخێکی زۆر بە گەشەپێدان، رەخنەو هەڵسەنگاندنی نوێ بۆ مارکسیزم دەدەن و هەروا بەبەردەوام کۆنفرانسی جیهانی لەم بارەیەوە ئەنجامدەدرێت، شانبەشانی ئەوانەش، بۆ نموونە بەشەکانی کۆمەڵناسی و سیاسەت بەبێ لێدوان و هەڵسەنگاندنی جیاجیا لەبارەی بەرهەمەکانی مارکسیزم، بەڕێوەناچن، جگە لەوانەش، ئەوە ئاڵای سووری شیوعییەکانە لە سەر ئاستی جیهاندا لە شەقامی شارو لادییەکاندا دەشەکێتەوە، لەناو پەرلەمانەکان سەنگی خۆیان هەیەو لەلایەن جەماوەرەوە هەڵدەبژێردرێن یان و بەرگری جۆراوجۆری خۆیان دەنوێنن! تەنها ئەو مرۆڤانە کە لاسایی وشترمەڕ دەکەن، ئەو راستیانە نابینن، ئەوە (بەختیار)ە کە پێی وایە کۆمونیستەکان"لەنزمترین ئاستی ئیشکردنی خۆیاندان؛ رێک وەک ئەو خاوەن کۆمپانییە"رۆشنبیرە کە لە کەناڵی-کوردسات-دا وتی: سەردەمی خەباتی چینایەتی بەسەر چووە و ئێستا سەردەمی جەنگ کلتورەکانە-)) ئەم-زەعتوتە نازانێ کە خودی تیۆریزەکەری ئەم بۆچوونە لە بە بیروراکانی پاشگەزبووەوە!

با لەوە گەڕێین(بەراستی ناکرێت مرۆڤ تێبینی لەبارەی شەپۆلی هەڵچووی نەزانی بنووسێت) و پرسیارێک لەم"بلیمەتە"بکەین: ئایا مەبەستی لە((لەدایکبوونی فیکرێکی تیوری کە لەسەر واقیعی کوردی ئیشبکات))چییە؟

جارێ دەربڕینی"فکرێکی تیۆری"هیچ مانایەک نابەخشێت، چونکە هیچ فکرێک تەنها تیۆری نییە، بەڵکو تیۆری و عەمەلییە و دەربڕی بەرژەوەندییەکی تایبەتییە لەناو گشت کۆمەڵگایەک. پاشان وەک دەبینین بەختیار بە هەڕەمەکی ئاماژە بە"فکرێکی تیۆری"دەکات، وەک بڵێت فکر، بوارێکی موجەرەدی پشت هەورەکان بێت و هیچ پەیوەندییەکی بە پێکهاتەکانی کۆمەڵگاوە نەبێت!

بەراست بۆچی بەختیار نازانێ کەوا لەلایەکەوە واقعی کوردی بە سەددان ملیارد شێوە لەگەل واقعی جیهان گرێدراوەو لەدەرەوەی ئەم گرێبەستە سەپاوە کە لە دەرەوەی ئیرادەی تاکەکان ئیشی خۆی دەکات، هیچیتر نییە، تەنها خەیاڵی خاوی هەندی کەس نەبێت و لەلایەکی ترەوە، ئەم واقعە وەک واقعی زۆربەی وڵات و گەلانیتر، خۆی لەگەل رەوتە جیهانییەکانیتر خۆی سازداوە؟

ئەوە(بەختیار)ە بەو ئەقڵییەتە سەقەتەوە لەنزمترین ئاستی کارکردنیدایە!

بەختیار دەڵێ:((ئەوەی رۆشنبیرێک دەکاتە بوونەوەرێکی خەتەر، وادەکات تەواوی بونیادێک خۆی بۆ دژایەتیکردنی تەیاربکات، ئەوە نییە باسی هیگل یان هایدەگەر دەکات، بەڵکو ئەوەیە ئەو دەتوانێت بەکەرەستە میتۆدەکانی باشتر دیاردەکانی دونیای خۆی ببینێت- لاپەڕە17))

ئاخر بەختیار کە بەخۆی بەرهەمی راگەیاندنەکانی یەکێتی و پارتییە و بە پشتوانی ئەوانەوە درووستکراوەو بۆ یەکتر دەخوێنن و دەنگ و گیرفانی یەکتر دەناسن>>شێرکۆ بێکەس: بەخیار عەلی موبدعە<! لە هیچ یەک لە راگەیاندنەکانی ئەو دوو حزبە((هەموو بونیادەکانیان!))، بە هیچ شێوەیەک دژایەتیان نەکردووە- جا بۆچی دژایەتی بکەن؟!- من نازانم بۆچی، خۆیی لێ بووە بە"نووسەرێکی خەتەر"؟!

بەختیار کە رەخنەگرتن لە فکری مارکسیزم یەکێکە لە هەرێمە دڵخوازەکانییەو وەک نووسراوە((لەهەر تەوەرێکی دیکە زیاتر کارم تیاکردووە))، پاش یەک لاپەڕە دەنووسێت((...رۆشنبیرانی چەپ دەکرێت تەواو چالاک بن و سوودی گرنگ بە فکری ئێمە بگەیەنن!!))

رۆشنبیرانی چەپ لە کوردستان کێن؟ ناویان؟ رێبازیان؟ ئەی مەبەستی لە فکری ئێمە؟ کامە فکرە؟ پاشان ئێوە کێن؟

بەختیار لەژێر کارتێکردنی نموونەی فەیلەسوفە ئەلمانە نازییەکان، خولیای لەدایکبوونی نەتەوەیە (امە)یە بە درووشمی یەکگرتن-وحدە، ئازادی-حریە، و رووی دەمی لە چەپ دەکات(اشتراکیە) پێموایە ئەم گەلە هەرگیز  پێویستی بە(میشیل عەفلەق) نییە !

بەختیار عەلی دەڵێ: (ئاخر گەنجی ئەو حیزبانە گاڕانن، سەماکەرن، تەنیا وەک مەڕ و بزن دوای سەرۆک کەوتوون. لاپەڕەی47)

لەبەر ئەوەی بەختیار سەر بەو"نوخبە"یەیە کە سەحافیانە بیردەکەنەوە، بۆیە زۆر ئاساییە لەلای ئەو جۆرە کەسانە بە ئارەزووی خۆیان، خەڵک بە مێگەل، گاڕان و عەوام بزانن و بە مەڕو بزن بیانشوبهێنن."بیرمەندەکەمان"ئازادو ئازایانە لەچەندین شوێن و بۆنەدا، بەو شێوەیە وێنەی بەرامبەرەکانی کێشاوەو بەشێوەیەکی سادیستانە مرۆڤبوونیانی لێ زەوتکردووەو رێی بە خۆی داوە لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی فکرێکی دیاریکراودا بۆ مەڕ مەسخیان دەکات؛ هەڵبەت مەڕیش هەر بۆ سەربڕین باشە. بۆ روونکردنی ئەم خاڵە، بیر لە رەفتاری دڕندانەی ئیسلامییەکان بکەن لە کاتی سەربڕینی دیلەکان؛ هەردووکیان هەر لەیەک سەرچاوەوە هەڵقوڵاون، ئەوە مافی بەختیار خۆیەتی چۆن تەماشای ملیونان گەنجی کوردستان دەکات و مرۆڤ دەبێ"رێز"بنوێنێ لەبەرامبەر بیروڕای جیاواز!. ئەوە بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییە تازەگەرییەکەی بەختیارە کە بریتییە لە تیرۆریستێک بە میتۆدی نیتشە و سلۆدەردایک، تاوانی بەمەڕکردنی ملیونان مرۆڤ ئەنجامدەداو لەدوارۆژیشدا ئامادەیە بە بێ هیچ سڵکردنەوەیەکیش ملیونان مرۆڤ بە فڕنی غاز قڕبکات!

بلیمەتەکەمان لە وڵامی پرسیارێکدا دەڵێ(لە گۆڤارە کوردییەکاندا هەموو شتێک بێسانسۆرێکی مەعریفی و ستاتیکی بڵاودەبێتەوە. لاپەڕەیەک گوڵە و دە لاپەڕە زبڵ...ودەکەونە بەردەستی ئەو خوێنەرە سادانەی بەشێکیان توانای جیاکردنەوەی نییە...لاپەڕە59)

ئەو بلیمەتە پڕ مەعریفەتە دەیان لاپەڕە لە بڵاوکراوە کوردییەکان بە زبڵ دەزانێ، نیوەی خوێنەرانیش بە سادەو بڕیاریش دەدا لەسەر ئەوەی بەشێکیشیان توانای جیاکردنەوەیان نییە، بەڵام بەداخەوە نازانم بە گوێرەی کامە راپرسی بەو سەرئەنجامە گەیشتووە !

"حەکیمەکەمان"بەو چەکە فاشیستییەوە رەخنە لە کۆمەڵ، خوێنەران و نووسەران دەگرێت.

بەختیار:(من دڵنیام ئەمڕۆ سەدەها و هەزارەها کەس چ لە یەکێتی نیشتیمانی و چ لە پارتیدا بیرکردنەوەی تەواو جیاوازیان لە سەرکردەکانی وەک جەلال تالەبانی و مەسعود بەرزانی هەیە... لاپەڕەی47)

وا بزانم کورد دەڵێ(سەددان و هەزاران، نەک سەدەها و هەزارەها!)

بەختیار سوورە لەسەر ئەوەی گاڵتە بەخۆی بکات، چونکە لە یەک لاپەڕەدا ددان بەوە دەنێت کەوا بوونەوەرە مەسخکراوەکانی-بە گاڕان و بە مەڕ و بزنکردنی مرۆڤ-، بیرکردنەوەی تەواو جیاوازیان هەیە لە سەرۆکەکانیان .

هەروا"مامۆستا"دەنووسێ:(...ئەوەی ئەو بەشەوێک سەرفیدەکات، کرێکارێک بە سێ ساڵ موچە وەریناگرێت، کۆمەڵگای مەدەنی دەگۆڕێتە سەر کۆمەڵێک دەزگای کارتۆنی کۆنترۆڵکراو لەلای خۆیەوە ، لە یەککاتدا فەیلەسوفە، بەڕێوبەری دەزگای فیکرییە، بەرپرسی لیژنەی ئۆلۆمپییە، سەرۆکی لیژنەکانی هەڵسانگاندنی تێکیستیشە، ئیدی ئەوە لەولاوە بوەستێت کە هەر لە خوداییەوە نوسەرو رۆژنامەنووسە)

دیارە مەبەستی بەختیار لەو پەرەگرافە(مەلا بەختیار)ە. خۆزگا مەلا بەختیار سەرۆکایەتی لیژنەی ئۆلۆمپی بۆ جێگرەکەی(سەلاح حەسەن)کە خۆی هەڵیبژاردووەو دەرچووی کۆلیژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی لایبزش(ئەلمانیا) پێش نزیکەی 30ساڵ و لەوەتی هەیە مامۆستای وەرزش بووە لە قوتابخانە، پەیمانگا و یانە جیاجیاکان، بەجێبهێڵێت یان بۆ کەسێکیتر کە بە گونجاو دەزانن بۆ ئەو پلەیە. من بەبێ ئەوەی پشتیوانی لە کاک بەختیار بکەم، دەگەڕێمەوە بۆ بەختیار عەلی کە چەندین ساڵە لە وڵاتێکی دیموکراتی(ئەلمانیای فیدڕاڵ) دەژێ و پێی وایە سیاسەتمەدارە دیموکراتەکان تەنها یەک پلەوپایەو ئیشوکاریان هەیە، بەڵام راستییەکە شتێکیترەو بەختیار ئاگای لێ نییە و پەی پێ نابات. بەڵگەی منیش ئەوەیە بۆ نموونە(شرۆدە)تەنها سەرۆکی حکومەت نەبوو و بەس، بەڵکو لە هەمان کاتدا، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای(فۆلکسڤاگن)بوو، سکرتێری پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەلمانیا، پارێزەر، نووسەرو ئەگەر لەبارەیەوە بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێم، ئەوا100% چەندین پلەوپایەو تیتڵی تریشی هەبووەو بەهامان شێوە پاشا شارلس و کوڕکانی یان پاشای داهاتووی هۆڵەند...هتدژ. زۆربەی سیاسەتمەدارەکانی وڵاتە دیموکراسییەکان رێک وەک مەلا بەختیار لە یەککاتدا چەندین پلەوپایەو ئیشوکاریان بەدەستەوە

گرتووه + چەندین پلەو پایەو تیتڵ بڕوانامەی فەخری!. ئەمە نموونەیەکیترە لەبارەی بابەتێکی زۆر ساکار، بەڵام بەختیار عەلی وەک"ئوستاد"ێکی بلیمەت بەنەزانی لەبارەیەوە دەدوێت و زێکتە بچوکەکەی دەورووبەری پێیان وایە، شتی نوێ دەڵێ !

بەختیار لەبارەی ئەوەی مەلا بەختیار یان هەر کەسێکیتر کە لە یەککاتدا چەند ئیش و بەرپرسیاری و تیتڵی هەیە لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێ((ئەم مۆدێلە ناشیرینەی سیاسی کە مۆدێلی سیاسی بەعسە، ئێمە لە کوردستاندا نەمانتوانی بیگۆڕین، بەڵکو بە پێچەوانەوە چەسپاندمان و لە ژێر نازناوی دیموکراسییەتدا بە بازاڕمان فرۆشتەوە. من تکا لە بەڕێزتان دەکەم بەس تەنیا تەماشای دەوروبەری خۆت بکە، چەند سیاسی ئا لەو جۆرە لە کوردستاندا دەبینیت...))!

منیش دەڵێم: بڕوانە سیاسەتمەدارەکانی دەوروبەری خۆت بکە لە ئەلمانیا، بزانە چەند سیاسی ئا لەو جۆرە دەبینیت، بەبێ ئەوەی لە ڕێکخراوێکی فاشستی بن لە چەشنی بەعس .!

لە لاپەڕەی 16دا دەڵێ: (لەسەرێکی دیکەوە دینییەکان و حەوزەییەکان)...

بۆچی دینییەکان و حەوزەییەکانی بەجیا نووسیوە؟ ئەدی حەوزەییەکانیش بەشێک لە ڕەوتە دینییەکان پێکناهێنن؟

لە وڵامی پرسیارێکدا دەڵێ: (من گوتم سەددام حوسێنێکی بچکۆلە لە ناو هەر یەکێک لە ئێمەدایە، بەڵام لەهەمان کاتدا بکوژێکی سەدام حوسێنیش لەناوماندایە. دیکتاتۆرێکی چکۆلانەو کۆیلەیەکی چکۆلانەی ئەو دیکتاتۆرەش لە پێکهاتی دەروونی زۆربەماندا خەوتووە....ئەمە ئەو کەلەپورو ئیرسە سایکۆلۆژییەیە کە سەدام حوسین بۆی بەجێهێشتووین.)

بەختیار بەشێوەیەکی نامرۆڤانەو گشتگیرو بەزۆرەملێ بڕیاردەدا کەوا لەناو هەریەکێک لە ئێمەدا، سەددامێکی بچکۆلە هەیە. من گومانم لەوەدا نییە کە لەناو خودی بەختیار سەددامێک هەیەو نەدەبوو ڕێ بە خۆی بدات بەو شێوە گشتگیرییە حوکمبدات و هەروا نەدەبوو دڕندەیەکی سادیست وەک سەددام بۆ دیکتاتۆر و کۆیلە دابەشبکات، ئەمە پاکانەیە بۆ ئەو وەحشە، چونکە دەیکا بە مرۆڤێکی ئاسایی و بە چاوی دوالیزمی خێر و شەڕ، چاک و خراپ هەڵیدەسەنگێنێ. دەبێ ئەوەش بڵێن کە سەددام بەرهەمی فکر، ئیدۆلۆژیا و دەسەڵاتێکی دیاریکراوە .

له لاپەڕەی19دەڵێ: (تا کلتووری سیاسی و دینی و کۆمەڵایەتی ئێمە توندوتیژی بەرهەمبهێنێت، سەدام نەمردووە)

لەم بارەیە بەختیار بەدووورودرێژی لەسەری دەڕوات و لەدواییدا بیروبۆچوونێکی سەقەت و خرِف پێشکەش دەکات .

ئایا مەبەستی بەختیار لە توندوتیژی چ جۆرە توندوتیژییەکە؟ ئایا تەنها کلتووری سیاسی و دینی و کۆمەڵایەتی"ئێمە"توندی تیژی بەرهەمدەهێنێت یان توندوتیژی بەرهەمی گشت کۆمەڵگاکانە و چەندین جۆری هەیە و دەبێ بپرسین کێ لە دژی کێ بەکاری دەهێنێ؟ چەند ترسناک و تاوانە یەکێک بەکارهێنانی توندوتیژی گەلی کوردستان و توندوتیژی حکومەتی ئیران، تورکیا بە یەکچاو سەیر بکات؛ توندوتیژی هیتلەرو بەرهەڵستکارەکانی بخاتە ناو یەک سەبەتەوە. ئایا بەکارهێنانی توندوتیژی شیوعی و ئەنتی فاشیست و پەنابەرەکان لە دژی دیپۆرتاتسیونی زۆرەملی یەک شتن؟یەک کلتوورن؟!

بەختیار هیچ بەزەیی بەخۆی نایەت کاتی دەڵێ: (ئێستا ئەو ساتەیە خەون دەتوانێت کودەتا بەسەر واقیع بکات، ئەو ساتەیە خەون دەتوانێت شوێنی سەدام حوسین لە دەسەڵاتدا بگرێتەوە...لاپەڕە27)

ئەمەیە سەفسەتە....

بەختیار دەڵێ: روخانی هیتلەر لە خۆرئاوا، زەمینەیەکی مێژوویی خوڵقاند خۆرئاوا بتوانێت خۆی لە ناسیونالیزمی ئایدۆلۆژی پاکبکاتەوە، روخانی میلۆسۆپیچ زەمینەیەکی مێژووی خوڵقاند ناسیونالیزم لە ئۆروپای خۆرهەڵاتدا خۆی لە رووە دڕندەو وەحشیگەرەکانی پاکبکاتەوە، روخانی سەددام حوسینیش دەبێت ئەو زەمینەیە بێت کە خاڵی وەرچەرخان و کۆتایی ناسیونالیزم بێت لە ناوچەکەی ئێمەدا... لاپەڕە35)

بەختیار لە ئەلمانیا دەژێ، بەڵام بە گوێرەی ئەو پەرەگرافە پێدەچێ هیچ ئاگای لە راسیزم و فاشیزم و قوربانییەکانیان لە ئەلمانیا نەبێت. ساڵانە تەنها بە رێگای فرۆکەخانەی فرانکفۆرت، نزیکەی30هەزار پەنابەر بە زۆرەملی دیپۆرتدەکرێن و لایەنە ئەنتی راسیستەکان چەندین ئەکتسیونیان لە دژی ئەو فرۆکەخانەیە ئەنجامدا؛ نزیکەی 300پەنابەر، کەمئەندام، لانەواز و بەساڵاچووەکان کوژراوەو سەدان کەس بریندارکراون و رۆژانە بە سەددان تاوانی جۆراوجۆر لەدژی پەنابەران ئەنجامدەدرێت، خۆشبەختانە پەنابەرە کوردەکانیش کەرچی بەرێژەیەکی کەمیش،

له خەبات دژی فاشیزم بەشداریدەکەن؛ حزبی(ئێن. پی. دی) لەناو پەرلەمانی چەند ناوچە نوێنەریان هەیە؛ حزبە راستییەکەی(لی پان)لە فەرەنسا نزیکبوو لە هاتنە سەر حوکم؛ سووتاندنی گەڕەکە کرێکارە کۆچبەرەکان لە سپانیا؛ حزبی(لیگا نۆرد) لە باکوری ئیتالی کە حزبێکی فاشیستە لە حوکم بوو لە کاتی دەسەڵاتی بیرلسکۆنی؛ حزبە"لیبرڵەکەی"هایدەر لە نەمسا کە لە دەسەڵاتدا بوون، بە ئاشکرا سیاسەت و پروپاگەندەی راسیزمییانە بڵاودەکردەوەو حزبە راسیست و فاشیستەکان رێژەیەکی کەمیان نییە لە ناو پەرلەمانی ئۆروپا...هتد

ئایا راپەڕینی پەنابەرەکان لە فەرەنسا رێکەوت بوو؟ ئەی پێکدادانە یەک لەدوا یەکەکانی ناو لەندەن لە نێوان پەنابەران و پارتی ناسیونالیستی بەریتانیا؟ ئەی سوتاندنی شوێن وماڵی کرێکارە کۆچبەرەکان لە سپانیا بۆچی ئەنجامدرا؟

لە خۆرهەڵاتی ئۆروپا ناسیونالیستگەلێکی گەلەشەق لە بلوروسیاو ئۆکرانیا، لیتلەند<جاسووسەکانی نازییەت ئێستاش لە حکومەتی ئەلمانی خانەنشینی وەردەگرن و نارەزایەتییەکانی ئەنتی فاشیست و کۆمونیستەکان یاساغدەکرێ، بەڵام جاسووسەکان ئازادانە خۆپیشاندان دەکەن و تەنانەت ئەوە 10ساڵ سکرتێری حزبی شیوعی ئەم وڵاتە لە زیندانە<بەهێزن؛ لە کرواتیا ناسیونالیستەکان بە پشتیوانی ئەلمانیا دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت؛ رێکخراوی (ئۆچیکا)ی ئەلبانەکان لە یۆگسلافیا بەهێز بوو...

نەخێر، ئایدلۆژیا و بزووتنەوەی ناسیونالیزم، راسیزم کە زادەی ئەنتی کۆمونیزمە لە ئۆروپا، بەهێزن.

بەختیار دەڵێ: (ئەمە بەو مانایە نییە من پێموابێت کورد دروشمی دەوڵەت بەرزبکاتەوە، من نە لایەنگرانی –دەبوو بنووسێت: لایەنگری -دەوڵەتم و نە ئەو دروشمەشم پێباشە...لا41)

ئاخر ئەم برادەرە لەلایەکەوە دەیەوێت کورد بگاتە(مافە نەتەوەواتییەکان لاپەرە 35)ی و لەولایشەوە نایەوێت کوردستانیان دروشمی دەوڵەت بەرزبکەنەوە و بە باشیشی نازانێت !!

بەختیار لەبارەی ئەو شوفینیستانە کە درووشمی یەکێتی خاکی عیراق هەڵگرتووە یان ئەوانەی دەڵێن(بە حوکمی ئەم حەقیقەتە جوگرافییە تۆ دەبێت لە چوارچێوەی عیراق بمێنیتەوە، هەڵگرتووە دەڵێ: (هیچ کات مرۆڤێک باوەڕی بە ئەلفوبێی دیموکراسییەت بێت، بەو شێوەیە قسە ناکات)

هەڵبەت بەریتانیا، فەرەنسا و ئەسپانیا چەند وڵاتێکی دیموکراسین، بەڵام نە فەرەنسا تا ئێستا ئازادی بە دوورگەی کۆرسیکا داوە، نە بەریتانیا و ئەسپانیا بە ئیرلەندەکان و باسکەکان داوەو ناچاریان کردوون لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتەکانیان بمێننەوە. ئەمە چەند نموونەیەکن لەسەر فرەبێژی بەختیارو بۆچوونە سەقەت و ناڕاستەکانی، بەڵام ئەڵێی چی، تازە ئەو بووە بە مو- فکر و" دەروێش"ی هەیە! ئا بەو عەقلییەتەوە دەیەوێت ببێت بە سەرلەشکری دژایەتی کۆمونیزم؟!

بەختیار لە وڵامی پرسیارێک لە بارەی مانای رۆشنبیر(بڕوانە لاپەڕەی275)،دەڵێ (لێرەدا کە دەڵێمرۆشنبیر، مەبەستم دوو شێوە مرۆڤە. یەکەم/ مەبەستم لە پیاوێکە دیدێکی تایبەتی بۆ هەندێ کێشەی جەوهەری هەیە لە کایەیەک لە کایەکان....دووهەم داهێنەر بێت(...

جارێ"مامۆستا" ژنان بە کەسایەتییەک ناناسێ توانای بوون بە رۆشنبیریان هەبێت و تەنها پیاو لەو ئاستە دەبینێت، ببێت بە رۆشنبیر، ئەمەش هەر بۆچوونی ئەو کەرپیاوانەیە کە دەڵێن((ژن ئەقڵی لە ئەژنۆیانە یان <ژنان کەم ئاین و ئەقڵن.(<

ئایا کام لەو دوو خاڵە کە خۆی دیاریکردوون بۆ مانای رۆشنبیر، خودی خۆی دەگرێتەوە؟ ئایا ئەو چەمکانە کە بە دوورودرێژی لەبارەیانەوە قسەدەکات، هیچ روونکردنەوەیەکی داهێنەرانە یان جیاواز بەدەستەوە دەدات؟

درۆترین مەبەست و گەندەڵترین نیازی بەختیار ئەوەیە، رۆشنبیر گشتگیرو رەها دەکات و لە دوو خاڵی گشتگیرو رەها پێناسەی دەکات، مەبەستم ئەوەیە نایەوێت حەقیقەتانە ببینێت کە:

رۆشنبیری نازی، داهێنانی فڕنی سوتاندنی مرۆڤیان داهێناو پەیڕەوکرد

رۆشنبیری بەعسی، ئەنفالی داهێناو پەیڕەوکرد

رۆشنبیری ئیسلامی سەربڕینی داهێنا و پەیڕەوی دەکا

رۆشنبیری لیبراڵی (کۆتایی مێژوو)ی داهێنا

بڕێک رۆشنبیری ئەلمانی ئەنتی ئەمریکانیزم، ئۆرۆسێنتریزمیان داهێنا و پەیڕەوکردو بڕێکی لەدژی راوەستا بڕێک لە رۆشنبیرانی ئەمریکایی داهێنان لە پەیڕەکردنی جەنگ کرد، بەڵام بڕێکیتر ئەو داهێنانە بە وەحشیگەری دەزانن.

ڕۆشنبیرانیتر هەن، داهێنان لە فەلسەفە و ئەدەب و سیاسەتی ڕزگاری ئینسان دەکەن!

بەختیار دەنووسێ ((نووسەران و داهێنەران چۆن مەحکومن بە گەڕان لەدوای ئازادی و جوانی لە تێکستدا، ئاوهاش مەحکومن بە گەڕان لە دوای ئازادی و جوانی لە ژیاندا...))

باسی ئازادی دەکات؟ ئای لە سەیروسەمەری ئەو بۆچوونە بەتاڵ و بێ مانا و کۆن و هیچە...

مەبەستی کامە ئازادییە؟ ئەوە نییە(بۆ نموونە) مرۆڤ لە بازاڕەکانی سلیمانی و کوێلن ئازادانە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن لەگەل یەکتر دەکەن؟ هیچ کەسێک ناچاری هیچ کەسێکیتر ناکات لە پرۆسەی کڕین و فرۆشتنی کالاکان کە ناوەڕۆکی هەموو ململانییەکانی ناو کۆمەڵگاکانەو بە ملیونان شێوە لەگەل ژیانی مرۆڤ و ژینەگەی سەر گوێی زەمین گرێدراوە؛ هەر کەسێک بە ئازادی کالای خۆی و نرخەکەی پیشان دەدا و خەڵکیش بە ئارەزووی خۆیان بڕیار لەسەر کڕین یان نەکڕینیان دەدەن! ئایا ئەوە ئازادی نییە؟

دیارە من بۆچوونێکیترم هەیەو پێموایە -بۆ نموونە-لە چوارچێوەی سیستێمی بالادەست، مرۆڤەکان کویلەی ئەو کالایەن کە بەدەستیانەوە گرتووە و چەندایەتی فرۆشتنیان(کەسێک لەسەر شەقامی مەولەوی ڕاوەستاوە و مۆبایلێکی بەدەستەوەیە بۆ فرۆشتن یان چەند جۆرە دراوێکی بەدەستەوەیەو چاوەڕوانە کڕیارێک بێت وپێویستی بە گۆڕینەوەی دراوەکەی بکات)شێوەی ژیانیان دیاریدەکات. ئەرێ بەهای ئەو مرۆڤە"ئازاد"انە چەندە؟؟!

ئەمە ئەو پرۆسەیەیە ئەگەر لەسەر ئاستی پەیوەندی بەرهەمهێنان، بازاڕ، ماوەو مەرج و شێوەی کارکردن لەسەر ئاستی جیهان سەرنج بدەین، دەگەینە ئەو سەرئەنجامە کە ئەو پڕۆسە دیسپۆت و زاڵ و خوێناوییە، شێوەی ژیانی سەرجەم مرۆڤایەتی دیاریدەکات....

بەختیار بڕوای بە موقەدەسات هەیەو باسی بە خراپ بەکارهێنانی موقەدەساتەکان دەکات(لاپەڕەی281)، ئایا ئەو موقەدەساتانە چین و بۆچی لەسەری ناڕوات؟ پێدەچێت ئەم برادەرە نازانێت کە" لە دونیای ئێمەدا" ڕۆشنبیری وا هەیە، جگە لە ڕزگاری ئینسان لەگشت جۆرەکانی چەوساندنەوە، بڕوای بە هیچ موقەدەساتێک نییە !

بەختیار زۆر قسەی قۆشمەچییانە بۆمان دەکات(کە دوو سیاسی لەسەر مێزێک دادەنیشن و بەیەک ناگەن، ئەمە تەنیا پەیوەندی بە کارەکتەری ئەو دوو سیاسییەوە نییە، بەڵکو  پەیوەندی بە کۆی ستراکتوری کۆمەلایەتی و فەرهەنگی ئێمەوە هەیە-لاپەڕە284)

بێگومان لە گشت وڵاتێک و لە گشت کاتێکدا، حاڵەتی وا هەبووە و هەیە کە دوو لایەنی جیاواز لەسەر چەند کێشەیەک ڕێکدەکەون و ئاساییشە کە ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکان دەگەنە بنبەست، ئەوا هەر دوو لایەنێک بەیەک ناگەن، بەبێ ئەوەی ئەم بارودۆخە پەیوەست بێت بە ستروکتوری کۆمەڵایەتی یان کلتووری گەلێک یان وڵاتێک، بەڵام ئەڵێی چی، کاتێک کەسێک وا لە مەعریفەتدا قووولْدەبێت، بەو جۆرە خواروخێچە لە شتەکان دەگات .

گاڵتەجارییەکەی بەختیار لەبواری دژایەتی ئایدلۆژیاو حزب دەگاتە لووتکە. بۆ نموونە ئەم پرسیارە"زۆر بلیمەت و پڕ بەهایە" دەورووژێنێ (ئایا ڕۆشنبیری کورد توانیویەتی شێوازو میتۆدەکانی تەفسیرکردنی دونیا لە چنگی ئایدلۆژیا باوو مردووەکان رزگار بکات...لاپەڕە285.(

کامە ئایدلۆژیای باو مردووە؟ ئەگەر باوە، چۆن دەینێژێ؟ ئەگەر خۆی لە ناو خەیاڵیدا بڕیاری ناشتنیانی داوە، با پێمان بڵێت تا ئێمەش لە پرسەکەی بەشداری بکەین! گریمان شتی وا عەنتیکە هەیە، ئایا ڕۆشنبیری ولاتانیتر پێیانکراوە ئەم کارە خەیاڵییە ئەنجام بدەن؟

کاتێ زمانحاڵی کۆنەپەرستەکانی ئەلمانیا(ڕۆژنامەی کویلن)کە لە ژمارەیەکیدا تاوانی(هێرش بردنە سەر مەسیحییەت)یان خستە پاڵ(ڕۆژنامەی رینان))و داوای لە حکومەت کرد، هەموو نووسینەکانیان لەبارەی کێشەو گرفتە ئاینی و فەلسەفییەکان، قەدەغە بکەن، مارکس بەم شێوەیە وڵامیانی دایەوە: (فەیلەسوفەکان قارچک نین تا زەمین بقڵیشێنن، بەڵکو بەروبوومی سەردەمی خۆیان و ئەو گەلەن لێیەوە سەریان هەڵداوە...ئەو پرەنسیپانە کە ڕەوتە فەلسەفییەکان دادەمەزرێنن و لە مێشکی فەیلەسوفەکان درووستیدەکەن، هەمان ئەو پرەنسیپەیە کە هێڵی شەمەندنەفەر درووستدەکاو بە دەستی کرێکاران دادەمەزرێت. کەواتە فەلسەفە لە جیهانەوە سەرچاوەدەگرێ و شتێکی جوداو نامۆ نییە لەم جیهانە)

ئێستا نزیکەی 161ساڵ تێدەپەڕێ لە سەر داخوازی ئەو کۆنەپەرەستانە، کەچی ئەمرۆیش لە کۆمەڵگاکەماندا بە هەزار شێوەو لەسەر دەیان تریبۆن وبە بۆچوونی فرەلایەنەوە نەک تەنها دووبارە دەبێتەوە، بەڵکو لە پێشکەوتووترین ڕۆژنامەو گۆڤار، بچوکترین بوار نادرێ بە

بڵاوکردنەوەی بچووکترین ڕەخنەو لێکۆڵینەوە لە بارەی ئاینی"پیرۆزی"ئیسلام کە بەشێکە لە گەورەکەی ئۆجیاس–لینین بەو شێوەیە ناوی ئاینی هێناوە .–

لێرەدا باسی وڵامەکەی مارکس ناکەم، چونکە نووسینە بڵاوکراوەکانی لەم بارەیەوە لە ئاستی لیکسۆسە، کانزایەکی زۆر دەگمەن و نامۆیە بۆ باس و لێدوان لە ناو ماسمیدیاکانی جیهانی ئیسلامی(جگە لە چەند سایتێکی ناو ئینتەرنێت!(

هەموو کۆمەڵگای ئەلمانی تا سەر ئێستقان متحزبەو لە سەددان حزب، گروپ و ناوەند خۆیان ڕێکخستووە، تەنانەت ڕێکخراوەکانی قوتابیان، سەندیکا، ژینگە، ژنان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ...هتد، کەچی ئەم برادەرە زۆر متحزب و ئایدیالۆژیستە بە چەکێکی خیاڵاوی هاتووە رووی دەمی لە خەڵکی کوردستان دەکات و دژایەتی تەحزب و ئایدلۆژیا رادەگەیەنێ! ئایا ئەمە وەهمێکی جاهیلانە نییە؟ کاکم بەو ئەقلییتەوە باس لە گۆڕان و مانای گۆڕان دەکات–هەمان لاپەڕە–! وەک بڵێی کەس نەزانێ و نەیەوێت گۆڕان بەدیبهێنێت یان تەنانەت هیچ گۆڕانێک لە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بەدینەهاتبێت. مرۆڤ دەتوانێت لەبارەی زۆر لایەن و بە شێوەی جۆراو جۆر، تەنانەت بە بەردیش ڕەخنە لە دەسەڵاتداران بگرێت، بەبێ ئەوەی سزای ئیعدامکردن یان زیندانی موئەبەد چاوەڕوانی بکات؛ ئەگەر هەندێ کەس دەڵێن ڕۆژنامەنووسان دەستگیردەکرێن یان کامیراکەیان لەلایەن ئاسایشەوە دەشکێنرێت، کەواتە ئازادی و دیموکراسی نییە، زۆر بە هەڵەدا چوون و بەڕاستی ئاگایان لەوە نییە کە لە خۆپیشاندانەکانی ئەنتی فاشیست، ئەنتی راسیست و ئەنتی جیهانگیری...هتد لە لانکەی دیموکراسی(ئەلمانیا، ئیتالیا، سویسرا، فەرەنسا، بەریتانیا، سوید)بە سەددان خۆپیشاندەرو ڕۆژنامەنووس، دەستگیردەکرێن، کامیراو کۆمپیوتەرو مۆبایلەکانیان دەشکێنرێن و بیرۆکانیان دەپشکێنن و سەروبانیان دەکەن((بە خۆم شایەتی دەیان زەبروزەنگی پۆلیسی ئەلمانیام و بە پێویستی نازانم لێرە باسیان بکەم....((

## بەختیار عەلی، لافاوێکی تر لە نەزانی !

چەندین مانگە، وتارێک سەردانی ئەم گۆڤارو ئەو رۆژنامەی دەکرد، بەڵام بڵاونەکرایە. بۆ؟ سەرنووسەری هەفتەنامەیەکی لیبڕاڵ لە مێسجێکی نووسیبووی:((کاکە سەلام لە راستیدا خۆم سوکە بەدحاڵیبونێکم لە گەل کاک بەختیار هەیە. پێم باشە بڵاوینەکەمەوە. ئەبێ ببوریت)). من ئەمە ناو دەنێم ئابرووچوون لە کاری رۆژنامەگەری و هیچی تر، ئاخر من چ پەویوەندییەکەم هەیە بە کێشەی شەخسی نێوان دوو کەس کە یەکێکیان"بیرمەندە"و ئەویتر هەموو وتارو گفتوگۆ و ریکلامی بۆ بڵاوکردووەتەوە، بەڵام بەدحاڵییەکی سوک کەوتووەتە نێوانیان؟. ئەو هەفتەنامە ئازادو بێلایەنە پاش ئەو مەسجە، هەفتانە لە ژمارەکانیدا ریکلام بۆ بەرهەمی"بیرمەند"ی ناسراو بڵاودەکاتەوە، کەچی ئەوەندە مافی ئازادی بیروڕا دەربڕین دەناسن و پەیڕەو دەکەن، مافی ئەوەیان نەدا بە تاقە وڵامدانی ئۆستادی جەهالەتی ستاندار!! هەروا بەرپرسی رۆژنامەیەکیتر وتی(وتارەکەت لەبارەی ئەدەبەو لەم بارەیەوە وتارێکی زۆرمان بۆ هاتووەو لەریزن). بەڵام وەک دەبینن من لە نووسینەکەم، بە هیچ شێوەیەک لە دەرگای ئەدەبم نەداوە؛ رۆژنامەیەکیتر ئەم نووسینە، بڵاوی نەکردەوە؛ گۆڤارێک چەندین مانگە دواکەوتووە لە بڵاوکردن!)

شێرکۆ بێکەس لە چاوپێکەوتنەکەی هەفتەنامەی چاودێر(ژمارە30، لاپەڕە3ی بەشی رەخنەی ئەدەبی،لە2006/8/21) دەڵێ: بەختیار عەلی پیاوێکی موبدیعەو هیچی تر، خاوەن بەهرەیەکی گەورەو روناکبیرێکی بەتوانایە!)

کەواتە با بۆ"موبدیع"ەکەی کاک شێرکۆ بێکەس بگەڕێینەوە :

بەختیار عەلی: (بۆ نمونە بۆ ئەوەی لە وشەگەلی دەسەڵات بگەین، چەند پێکەنیناوی دەردەچێت گەر بڵێین دەسەڵات بە تەنیا سیستمی باڵادەستی چینێکە بەسەر چینێکی تردا، یاخود سیستیمی

پاراستنی باڵادەستی چینێکە بەسەر کەرەستەکانی بەرهەمهێنانەوە کاتێک دەبینین دەسەڵات دیاردەیەکە لە هەموو شوێنێکدا هەیە-لاپەڕە204، وەڵام لە رۆژگاری ونبوونی پرسیاردا)

"خودایا"ئەوە چەند پێکەنیناوییە ئەگەر کەسێکی"موبدع"لە سەردەمی جیهانگیری، کۆبونەوەی8وڵاتە زلهێزەکەی دنیا، کۆبونەوەکانی24کۆمپانیا پیشەسازییە فرەڕەگەزە زلهێزەکانی دنیا، کۆبوونەوەی سەندووقی دراوی جیهانی و بانقی جیهانی هێشتا هەر تەقەی سەری بێت و تێنەگات کە دەسەڵات لەسەر ئاستی جیهان، دەسەڵاتی چینێکە بەسەر چینێکی تر؛ هەر ئەو دەسەڵاتە کە لە بۆرسەکانیدا، دوا بڕیار لەسەر کرێی کار، بێکارکردن، شێتکردن، کوشتن، بریندارکردن و زیندانکردن دەدا !

چەند پێکەنیناویە ئەگەر کەسێک هێشتا درکی بەوە نەکردووە کە ملیونان منداڵهێنان، کۆرپەلەدەستدان یان مردنی دایکە حامیلە هیندۆ، ئەفریقایی لادێ نشین و دایکە گەرمیانییەکان دەقاودەق تاوانگەلێکی چینایەتین لە ئاستی دابینەکردنی نەخۆشخانە، هەژاری پەروەردەی تەندرووستی؛ نەبوونی پێداویستییەکانی فریاکەوتن....هتد؛ چەند پێکەنیناویە ئەگەر کەسێک هێشتا پلەی نەزانی ئەوەندە نزم بێت، لە هۆکارە جیاوازەکانی شێتبوون، بارودۆخە جیاوازەکانی شێتەکان و جۆرو شێوە جیاوازەکانی مامەڵەکردنیان لە نەخۆشخانە پلە جیاوازەکان و بە دەرمانە نرخ جیاوازەکان، تێنەگات؟ ئەوە چ تێگەیشتنێکە کە هێشتا وشەی(شەڕ)بە دوور لە بەرژەوەندیە چینایەتییەکان دەزانی؟ ئەوە چ مەهزەلەیەک و داڕوخانێکی رۆشنبیرییە، بەو بەرفراوانییە بوار بدرێت بە کەسێک دەنووسێ(چۆن ستراکتوری دەسەڵات لە ماڵدا لە پێکهاتی دەروونیدا، لەناو زەکتێکی دینیدا...تەنیا بە دەسەڵاتی چینایەتی تەفسیر بکرێت؟). دیارە پەیوەندی ناو خێزان لە کۆمەڵگاکەمان پەیوەندییەکی باوکسالارانەیە و مارکس گوتەنی<پیاو لە ماڵەوە بۆرژوازیە و ژن پرۆلیتار>

لە لاپەڕەی214ی هەمان سەرچاوە دەنووسێ: (کاتێک تۆ پێتوابێت ئەو مەنهەجە سیحراوییەت دۆزیوەتەوە کە هەموو دونیات بۆ تەفسیردەکات و دواتر هەموو بەشەرییەتیش لە دونیای زەرورەتەوە بەرەو دونیای ئازادی بۆ دەبات، ئەمە ئیدی هەموو پرسیارە وردەکان لە ژیان، مێژوو، کۆمەڵگا دەکاتە پرسیاری پەراوێزیی و بێمانا)

فرەبێژی ماڵ وێران دەکات، بەڵام بەختیار گوێی لێ نییە، بۆیە بەخۆی جەهاڵەتی خۆی دەردەخات !

مارکس ئەم گوتەیە لە هیگل وەرگرتووە(ئازادی تێگەیشتنە لە زەرورەت)، واتە دنیای ئازادی شێوەیەکی تایبەتە بە بوونی خودی زەرورەتەوە، کەواتە دوو دنیای جیاوازمان نییە تا سواری کەرەکەی بەختیار ببین و بەرەو ئەوی تر بمانبات.

ئەم سوپەر"گیزندلە"، چەپ و راست بە یەکچاو سەیردەکات: (بۆ ئەوەی لە دیکتاتۆرییەتی سیاسەت رزگارمان بایە، دەبایە باوەرشمان بەهەموو ئەفسانەکانی لەق بێت و بە وردی لە درۆکانی تێبگەین، درۆکانی چەپ و درۆکانی راست...وەهمی دۆگمایی چەپگەرایانە و رووی نانەتەوەییانەی بزاوتی ناسیونالیزمیش. دەبوایە لەهەموو ئومێدە درۆزنەکان پاکیبکەینەوە، ئەو پرۆسەی پاکبوونەوەیەیە ئێمە تا ئەمرۆ کاری تیادەکەین.- ل215)

ئەم پەراگرافە ئەوەندە بەخەستی سیاسییە، بۆنی لێ دێت و بوار بۆ هیچ سیاسەتێکیتر ناهێڵێ؛ بەختیار وەک پاڵەوانی فیلمی(الهرقل الجبار) رمبازێنی سیاسیی دەکات و کار دەکات بۆ ئەوەی عەوامەکان شەهادەتی بۆ بدەن- نا ئەم کاری بە خەڵکی عەوامەوە نییە، بەڵکو بە نوخبە- لە رێگاکەی بەرەو سیاسەتێک دوور لە چەپ و راست و بزووتنەوەی ناسیونالیزم، رووی نەتەوایەتی پێبدات و لەگەل"مامۆستا"رەفیق(بیسمارک)ێکی کورد درووستبکەن، ئەوجا بە مرۆڤی ئازاد شادمان دەبین، بەڵام تا ئەو کاتە خۆمان بە تەسەوری دۆگمایی و یوتۆبیاکەی بەختیار هەڵدەخەڵەتێنین .

بەختیار کە بێشەرمانە، پۆخڵەواتی سلۆدەردایکی بۆ رێگای کوردستان-ئۆرگانی کۆمونیستەکانی کوردستان- دەناردو هەفتەنامەکەی پێ لەکەداردەکرد، دەنووسێ: (مارکسیزم پێشوەخت لەبەر رۆشنایی ئاشکرابوونی سیمای دیکتاتۆریانەی کۆمونیزم و هەرەسی ئەو ئایدیایانەدا کە ئیدیعای دەکرد زۆربەی رەونەق و بریقەی خۆی دۆڕاندبوو...ئاشکرا بوونی حەقیقەتی سۆسیالیست و کۆمونیستەکان، لەگەل خۆیدا کۆتایی بەو خورافەتە ئایدلۆژیانە هێنا- ل216)

جاری هیچ یەک لەو وڵاتانە نەگەیشتبووە قۆناغی کۆمونیزم، بەڵکو تەنها لە قۆناغی ئەزموونی سۆسیالیستیدا بوون. بەڵێ ئەم ئەزموونە تێکشکا وەک ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە مێژووی مرۆڤایەتی وەک بزووتنەوەی بابەکی، قەرامیتە، کۆمونەی پاریس، شۆڕشی سپارتاکۆس، کۆلۆنە کۆمونیستییەکەی ئۆین و فورێ...هتد، بەڵام پەیوەندی چەوسێنەرانەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ وعیشق و هیوای چەوساوەکانی دنیا بۆ ژیانێکی دوور لە چەوسانەوە لەسەر ئەرز-نا لە ئاسمان-، بە هیچ هێز و حزب و مەعریفەیەکی دژ بە ئازادی

لەناوناچێت و پاش هەر ژێرکەوتنێکمان، پەیوەندییە نامرۆییەکانی دەسەڵاتە زۆردارەکان و کلتوور و چیرۆک و ئاین و سیستێمە ئابوورییەکەیان هەزارجاری تریش ملیونان مرۆڤ ڕێکدەخەن تا لە گۆڕنانی چەوسانەوە؛ تا لەناوبردنی کۆمەڵگای کاڵا !

بەختیار لەبەر هەژاری عەقڵی دەیەوێت بە فرەبێژی ناعەقڵی، مرۆڤی چەوساوەی کوردستان لە زانستی مارکسیزم کە هێشتا لە سەرتاپای گرنگترین زانکۆکانی جیهان ئەکتویلە و ساڵانە هەزاران لێکۆڵینەوە و راپۆرت و کتێب لەبارەیەوە پەخشدەکرێ، دووربخاتەوە؛ کرێکاران و جووتیارانی هەژارو ژێردەستی بازاڕی سەرمایە لە خەبات، داخوازی رەواو ئومێد بە دنیایەکی ئازاد لە جۆرەکانی چەوسانەوە، دوور بخاتەوە! دیارە بەختیار بە خۆشییەوە لە هەڵپەڕێکی سەرکەوتنی سەردارەکانی ئاهەنگ دەگێڕێت، بەڵام دەبێ ئەوەشی لەبەرچاوبێت کە ئێستا نەک تەنها کۆمونیستەکان وەک حزب، بەڵکو بە بەرچاوی خۆیەوە خۆپیشاندان و مانگرتن و بەرگریە چەکدارەکان لەژێر ئاڵای سووری شوعییەکان بەرپادەکرێن و هێدی هێدی گەماررووی خۆی و مەعریفە ئەنتی کۆمونیستە بۆگەنەکە"سەربەخۆ"کەی و لەشکرە چەکدارە"مەدەنی"یە وەحشییەکەیان دەدرێن، کەواتە بە بڕوای کۆمونیستی-وەک میراتگەری سەرجەم بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی مرۆڤایەتی لە جەورو ستەم- وئاڵای سووری گشت ژێردەستەکانی مێژووی مرۆڤایەتی ئێژین :

< NO PASARANOناهێڵین تێپەڕن>!

بەختیار ئەفەنی دەنووسێ: (من پێموایە سەدەی بیست بۆ ئێمە لە ساڵی1988دا و لەگەل ئەنفالدا تەواودەبێت و لە دوای ئەوەوە پێدەخەینە سەدەیەکی ترەوە... لەبەر ئەوەی لەدوای ئەنفالەوە چ گەڕانەوە بۆ مارکسیزم، چ گەڕانەوە بۆ دین، چ گەڕانەوە بۆ ناسیونالیزم بەو شێوەیەی ئێستای مانایەکی نامینێت-216(

ئەنفال هەڵقوڵاوی بیروهۆش و دەسەڵات وسیستێمێکی دژ بە شیوعییەتە، واتە هەر ئەو بەرەیە کە بەختیار بە زمانی کوردی هەوڵدەدات کاری بۆ بکات، لەلایەکی تریشەوە زۆر لە ئەنفالکراوەکان بنەماڵەو خزموکاری شیوعییەکانن-بەتایبەتی لە گەرمیان- و پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی بەشێک بوون لە هێزی موقاوەمەت لە دژی ئەنفالچییەکان، کەچی بەختیار بە هەردوو قاچی پێشێلی ئەنفالکراو وپێشمەرگە شیوعییەکان دەکات، مێژوویان دەسڕێتەوەو داوایان لێ دەکات چی تر بۆ مارکسیزم نەگەڕێنەوە، چونکە بێمانایە!

لە هەمان لاپەڕەدا دەنووسێ :

(ئەو دوو کەرتبوونە ئەمڕۆ ناوی دەنێین شەڕی تەقلیدو نوێگەری. واتە شەڕی ئەوانەی لە دونیایەکدا دەژین گۆڕانکارییەکانی نابینن و دەیانەوێت هەروەک جاران ببینن و بیربکەنەوە لەگەل ئەوانەدا کە ئیفلاسی ئەو جیهانە دەبینن و ئەڵتەرناتیڤێکی فیکری نوێ دادەمەزرێنن-لاپەڕەی 217)

باسکردن لە گۆڕان و بینینی باسێکی دوورودرێژ هەڵدەگرێ. پێش ماوەیەک بەرپرسێکی(ی.ن.ک)گوتی: (ئەوەی خۆی نەگۆڕێ، بەجێدەمێنێ و خۆی دەزانێت چی بەسەر دێت). ئەم برادەرە پێی وایە ئەگەر خەڵک وەک خۆی، خۆیان نەگۆڕن، ئیدی دواکەوتوون! ئاخر خۆی وەک کەرەوات گۆڕین، چەندین جار رەوت و بیری جیاجیای گۆڕیوە<جلالی، ماوی، مارکسی، ترۆتسکی، سۆسیال دیموکرات و ئێستا بانگەشەی لیبڕالیزم دەکات و هیچ دوور نییە سبەی بانگەشەی! جارێکیشیان وتی: (مام جەلال سیاسەتمەدارێکی خارقە)، بەڵام من دڵنیام ئەگەر رۆژنامەنووسێک پرسیار لە مام جەلال بکات: (ئایا بەرێزتان سیاسەتمەدارێکی خارقن؟)، دەستبەجێ فەرمان بە پێشمەرگەکانی دەدا رۆژنامەنووسەکە بەشەق لە ئەزمەرەوە ئاودیو بکەن، چونکە ئەم پرسیارە بۆنی گاڵتەپێکردنی لێ دێت.

گۆڕان لە جیهان بەدیهاتووەو هەموو رۆژێک بەدیدێت، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا ئەم گۆڕانکارییانە مرۆڤی لە چەوسانەوە رزگارکردووە؟ ئایا کوشتن و نانبڕین کەمتر بووەتەوە؟ ئایا پێداویستە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دابینکراوە؟ ئایا کێشەی بیمە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هەموو دابینکراوە؟ ئایا کێشەی داگیرکردنی گەلان کۆتایی پێهاتووە؟ ئایا مرۆڤ لە خزمەتکردنی پەیوەندییەکانی بازار رزگاری بووە؟ ئایا چەکدرووستکردن بێ ماناکراوە؟ ئایا رۆشنبیری و هونەر بووە بە زادەی ژیانی رۆژانەی دانیشتوانی زەمین؟...هتد. راستییەکەی وایە کە بارودۆخی ژیانی رۆژانەی مرۆڤایەتی بەکۆتکراوی ماوەتەوەو رێگایەکی دوورودرێژی لەبەردەمە تا دابینکردنی ژیانێکی مرۆیانە، کەچی گێلەپیاوەکان دەیانەوێ بە زۆرداری تەکنەلۆژیای راگەیاندن رێگری و چەتەیی بکەن لەسەر ئەم رێگایە! ئەمە چ ئەرکێکی درندانەیە بۆ خۆیان هەڵیانبژاردووە؟!

ئەم دڕندایەتییە بە جوانی لە تێفکرینی هاوەڵە"بیرمەند"ەکەی بەختیار دەردەکەوێت، مەبەستم کاک(فاروق بیسمارک)ە :

هەفتەنامەی هاوڵاتی لە دوو ژمارەدا(288و289)وتارێکی دوورو درێژی فاروق رەفیق بە ناوی(هەمووما‌ن بەرپرسیارین لەم"ستەمکاری"یە، بڵاوکردەوە. هەر ئەو کاتە خوێندمەوە، بەڵام چاوەڕوانی کاتی گونجاو بووم بۆ وڵامدانەوەی ئەو وتارە:

لێرەدا دەبێ پەراگرافەکانی کوڕەکەی بیسمارک وەک خۆیان دووبارە بنووسمەوە: (لە یەکێکیاندا، نموونەی ئینگلستان، مێژوویەکی دوورو درێژی ئەزموونی مەدەنیەت و میراتێکی دەوڵەمەندی ئەخلاقیات و دیدی مەدەنییانە بوونی هەیە، دامودەسگای مەدەنی خو و عاداتی مەدەنییانە بوونی هەیە و لە ئەوی دیکەیاندا، کوردستان، دابڕان لە مەدەنییەت و پرنسیپ و بەها و فەزیلەتە مەدەنییەکان بوونی هەیە)

بەبێ ئەوەی درێژ دڕی بکەم، بۆ وڵامدانی ئەو پەرەگرافە، ئەو چەند یاسایانە کە لە (کەپیتاڵ)ەکەی مارکس وەرمگرتووە لەبارەی میراتی"مەدەنی و"ئەخلاقی"حوکمڕانەکانی ئینگلستان دەخەمە بەر رای گشتی، تا بەشێک لە دانایی و بلیمەتی(فاروق رەفیق)یشمان بۆ دەربکەوێت: (نەشونمای پرۆلیتاریای بێ حاڵ ومالًٌَ، لەو کەسانەی کە لەلایەن گەورە دەرەبەگەکانەوە، بێکارکران و لەو جووتیارانە کە بوون بە قوربانی کارە توندوتیژە دووبارەبووەکانەوە بۆ دەستبەسەرڕاگرتنی موڵکایەتی، پێکهاتن- ئەم نەشونمایە وەک پێداویستێک خێراتر لەوەی کە هەڵدەمژرا، روویدەدا و لەلایەکیترەوە، ئەوانە کە لەپڕ لە مەرجە ئاساییەکانی ژیانیان، رووتکرانەوە، نەیاندەتوانی بە هەمان شێوەی لەپڕ، خۆیان لە گەڵ یاسای سیستێمی نوێ خێرا بگونجێنن. بەم شێوەیە کۆمەڵێکی بەرفراوان لە دەروەزە، لانەوازو دزیان لێدەرچوو. ئا لێرەوە لەدەوروبەری کۆتایی سەدەی پازدەو هەموو سەدەی شازدەدا، یاسای خوێناوی دژی لانەوازان دەرکرا. باوکانی ئێستای چینی کرێکاران سزادران چونکە بە ژیانی لانەوازی و هەژاری ناچارکران.

یاساکان وەک لانەوازگەلێگ مامەڵەی لەگەل دەکردن وەک بڵێی ئەوانە رامان و بڕیارێکی پێشوەختیان دابێ بۆ لانەوازی و گریمانەی ئەوەیان کردووە کە لە توانایاندا هەیە وەک جاران هەڵبژێرن ودرێژە بە کارکردن بدەن، وەک بڵێی هیچ لە بارودۆخیان نەگۆرابێ.

ئەم یاسادانانە لەبریتانیا، لەسەردەمی هینری حەوتەهەم دەستیپێکرد.

هنری هەشتەهەم، 1530: دەروەزە، بەساڵاچوو و لەکارکەوتووان ناسنامەی دەروەزەییان پێدەدرێت، بەڵام لانەوازە تەندرووستەکان سزای قەمچیلێدان و زیندانی دەدرێن.

سزادراوەکان لەپشت عارەبانەکان کۆتدەکران و قامچیکاری دەکران تا خوێن لەسەر لاشەیان دەچۆڕی و لەپاشاندا دەبوو سوێندبخۆن و گفت بدەن بە گەڕانەوەیان چ بۆ شوێنی لەدایکبوونیان یان بۆ ئەو شوێنە کە پێش 3ساڵی دوایی تێدا دەژیاون و((گەڕانەوە بۆ کارکردن))

ئای لەم گاڵتەجاڕییە! لە حوکمڕانی بیست و هەشت ساڵەی هنری هەشتەهەمدا، خودی ئەم یاسایە بە یاسایەکی زۆر روح سووک دانرا. پەرلەمان بە زیادکردنی پەرەگرافی تر، سزاکانی توندترکرد. لە حاڵەتی یەکەمدا دووبارەکردنی تاوانەکە، دەبێ دەروەزەکە دووبارە بە قەمچی لێبدرێت و نیوەی گوێی ببڕدرێت و لە دووبارەکردنی دووهەمی تاوانەکە، وەک سەرپێچکەر مامەڵەدەکرا و وەک دوژمنی دەوڵەت لە سێدارە دەدرا.

موستەشار تۆماس مۆر لە کتێبەکەیدا بە ناوی(ئۆتۆبیا) بە شێوەیەکی زیندوو و ورد بارودۆخی ئەو بێچارانەی کە رووبەڕووی ئەم یاسا دڕندانەیە دەبوونەوە، وەسپ کرد: (ئا بەو شێوەیە روودەدا کە کەسێکی زۆر چڵێس کە هەرگیز تێرخواردنی نییەو نەگبەتییەکی راستی توشی نیشتیمان دەبێت، دەتوانێت دەست بەسەر هەزاران فەدان زەوی بگرێت و دەوروبەری بە کۆڵەکە و تەل بەند بکات یان خاوەنەکانی بەکاری ستەمکاری و لەشفرۆشی ناڕەحەت بکات و بۆ فرۆشتنی هەبوو و نەبوویان ناچاریان بکات؛ بە شێوەی جۆراوجۆر ناچاریان بکەن خۆویستانە یان بە زۆرەملی هەموو هەژارەکان، دڵسافەکان، ژنان و پیاوان، هاوسەرەکان، هەتیوەکان، بێوەژن و دایکان لەگەڵ شیرخۆرو هەمو شتێکیان، هەڵبێن؛ ئەوانە دەستمایەیەکی کەمیان هەیە، بەڵام ژمارەیان زۆرە و دەبێ هەنگاوەکانیان بەرەو دوورکەوتن لە خانووە کۆنەکانیان بنێن، بەبێ ئەوەی شوێنێک بۆ پشودان بدۆزنەوە و لە بارودۆخێکی تردا، دەکرا فرۆشتنی پێخەف و ناوماڵەکانیان یارمەتیان بدات، هەرچەند نرخەکانیان کەم بێ، بەڵام کاتێ لە پڕێکدا فڕێدەدرێنە چۆڵەوانی، ناچاردەبن بە نرخێکی زۆر هیچوپوچ بیانفرۆشن. ئەوجا چییان پێدەکرێت پاش ئەوەی لێرەو ولەێ پاڵکەوتن و دوا فلسیان خەرجکرد؛ بێجگە لە دزی چی تریان پێدەکرێت و ئەوجا هاوار بۆ خوادا دەبەن! هیچیان لەبەردەم نییە تەنها هەڵواسین نەبێ بە گوێرەی هەموو شێوە یاساییەکان یان درێژەپێدان بە هەستان بە دەروەزەیی؟ ئەوکاتە وەک لانەوازەکان فڕێدەدرێنە ناو کونجی زیندان، چونکە وەک لانەوازان دەژێن و هیچ کارێک ناکەن؛ ئەمانە ئەو کەسانەن هەرچەمد حەماسەتیان هەبێ بۆ ئەوەی خۆیان پیشان بدەن بۆ هەستان بە هەر جۆرێک لە جۆرەکان کارکردن، هیچ کەس رازی نییە کاریان پێبدات.

وەک (تۆماس مۆر)ی هاوسەردەمیان دەڵێت، ئەم هەڵهاتووانە ناچارکران بۆ لانەوازی و دزیکردن((لەسەردەمی هنری هەشتەهەم سزای هەڵواسین لەسەر000 72کەسیان درا))

لە یەکەم ساڵی حوکمڕانی(ئەدوارد)ی شەشەم-1547، یاسایەک دەردەهێنێت لەبارەی هەر کەسێک نەیەوێت کاربکات، ئەوا ئەو کەسە وەک کویلەیەک دەکات بە موڵکی ئەو کەسەی خەبەری لێداوە کە لانەواز و دەروەزەیە. ئا بەم شێوەیە، بۆ ئەوەی کەسێک کاری یەکێک لەو بێچارانە بۆ خۆی بەکاربهێنێت، تەنها پێویستی بەوە دەبێت خەبەری لێ بدات کە کابرایەکی سەرکێشە و نایەوێت کاربکات. کابرای خەبەرلێدەر ئەوەی لەسەرە نان و ئاو بە کۆیلەکەی بدات و بەیناوبەینیش ئەلکهولی سووک و پاشماوەی ئەو گۆشتە کە بە گونجاوی دەزانێت. هەروا ئەو مافەشی هەیە بە قەمچی و کۆتەوە، ناچاری بکات بۆ ئەنجامدانی پیسترین و نزمترین کار. ئەگەر کۆیلەکە نزیکەی15رۆژ دیاری نەما، سزای کۆیلایەتی بۆ هەمیشە لەسەر دەدرێت و بە ئاسنی سوورکراو، لەسەر هەردوولای روومەت و نێوچەوانی، پیتی(ئێس)-یەکەم پیتی کۆیلە بە زمانی ئینگلیزی-وێنەدەکێشرا. ئەگەر کۆیلەکە بۆ جاری سێهەم هەڵهات، ئەوسا بە تۆمەتی سەرکێشی لە دەوڵەت، هەڵدەواسرا. سەیدەکە دەتوانێ کۆیلەکەی بفرۆشێت و پاش خۆی بە گوێرەی وەسیەتنامەکەی بیدا بە وەچەکانی و وەک هەر کاڵایەک بۆ گواستنەوە یان ئاژەڵ، بیدا بە کرێ. ئەگەر کۆیلەکان پیلانگێرییەکان لە دژی سەیدەکانیان رێکبخستبا، سزای مەرگیان لەسەر دەدراو لەبەر ئەوەی دادوەرانی سوڵحکردن ئەم لایەنانە پێ راگەیەندرابوو، دەبوو شوێن پێی جەربەزەکان هەڵبگرن. کاتێ یەکێک لەو رووت و پێخاوسانە دەستگیر دەکرا، بە ئاسنی سوورکراو هێمای(V)یان لە سەر سنگیان وێنەدەکێشاو بۆ شوێنی لەدایکبوونەکەی دەیانگەڕاندەوەو دەبوو بە کۆتکراوییەوە لە گۆڕەپانە گەورەکاندا کاربکات، بەڵام ئەگەر لانەوازەکە بە درۆ شوێنی لەدایکبوونی و ئەدرەسێکی هەڵەی پێیان بدات، سزای کۆیلایەتی بۆ هەمیشە لەو شوێنە لەسەردەدرا بۆ دانیشتوانەکەی یان بۆ تایفە پیشەییەکەی و حەرفی(ئێس)یان لەسەر دەنووسی. یەکەم کەسی پیادە بۆی هەبوو دەست بەسەر منداڵەکانی ئەو کۆیلەیە بگرێت و وەک کرێکارگەلێکی مەشقپێکراو بۆ خۆی رایانبگرێت؛ نێرینەکان تا تەمەنی24ساڵی و مێینەکان تا تەمەنی20ساڵی راگرێت. ئەگەر ئەوانە هەوڵی هەڵهاتنیان دا، ئەوا لەم حاڵەتە تا تەمەنی دیاریکراو، دەکرێن بە کۆیلەی خاوەن کارەکان کە مافی ئەوەیان هەبوو و بەئارەززی خۆیان، هەر چۆنێک حەز بکەن، بە زنجیر کۆت و قەمچیکاریان بکەن...هتد. هەر خاوەن کارێک دەتوانێ ملی کۆیلەکەی یان دەستەکانی یان پێی بە ئاسن کۆت بکات تا بە شێوەیەکی باشتر بیانناسنەوە یان کۆتیان بکەن. بەشێکیتری ئەو یاسایە، ئەو حاڵەتەی

لەبەرچاو گرت کە هەندێ لەو هەژارانە لەلایەن هەندێ کەس یان بنکەوە قبوڵ دەکەن خۆراک و شەرابیان پێبدرێت و کاریان بدرێتە دەست. ئەم جۆرە کۆیلانە لە کۆیلەی دیرەکانی کڵیسا بوون و لەبەریتانیا تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لە ژێر ناوی(پیاوانی گەڕۆک)مابوونەوە.

ئەلیزابێت، ساڵی(1572): (ئەو دەروەزانە کە هێشتا ناسنامەیان وەرنەگرتووەو تەمەنیان چواردە ساڵ تێپەڕاندووە، دەبێ بە دڵڕەقییەوە، قامچیکاری بکرێن وگوێی چەپیان بە ئاسنی سوورکراوە نیشانە بکرێن ئەگەر کەسێک ئارەزووی نەبوو بۆ ماوەی دوو ساڵ بەکاریان بهێنێت، بەڵام ئەگەر بۆ جاری سێهەم دەستگیرکران، دەبێ بێ بەزەییانە هەڵواسرێن و هیچ بەزەییەک نایانگرێتەوە لەبەر ئەوەی لە دەوڵەت سەرپێچی دەکەن.. هەروا یاسای هاوچەشن دەبینین: 18، ئەلیزابێت، بەشی13، و یاسای ساڵی1597 و لە سایەی ئەو حوکمڕانییەدا کە بە دایکایەتی پایەبەرزی و کچێنییەکەی، هاوسانە، واتە لە سێبەری دەسەڵاتی(کوین بیس)دا کە لانەوازەکان کۆمەڵ کۆمەڵ و لە ریزێکی دووردرێژدا، هەڵدەواسران؛ ساڵێک تێنەدەپەڕی ئەگەر لەم شوێن یان ئەو شوێنە، 300یان400 لانەواز لەسەر قەنارەکان هەڵنەواسرێت وەک(ستریپ) لە حولییەکانی (ئەناتیس)دەڵێ. بە گوێرەی گێڕانەوەکەی، ژمارەی هەڵواسراوەکان تەنها لە(سومەرستشیر)لە یەک ساڵدا گەیشتە 40کەسی هەڵواسراو، 35کەس بە ئاسنی سوورکراو خاڵیان دەکێشرا و37کەس بە قەمچیلێدان سزادران و183لەو عەوامانە کە هیچ هیوایەک بۆ چاکبوونەوەیان نەبوو، ئازاد دەکران. سەرباری ئەوەش، بەو شێوەیە ئەم مرۆڤدۆستە درێژەی پێدەدات:

ئەم ژمارە گەورەیە لە تاوانباران 5%ی ئەو تاوانانە ناگرێتەوە، ئەوەش بەهۆی تەمەڵی دادوەرانی سوڵح و ئەو بەزەییە ئەحمەقانە کە گەڵ دەریدەخست...ولە ئەیالاتەکانیتری بریتانیا بارودۆخە لەوە چێتر نەبوو و لە چەندین ئەیالاتیتر بارودۆخەکە خراپتر بوو .

یاسای حوکمڕنی جاکی یەکەم: هەموو ئەو کەسانە کە لە وڵاتدا دەگەڕێن و داوای خێر دەکەن بە لانەواز ناونووس دەکرێن. دادوەرانی سوڵح(هەڵبەت هەموویان لە خاوەن موڵکە عەقارییەکان، خاوەن کارگە و کاهنەکان...هتد پێکهاتبوون و پلەی دادوەری تاونکاریان وەردەگرت)، دەبێژم هەموویان لە دانیشتنە ئاساییەکانیان، نوێنەر بوون بۆ فەرماندان بە دارکاری ئاشکرای ئەو لانەوازانە لەبەردەم خەڵک و سزادانیان بە 6مانگ زیندانی لە کاتی ئەنجامدانی تاوان بۆ جاری یەکەم و بە دوو ساڵ لە جاری دووهەم. لە هەموو کاتی زیندانبوونەکەیاندا، دادوەرانی سوڵح دەتوانن بەو پلەو توندییە کە بە شیاوی دەزانن، قەمچیکارییان بکەن.... لانەوازە سەرپێچکەرە

ترسناکەکان دەبێ لەسەر روومەتی لای چەپیان، پیتی-R)کورتکراوی وشەی ئەنگلیزیە بۆ لانەواز)نیشانەبکرێن و ئەگەر دووبارە بە سواڵکەرکردن دەستگیرکران، بێ بەزەییانە سزادەدرێن و لە کۆمەکی(کاهن)یش بێبەش دەکران. ئەم یاسانە تەنها لە ساڵی1714لابران.

لە(فەرەنسا)شدا یاساگەلێکی هاوچەشن بەرچاومان دەکەوێت. لانەوازە سواڵکەرەکان لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمدا، مەملەکەتی خۆیانیان دامەزراند و(پاریس)یان کرد بە پایەتەختی خۆیان تا سەرەتای سەردەمی لویسی شازدەهەم(یاسای 13تموز1777). ئەجا هەر کەسێکی تەندرووست لە تەمەنی16ساڵ تا 60ساڵ دەستگیر بکرێت و هیچی نەبێت و بێ پیشە بێت، حوکمی کاری قورسی لەسەر دەدرا. ئەمە یاسای شارلکان بوو کە بۆ وڵاتە تەختاییەکان دانرا و لە1537و یاسای یەکەمی ئەیالاتی هۆڵەنداو شارەکانی بوو و لە1614/3/19دەرکرا و یاسای تایبەت بە ئەیالاتە یەکگرتووەکان لە 25ی حوزەیران/1649دەرکرا...هتد

بەم شێوەیە دانیشتوانی لادێکان ژێردەستکران، واتە ئەوانەی بە زەبرزەنگ و تیرۆر، موڵکەکانیان زەوتکراو ناچاری لانەوازیی کران. ئەمانە بە ئەشکەنجەدانی دڕندانە بۆ ئەو یاسایە ژێردەستکران کە سیستێمی کاری کرێگرتەیی پێویستی پێ هەیە؛ بە یاسای تیرۆریستی زۆر سەیر؛ بە قەمچیکاری و خاڵکێشان بە ئاسنی سوورکراو و بە ئەشکەنجەدان و کۆیلایەتی.

کەواتە ئەوە بەس ناکات لەلایەکەوە مەرجە مادییەکانی کارکردن لە شێوەی سەرمایە پیشانبدەین و لە لایەکیترەوە پیاوگەلێک هیچیان نییە بیفرۆشن بێجگە لە هێزی کارکردنیان. هەروا بەس ناکات بە زەبروزەنگ ناچاریان بکرێت بۆ ئەوەی بە ئیرادەی خۆیان، خۆیان بفرۆشن. لەماوەی پێشکەوتنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، چینێک لە کارگەران پێکدێت و تادێ ژمارەیان زیاد دەکات و ئەمانە بە هۆی پەروەردە، رۆشنبیری، نەریت و ترادیسیونەکان بۆ پێداویستییەکانی سیستێمەکە بە هەمان شێوەی عەفەوییەتی ژێردەستبوونیان بۆ وەرزەکان، ژێردەست دەبن. هەر لەو کاتەدا کە ئەم شێوازە لە شێوازەکانی بەرهەمهێنان گەشەیەکی دیاریکراوی کرد، ئالییەتەکەی هەموو جۆرە بەرگرییەک دادەروخێنێ؛ بوونی دانیشتوانی زێدەی رێژەیی بە وێنەیەکی بەردەوام، یاسای پیشاندانی کارو داخوازییەکەی بەدەستەوە دەگرێ و لە پاشاندا کرێ لە سنووری گونجاندنی بۆ پێداویستییەکانی سەرمایە بەدەستەوە دەگرێت. هەروا ئەو فشارە بێ بەزەییانە، واتە فشاری پەیوەندییە ئابوورییەکان، زۆرداری سەرمایەدار بۆ کرێکار تەواو دەکات. هەندێجاریش درێژە دەدرێت بە پەنابردن بۆ ناچارکردن و بەکارهێنانی زەبروزەنگی وەحشیانە، بەڵام ئەمە تەنها

له حاڵەتێکی تایبەتدا روودەدا. لە پەرەسەندنی ئاسایی مەسەلەکە، کرێکار دەتوانێ بە کاری(یاسای سروشت)ی کۆمەڵگا، خۆی بەدەستەوە بدا، واتە بۆ ملکەچبوون بۆ سەرمایە، ئەم ملکەچییە کە خودی ئالییەتی بەرهەمهێنان لەدایکیهێناو دابینیکردو خەسلەتی بەردوامی پێداو مەسەلەکە لە کاتی گەشەسەندنی مێژوویی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە پێچەوانەیە. بۆرژوازی تازەپێگەیشتوو ناتوانێت دەستبەرداری دەستێوەردانی دەوڵەت ببێت و بۆ رێکخستنی کرێ بەکاری دەهێنێت، واتە کەمکردنی بۆ ئاستێکی گونجاو و درێژکردنی رۆژی کارو خودی کارگەران لە پلەیەکی دیاریکراوی ملکەچی بهێڵێتەوە. ئەمە قۆناغێکی گرنگە لە قۆناغەکانی کەڵەکردنی سەرەتایی.

چینی کرێگرتە کە لە نیوەی سەدەی چوارەمەوە سەریهەڵدا، ئەو کاتەو لە سەدەی دواییدا هێشتا هەر تەنها بەشێکی زۆرکەمی دانیشتوان، پێکهێنابوو و بارودۆخەکەی لە لادییەکاندا لەلایەن جووتیارە سەربەخۆکان و لە شارەکانیشدا لە لایەن سیستێمی تایفە پیشەییەکانەوە زۆر بە هێز پارێزرابوو. لە لادێ و شارەکان وەک یەک خاوەنکار و کرێکارەکان لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا زۆر لێکتر نزیکبوون. لەبەر ئەوەی شێوازی تەکنیکی بەرهەمهێنان هێشتا هیچ مۆرکێکی سەرمایەداری نەبوو، ملکەچی کرێکاران تەنها بە شێوەیەکی روکەشیانە بوو. توخمی گۆڕاوی سەرمایە لە توخمە نەگۆڕەکەی، زۆر سەرکەوتوتر بوو. داواکاری بۆ کاری کرێگرتە بەهێزتر بوو-کەواتە- بە پەلە لەگەڵ کەڵەکەکردنی نوێی سەرمایە، کەچی پیشاندانی(عرچ)هێزی کارگەران بەدوایەوە نەدەهات تەنها بە هێواشی نەبێت. بەشی زۆری بەرهەمی نیشتمانی، واتە ئەو بەشە کە لەدواییدا دەگۆڕا بۆ تایبەتگەلێکی کەڵەکەکردنی سەرمایە، هێشتا دەچووە ناو دەرماڵەی بەکاربردنی کارگەر.

یاسادانانی تایبەت بە کاری کرێگرتە کە هەر لەسەرەتایدا مۆرگی سەرمایەگوزاری کارگەری هەبوو و هەر لەو کاتەوە هەمیشە ئاراستەی خۆی دەکرا لە بەریتانیا ساڵی1349 بەناوی((یاسای کارکردن ((Statute of Labourers-پەیرەودەکرا و لەلایەن ئیدواردی سێهەمەوە مۆرکرا. ئەم یاسایە لە(فەرەنسا)شدا هاوشێوەی هەیەو ئەو یاسایە کە لە ساڵی1350دا دەرکراو بە فەرمی لەلایەن پاشا جان راگەیاندرا. یاسادانانی ئینگلیزی و فەرەنسی رێگایەکی تەریبیان گرتووەتەبەر و هەمان ناوەرۆکیشیان هەیە.

لێرەدا من نامەوێ بۆ ئەو یاسانە بگەڕێمەوە لە پەیوەندییان بە درێژکردنی زۆرەملێی کاتی کار، چونکە من لە بابەتێکی پێشتری کتێبەکەم(بڕوانە جلدی یەکەم، بەشی دەیەم، پەرەگرافی پێنجەم ئەم کتێبە)، چارەسەری ئەم لایەنەم کردووە)

))یاسای کارگەران))بەشێوەیەکی فەرمی لە سەر داواکاری دووبارەکراوی ئەنجومەنی گشتی، ڕاگەیاندرا، واتە کەسانی کڕیاری کار. یەکێک لە ئەندامانی (پارتی توری) بە ساکارییەکەوە وتی: (هەژارەکان لە رابردوودا داوای کرێیەکیان دەکرد کە بەرزییەکەی هەڕەشەی لە پیشەسازی و سەروەت دەکرد. بەڵام ئیمڕۆ کرێکەیان بە پلەیەک نزمە، هەڕەشە لە پیشەسازی و سەروەت دەکات، و رەنگە ئەمە لەوەی رابردوو، زۆر ترسناکتر بێت .

پێناسەی یاسایی کرێ بۆ شارو لادێ و کارکردن بە گوێرەی ئەرک و کارکردن بە پێی رۆژ، دانراو کرێکارە کشتوکاڵییەکان دەبێ خۆیان ساڵانە بە کرێگرتەی بدەن و هەروا کرێکارانی شارەکانیش دەبێ مەرجەکانیان((لە گۆڕەپانە گەورەکان)) رابگەیەنن.

بەگوێرەی یاسا و هەڕەشەی زیندانیکردن ئەوەی زیاتر لە کرێی دیاریکراو بدا قەدەغەکرا، بەڵام ئەوەی زیاتر وەربگرێت رووبەڕووی سزایەکی توندتر دەبێت لە سزای ئەوەی زیاتر دەدات. شانبەشانی ئەوە، بەشی 18و19ی یاسای مەشقپێکردن کە لە سەردەمی(ئیلیزابێت)دا راگەیەندرا، مانای سزادانی دە رۆژ زیندانکردنی ئەو خاوەن کارانە بوو کە کرێیەکی زۆر بەرز دەدەن و بە 21 رۆژ زیندانکردنی ئەو کرێکارە کە ئەو کرێیە قبووڵ دەکات. خاوەن فەرمانەکان تەنها بەوەوە بەسیان نەکرد بە شێوەیەکی تاکانە لەسەر خاوەن کارەکان بیسەپێنن، تەنها کۆت و مەرجگەلێک بوو بۆ بەرژەوەندی گشتی دەگەڕێتەوە، بەڵکو لەگەل خاوەن کار لەکاتی لادانیان لە یاسا، وەک برادەر و شەریک مامەڵەیان دەکەن، بەڵام کارگەرەکانیان وەک سەرپێچکەر مامەڵە دەکرد. هەروا یاسایەک لە یاساکانی 1360هەیە کە سزایەکی توندتریش دەسەپێنن، تەنانەت ئەو دەسەڵاتە بە خاوەن کارەکان دەدەن، لە کارکردندا، باجی یاسایی بدزن و زۆرەملێی جەستەیی بەکاردەهێنا. هەموو گرێبەست و پەیماننامەکان...هتد کە بیناسازان و تەختەسازەکان لەگەل یەکتری کاریان پێدەکرد، کارتێکردنیان راگەیاندرا و هیچ کارێکی یاساییان نەما. یەکێتییە کرێکارییەکان بە پلەی ترسناکترین تاوان دانران و ئەم ئیعتبارە((یاساییە)) لە سەدەی چواردەهەمەوە تا 1825مابووەوە .

روحی یاسایی ساڵی1349و روحی ئەو یاسانە کە وەک نموونەیەکی خزمەتیان کرد، بەشێوەیەکی ئابرووبەرانە دەردەکەون، بەتایبەتی بەم واقیعە کە لایەنی باڵای یاساوە دیاریدەکرێت و کرێگرتەکە نابێ بکەوێتە سەریەوە، بەڵام ئەم یاسانە زۆر وریانە لەسەر دیارینەکردنی لایەنی کەمی یاساییەوە، نابێ کرێکە بکەوێتە خواریەوە.

وەک دەزانین بارودۆخی کارگەران لە سەدەی شازدەهەم تا رادەیەکی زۆر خراپ بووەوە. کرێی کار زیادی کرد بەڵام هەرگیز تەریب نەبوو لەگەل بەهای دراو و بەرزبوونی بەرامبەر لە نرخی کاڵاکان. کەواتە لە واقیعدا کرێی کارکردن نزم بووەوە. هەرچییەک بێت ئەو یاسانەی وا بۆ کەمکردنی کرێی کار مۆرکران، سەرەڕای هەموو شتێک لەکار نەکەوتن و لەهەمان ئەو کاتەدا دەسەڵاتدارەکان گوێچکەی ئەوانەیان دەبڕی کە(کەس رازی نەبوو بۆ کارکردن بەکاریان بهێنێت) و بە ئاسنی سوورەوەکراو خاڵیان بۆ دەکێشا .

بەگوێرەی یاسای ئیلیزابێت(5ئیلیز، بەشی 3)کە تایبەت بە مەشقپێکردن، دادوەرانی سوڵح بۆیان هەبوو-دەبێ هەمیشە بۆ ئەم خاڵە بگەڕێینەوە و دووپاتی بکەینەوە کە ئەوانە دادوەر نین بە مانای راستی وشەکە، بەڵکو لۆردەکانی زەوی، خاوەن کارگە، کەهەنەو هاوشێوەیان لە ئەندامانی چینی دەوڵەمەندەکانن کە کاری دادوەری دەکەن- دەسەڵاتی دیاریکردنی هەندێ کرێ و راستکردنەوەی بە گوێرەی وەرزو نرخی کاڵاکان هەبوو. (جاکی یەکەم) رێکخستنەکانی کار تا ئەو رادەیە بەرفراوان کردەوە کە کەتانساز وچنێرەکان و تایفەیەکیتریش لە کارگەرانی گرتەوە. (جۆرجی دووهەم)یش یاساکانی درێژتری کردەوە لە کاتی یەکێتی کرێکاران تا ئەو یاسانە هەموو مانیفاکتۆرەکانی گردەوە(کارگەکانی دەسکاری)

لە ماوەی مانیفاکتۆریدا (بە مانای وردی وشەکە)، شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تا ئەو رادەیە گەشەیکرد، دەیتوانی جێبەجێکردنی رێکخستنی یاسای کرێی نەکار و بێ سوود بکات، بەڵام سەرمایەداران هەست بە ئاسوودەیەکی تەواو دەکەن کە بۆ حاڵەتی تایبەت، یەدەکی فەرمانە کۆنەکانیان لەبەردەستیانە. لەسەردەمی(جۆرجی دووهەم)، پەرلەمان یاسایەکی دەرکرد، بە پێی خاوەن پیشە بەرگسازەکان لە لەندەن و دەوروبەری بۆیان یاساغ بوو هەر کرێیەکی رۆژانە لەسەروی دوو شلن و 7درهەم و نیو وەربگرن، بێجگە لە حاڵەتەکانی بۆنە ماتەمینە گشتییەکان؛ و لە سەردەمی جۆرجی سێهەم(13 جۆرجی سێهەم، بەشی68) دادوەرانی سوڵحکردن دەسەڵاتی رێکخستنی کرێی چنینەرانی هەورێشمیان پێدرا. لە ساڵی1796، تەنانەت پێداویستی داواکاری دوو بڕیار لە دادگا باڵاکان هەبوو بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی داخۆ بڕیارەکانی دادوەرانی ناوبژیکردن لە بواری کرێ بەسەر کارگەرە ناکشتوکاڵییەکانیش جێبەجێ دەکرێت؛ لە ساڵی 1799دا، لە پەرلەمانەوە بڕیارێک ئەوەیشی رایگەیاند کە کرێی منداڵان لە ئیکۆسیا دەبێ بە پێی یاسایەک لە سەردەمی ئیلیزابێت و دوو یاسا لە ساڵی1661و1671دەرکراوە، رێکبخرێت. بەڵام لەو ماوەیەدا،

بارودۆخی ئابووری دووچاری گۆڕانکارییەکی ریشەیی بوو تا ئەو رادەیە کە لە ئەنجومەنی گشتی، رووداوێکی دەگمەن هاتەپێشەوە. لەناو پەرژینی ئەو ئەنجومەنەدا، بەرپرسەکان ماوەی چوارسەد ساڵەی یاساکان درووست دەکەن تا لانی کەمی بزووتنەوەی کرێ کە لە هەموو حاڵەتێکدا نابێ ببەزێنرێت، دیاری بکەن؛ لەم کاتەدا(وایتبرید)لە 1796دا هات و دیاریکردنی لانی کەمی یاسایی بۆ کرێکارە کشتوکاڵییەکان، پێشنیارکرد.

لەگەل دژایەتیکردنی(بت)بۆ ئەم خەمخۆرییە، سەرەڕای ئەوەش قبووڵیکرد کە((هەژارەکان لە بارودۆخێکی سەختدا بوون))ولە دواییدا لە ساڵی1813، یاسا تایبەتییەکان سەبارەت بە دیاریکردنی کرێ، هەڵوەشێنران و لە راستیدا ئەو یاسانە هیچیتر نەبوون بێجگە لە شتگەلێکی سەیرو پێکەنیناوی لە سەردەمێکدا خاوەن کارگە بە دەسەڵاتی خۆی کرێکارەکانی بە فرمانی(رێکخستنەکانی کارگە)و خاوەن زەوییەکان بە سودوەرگرتن لە باجی هەژارەکان، لانی کەمی پێویست بۆ بەخێوکردنی ئەو رەنجدەرانە کە لە خزمەتیدا کاریان دەکرد، حوکمڕانیان دەکرد. بەگوێرەی ئەوەو لە حاڵەتی بەتاڵکردنی گرێبەستەکە، تاقە سکاڵای شارستانیانەی قبووڵکراو لەدژی یەکەمەکاندا بوو لە کاتێکدا تاوانەکە لە دژی کەسانیتر قبووڵ دەکرا. ئەو رێکخستنە یاساییانە تا ئێستا کاریان پێدەکرێت.

یاسا بێبەزەییەکانی دژ بە یەکێتی کرێکارییەکان لە ساڵی1825لە بەرامبەر چینی کرێکاری هەڕەشەلێکراو، هەڵوەشێنران، کەچی بە تەواوەتی لەو یاسانە نەگەڕان: هەندێ لە پاشماوە جوانەکانی لە 1859دا نەبێ، دانەڕزا. لە دواییدا  بەرپرسەکان ئیدعایان دەکرد کە بە یاسای29/حوزەیرانی1871، دوا پاشماوەی ئەم یاسادانانە چینایەتییە دەسڕنەوە. ئەمەش بە دانپێنان بە بوونی یاسایی ترادیونەکان(کۆمەڵە کرێکارییە بەرگریکەرەکان)، بەڵام یاساکانی دژ بە یەکێتی کرێکارەکان لە واقیعدا بە دارشتنی نوێوە گەڕاندیانەوە، ئەوەش بە خستنەپاڵی یاسایەکیتر ولە هەمان بەرواردا دەرکرا(بڕیارێکی تایبەت بۆ راستکردنەوەی یاسای سزادان لەبارەی توندوتیژی، هەڕەشەکردن و ئاژاوەنانەوە-بڵاوکەرە فەرەنسییەکان-)و ئەو ئامرازانە کە کرێکاران دەتوانن لە کاتی مانگرتن یان لە حاڵەتی (لۆک ئەوت- ئا بەو شێوەیە ناوی مانگرتنی ئەو خاوەن کارانە دەبەن کە یەکدەگرنەوە بۆ ئەوەی لە یەککاتدا کارگەکانیان دابخەن)پەنایان بۆ ببەن. لەناو جەرگەی جەنگەکە بە فێڵێکی پەرلەمانیانە لە مافی گشتی رزگارکرا و لە ژێر قورسایی یاسای سزادانی تایبەتدا، روخا و خاوەن کارەکان وەک دادوەرانی سوڵح، هەڵدەستن بە شیکردنی. پێش

ئەوە بە دوو ساڵ و پاش ئەوەی هەمان ئەم ئەنجومەنی گشتییە داهێنانێکی کردو هەمان ئەم بەڕێز(غلادستون)ە داهێنانیانکرد بە زیادکردنی یاسایەک کە لە ساڵی1871دەرکراوە لەبارەی تاوانی تازەی تایبەت بە کارگەران، ئەوانە تەنها بەشەرەفەوە کاریان کرد بۆ دووبارە پیشاندانی یاسایەک بە پەرلەمان تا جارێکیتر چاوی پێ بخشێنن. ئەو یاسایەش لەبارەی تاوانکارییەوە، سنوورێک بۆ هەموو یاسا تایبەتەکان لە دژی چینی کرێکاران، دادەنێت و ئەم برادەرە زیرەکانە ماوەی دوو ساڵ پێیان داگرت لەسەر ئەوەی دووبارە چاو بە یاسا بگێڕن.

کێشەکە دواخرا و بە فێڵ و بێرەوبەرە دواخرا تا(پارتی لیبراڵی گەورە) بە هاوپەیمانی لەگەل پارتی توری جورئەتی دۆزییەوە بۆ دژایەتی ئەو چینی کرێکارە کە گەیاندیە دەسەلات. پارتی لیبرڵی گەورە بەو ناپاکییە بەسی نەکرد- هەروا لە سایەی سەرۆکە خۆشەکەیشی-، بەڵکو رێگای دا بە دادوەرە ئینگلیزەکان کە هەمیشە حەماسەتیان هەیە بۆ خزمەتکردنی چینە دەسەڵاتدارەکان، لەناو گۆڕەکاندا بۆ یاسا بەسەرچووە تایبەتەکان بە پیلانگێران بگەڕێن تا لە کاتی رووداوی هاوپەیمانی نێوان کرێکارەکان، جێبەجێیان بکەن.

وەک بینیمان، پەرلەمانی ئینگلیزی، بە ناچاری ولە ژێر فشاری جەماوەری هەڕەشەلێکراو نەبێت، لەو یاسا بابەتییانە لە دژی یەکێتییە کرێکارییەکان و ترادیونەکان وازی نەهێنا، پاش ئەوەی بەخۆی، پاش پێنج سەدە بە پڕوویەکی قیزەوەنەوە هەستا بە ئەرکی یەکێتییەکی هەمیشەیی سەرمایەدارەکان دژ بە کارگەران.

هەر لە سەرەتای هەڵچوونە شۆڕشگێرانەکە، بۆژوازی فەرەنسی وێرای چینی کرێکاران لە مافی یەکێتی و هاوپەیمانی کە تەنها پێش ماوەیەکی کورت، دەستیان کەوت، چەک بکات .

بەگوێرەی یاسایەکی رێکخستن کە لە14ی حوزەیرانی1791دەرکرا، هەر رێککەوتنێک لەنێو کرێکارەکاندا بۆ بەرگری لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان، بە (پیلانگێران لەسەر ئازادی و مافی مرۆڤ) ناوبردو سزای پوولی بە بڕی 600لیرەی لەسەرە، شانبەشانی ئەوەش بێبەشکردنی کرێکار لە مافی هاوڵاتیبوون.

ئەم یاسایە کە بە یارمەتی کۆمەڵێ یاسای تاوانکاری و یاساکانی پۆلیس بۆ کێبڕکێ لەنێوان سەرمایەدارو کرێکار، وێنەی سنوورێکی گونجاو بۆ سەرمایەداران دەکێشێت و پاش شۆڕشەکان و گۆڕینی بنەچەی موڵکدارەکان ژیاو خودی سیستێمی تیرۆر، دەستکاریانی نەکرد و هەروا پێش

زەمەنێکی زۆر نزیک نەبێت، لە یاساکانی سزادانیش، نەسڕابووەوە . بەڵام بە بڕێکی زۆر لە سوڕدانەوەو سەرلەقاندن! هیچ شتێک ئەم کودەتا حکومەتییە لە بیانووە پێشکەشکراوەکە جیاناکاتەوە. (شابیلیێ)کە کامیل دیمولان ناوی ناوە (سەفسەتەکەرە بێچارەکە) هەرگیز رێگری ناکات لە داننان بەوە کە:

کرێی کاری رۆژانە دەبێ نەختێک لەوەی ئێیتا زیاتر بێت...چونکە کرێ لە ئومەتێکی ئازادا دەبێ بە جۆرێک زۆربێت کە ئەوەی وەریدەگرێت، لە دەرەوەی ئەم ملکەچییە رەهایە بێت کە بێبەشی لە پێداویستییە زۆر پێویستەکان بەرهەمدەهێنێت، ئەو ملکەچییە کە تایبەتەت بە کۆیلەکان

لەگەل ئەوەشدا، وەک دەڵێن کاتی ئەوە هاتووە((بۆ ئیدراکی بەرێوەچوونی ئەم هەرایە و زیادبوونی))، مەبەست لەوە((ئەو یەکێتییانە کە رەنگە کرێکاران بۆ هەوڵدان بەدوای زیادکردنی نرخی رۆژی کار، پێکیان دەهێنن))وبۆ خۆشکردنی ئەم ملکەچییە رەهایە کە نزیکە لە ملکەچی کۆیلە، دەبێ سەرکەوت بکرێت. جا بۆچی؟-چونکە کرێکارەکان دەستکاری ئازادی((خاوەن پرۆژە و کارەکانی ئەو بەرێزانە پێشتر ئاماژە بە ناوەکانیان کرا))و کرێکارەکان بە دەستدرێژی کردن بەسەر مافی ستەمکاری ئەو بەڕێزانەی پێشتر ناویانمان هێنا-مرۆڤ حەدسی ئەوەی نەکردا!- هەوڵدەدەن دووبارە ئەو تایفانەی لەناوبردن، بهێننەوە((شۆڕش!))

ئایا پێویست دەکات ئاماژە بە جەنگ و وێرانکارییەکانی بەریتانیای"مەزن"بدەم؟ رەنگە تەنها ناونانی رێککەوتنی مەدەنیانە و بێئەخلاقیاتی لۆزان سایکس بیکۆ، داگیرکردنی گەلان، دەستگیرکردنی مەلیکە نەگبەتەکەی کورستان و 600ساڵ لە داگیرکردنی ئیرلەندا کە تا ئێستایش پێی چارەسەر نەکراوە وسەدان هەزار تاوانکاری مەدەنیانەی ئەنگلستان گەواهی جەهاڵەتی کاک رەفیق بێت.

کاک رەفیق دەنووسێت: (هەر وەک چۆن شیاو نییە کە کەسایەتییەکی کورد ناوزەد بکەین بە"سیاسەتمەدار"یا"سەرکردە"کە پازدە ساڵە سەرقاڵی پارە کۆکردنەوەو زەوتکردنی زەوی و درووستکردنی کۆشک و تەلار لەسەر حیسابی سەروەت و سامانی وڵات.)

ئەو بۆچوونە نموویەکی باڵایە لە نەزعەیەکی دونیانە. ئایا"مامۆستا"رەفیق دەتوانێ پێمان بڵێت سیاسەتمەدارێکی"مۆدێرن و بەئەخلاق"وەک هایدەر-حزبی لیبراڵی نەمسا، لی پا-حزبی ناسیونالی فەرەنسا و بیرلسکۆنی-سەرۆک حکومەتی رابردووی ئیتالیا چۆن بیردەکەنەوە؟ ئایا ئەو

سیاسەتمەدارو سەرکردە ئۆروپی و ئەمریکییانەش خەریکی پارە کۆکردنەوە و کۆشک و تەلار دروستکردن دەبن؟ ئایا سیاسەتمەداری گەندەڵییان تێدایە؟

بەداخەوە دەبێ بڵێم جێی شەرمەزارییە بۆ رۆژنامەیەک بەبێ هەڵسەنگاندنی ئەو نووسینانە پێیان دەگات، بڵاویاندەکەنەوە، چونکە بە سەدان سیاسەتمەداری زۆر ناوداری ئەو وڵاتانە خەریکی کاری ئابرووبەرانەی گەندەڵی، سیاسی، سێکسی، کۆمەڵایەتین. تۆ بڵێت"مامۆستا" ئاگای لەو رسواییە یەک لەدوا یەکانەی ئەو سیاسەتمەدارانە نەبێت؟ ئەی ئەگەر ئاگاداریانە، چۆن ئەو جۆرە بۆچوونە سەقەت و خواروخێچ و بێفەڕانە بەسەر خەڵک بڵاودەکاتەوە؟!

ئەو کارە ئابرووچووانە کە لەلایەن سیاسەتمەدارو سەرکردە کوردەکان ئەنجامدەدرێت، بە هەموو تاوان و خەتابارییی، دزی و گەندەڵییەکانیان ناگەنە ئاستی1%ی بێکارکردنی بەکۆمەڵی خەڵک، زەوتکردنی ژنان، وێرانکردنی ژینگە-تکا لە بەختیار عەلی دەکەم وەک دیارییەک لیترێک لە ئاوی راین بۆ رەفیق بهێنێ تا بزانێ دەسەڵات، سیاسەتمەدارو سیستێمی مەدەنی و بەئەخلاقی ئەلمانیا چییان بە ئاوەکەی رووباری راین کردووە-، چەکدرووستکردن، جەنگبەرپاکردن، داگیرکردن و چەوسانەوەو کارە وەحشیگەرییەکانی ئەو سیاسەتمەدارانە،"مامۆستا" بە کەسانی مەدەنی و بە ئەخلاق بەسەر خوێنەری کورد ساغیان دەکاتەوە وپێیان رازییە و لەبەردەمیان چۆکی داوەتەوە .

ئەمە بەرگری نییە لە سیاسەتمەدارە کوردەکان کە هیچ کاتێک لە ئاستی تاوان و گەندەڵی و نەزانیان بێدەنگیم نەکردووە، بەڵام ناکرێت و نابێت سیاسەتمەدارو سەرکردەیەکی کوردستان بە کەمتر تەماشا بکرێت لەهەر سیاسەتمەدار و سەرکردەیەکی تری ئەم جیهانە ولەم بارەیەوە زیادرەوەی دەکەم کە بەش بە حاڵی خۆم، بوش و بلیر و شرودە و شیراک...هتد بە کەوشە دڕاوەکانی سیاسەتمەدارو سەرکردەکانی کوردستان، بە هەموو کەموکوڕی و نوقسانی و هەڵە و کارە نابەجێ و ناڕەواو حەماقەتەکانیان، ناگۆڕمەوە-دڵنیام ئەگەر سیاسەتمەدارو سەرکردە کوردەکان ئەم بۆچوونە بخوێننەوە، پێیان ناخۆش دەبێت و نیگەران دەبن-. ئەم بۆچوونە مانای ئەوە نییە ئەمانە بە مۆدێل و ئەڵتەرناتیڤ و لێهاتوترن دەزانم، نەخێر، بەڵام ئەگەر بە گەورەتریان نازانین، بۆچی بە کەمتریان بزانین؟ هەروا هیچ نەبێت"شکور بۆ یەزدان"هێشتا لە کوردستان ملیتاریستێکی دڕندە وەک بیسمارک لەدایکنەبووە.((جارێکیان لە شاری هیلدسهایم، چووم بۆ قاوەخواردنەوە لە کافتریایەک، لەوێ دەبینم وێنەیەکی بیسمارک بە تاج و ئەستێرەو نیشانەکانی بە گەورەیی هەڵواسراوە. بە رێگای ناسیاوێکمەوە، بە خاوەنی کافتریاکەم راگەیاند<ئەگەر ئەو وێنە

عەسکەریتارییە، لانەبەن، ئەنتی فاشیستەکانی گوێتنگن بۆ ئێرە دێن و بە خۆپیشاندان یا بە ئەکتسیونێکی گونجاو لایدەبەن. ئەویش دەستبەجێ وێنەکەی لابرد))!

ئایا بۆچوونەکەی رەفیق جۆرە دونییەتێک نییە؟

هەڵەی نابەجێتری رەفیق لەوەدایە، زاراوەی سیاسەتمەدارو سەرکردە گشتگیر دەکات وەک بڵێی هیچ جیاوازییەک لە جۆری تێفکردن و بیروڕای ئەو سیاسەتمەدارو سەرکردانە نەبێت !

## بەختیار عەلی لەناو زەلکاوی لڤین

بە بۆچوونی فەیلەسوفی ئەڵمانی(فرانس میرینگ) لە وتاری(لەبارەی فەلسەفە و شیعری سەرمایەداریی): نیتشە...فەیلەسوفی کۆمەڵایەتی سەرمایەدارییە....تێگەیشتی مێژوویی وەحشی و دڵڕەقانەیە... تێکستەکانی پڕن لە رق و قینە دژی سۆسیالیزم، دژی هەموو جۆرە ناڕەزایی دەربڕینی گەلە، چونکە باوەڕی بەوە هەبوو: ئەوەی دەسەڵاتی دەویێ، دەبێ خزمەتچیشی بوێ )، کەچی بەختیار عەلی، رێبین هەردی، جەمال پیرە، مەریوان قانع، بەکر عەلی بەم وەحشییە سەرسامن و برادەرەکەیان(فاروق رەفیق)یش- هەموو فەزیلەتەکەی فاروق، کەسایەتی بسمارکە کە خاوەن یاسای دژە سۆسیالیست و بزووتنەوەی ژنان و سیمبولی میلیتاریزم و جەنگ بووە- وەک لە وتارەکەی لە هاوڵاتی هاتووە .

دوو کەس بەناوی یاسین عومەر و هێمن باقر لە گۆڤاری(لیڤین، ژمارە 53)و وەک پێشەکییەک بۆ گفتوگۆکەیان لەگەل بەختیار عەلی، دەنووسن: (هەر وەستانێکیش لەسەر ئەم رەهەندەی ئەو- بەختیار عەلی-، فەیلەسوف و شاعیرو دێوانەی مەزن"نیچە"ی ئەڵمانیمان بەبیردا دێنێت)

١-جارێ من فەیلەسوفێک بەناوی"نیچە"ناناسم و عەیب نەبێ بە زمانی عەرەبی"نیچە"مانایەکی باوکسالاری بێڕەوشتانەی هەیە، بەڵام پێدەچێ مەبەستی ئەو دوو"رۆشنبیرە زیرەکە"، سوکترین و یەکێک لە فەیلەسوفی دڕندایەتییە بەناوی (Nietzsche)و ناوەکەی بەم شێوەیە دەنووسرێ (نیتشە)

٢- لە ئەڵمانیا بە پلەی یەکەم فاشیستەکان و کۆنەپەرەستەکان شانازی بە نیتشە دەکەن. من نازانم ئەم دوو کەسە چی لەبارەی نیتشە خوێندووەتەوە و دەزانن، تا ئەوەندە پێی سەرسام بن؟!. بە

دڵنیاییەوە دەڵێم هەردووکیان لەم بارەیەوە دەست سپین، بەڵام نەزانی لۆژیکی خۆی هەیە و زوو پەردە لەسەر رووی خۆی هەڵدەماڵیٚ!

ئەوجا با بۆ وەڵامەکانی بەختیار بگەڕێینەوە:

لە وەڵامی پرسیاری یەکەم دەڵیٚ: (لە کۆمەڵگای ئێمەدا زوهدێکی دینی ناشیرین دەرهەق بە مەسەلەی ماف دروستبووە، مرۆڤەکان بە جۆرێکی بێمانا دەستبەرداری مافەکانی خۆیان دەبن، بووە بە فەزیلەت مرۆڤ داوای مافی خۆی نەکات)

بەختیار دەتوانیٚ پێمان بڵێت: ئایا رۆژنامەنووسان و نوسەران داوای مافی ئازادی بیروڕا دەربڕین دەکەن-لە ئەڵمانیاش ئەم داواکارییە بەرزدەکرێت-؟! ئایا رۆژانە خەڵک داوای کارەبا، ئاو و زیادکردنی مووچەکانیان دەکەن- ئەم داواکارییانە جیهانین، بۆ نموونە کێشەی ئاوی خواردنەوە جیهانییە-؟ ئایا گەنجان داوای دابینکردنی پێداویستەکانیان دەکەن؟ ئایا کرێچییەکان داوای مافەکانی خۆیان دەکەن؟ ئایا خەڵک نارەزایەتی خۆیان دەردەخەن؟ ئایا کەسوکاری ئەنفالکراوەکان داوای مافەکانی خۆیان دەکەن؟ ئایا رۆژانە بە هەزار شێوە ئەو خەڵکە لە رۆژنامە، سایتەکانی ئینترنێت، تەلەفزیون، رادیو و بە خۆپیشاندان، ئیمزاکۆکردنەوەو سکاڵانامە، داوای مافەکانیان دەکەن؟ ئایا داوای دادپەروەری کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی چەوساندنەوە بە هەموو جۆرەکانی دەکریٚ؟...هتد

بە کورتی: بەڵیٚ خەڵک نە دوێنیٚ و نە ئیمڕۆ دەستبەرداری مافەکانی خۆیان نەبوونو نابن. مێژووی مرۆڤایەتی، نەک تەنها لە کوردستان، ئەم راستییە دەسەلمێنیٚ، بۆیە وەڵامەکەی بەختیار بەشێوەیەکی زۆر سادە، رەنگدانەوەی وەهمە بێسەروبەرەکانییە.

لە بەشێکی تری وەڵامی یەکەمدا، دەڵیٚ: (...حیزبی کوردی جگە لە دوکاندارێکی پیر و نەخۆش هیچی تر نییە کە لەسەر کانییەک دانیشتووە)...

ئاخر بەختیار خۆی کوڕی شەرعی ئەو دوکاندارە پیرەیە-من خۆم بەجۆرێکی تر دەیبینم-و بەرپرسە نەزانەکانی گەناڵە راگەیاندنەکانی ئەو دوکاندارانە، بە راست و چەپ بەخەڵک ناساندیان، دەمیان چەور کرد و ئێستا دەبینین گۆڤارێکی ئیسلامی"لیبراڵ" بیٚ ئاست کە یاری بە ئاگر دەکات، گفتوگۆی لەگەل سازدەدەن.

بەختیار ڕێهەڵگری فەیلەسوفی بەربەرییەت و سەرکوتکردنی داخوازییەکانی خەڵکەو باسی مافی مرۆڤ دەکات، ئاخر نیتشە و مافی مرۆڤیان وتووە؟ !

ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی کوردی کارێکی زۆر ئاسانە، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە: ڕەخنەکە بە پێی چ پێوەرو فەلسەفەیەک دەگرین. ئاخر (نیشتە)ش ڕەخنەی لە هەندێ لایەنی کۆمەڵگای بۆرژوازی گرتووە، بەڵام لە ڕوانگەیەکی نوخبەوی ئۆتۆریتری ڕاستڕەوانەوە؛ حزبێکی نازی وەک(NPD)یش زۆر بە توندی ڕەخنە لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی حکومەتی ئەڵمانیاو ئیمپریالیزم دەگرێ، بەڵام ئایا دەیانەوێ بە ڕەخنەکانیان بارودۆخی ئەڵمانیا بەرەو کوێ ببەن؟ ئایا یەککگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی دەیانەوێت بە ڕەخنەکانیان لە دەسەڵاتی کوردی خەڵک بۆ کوێ ببەن؟

بەختیارو برادەرەکانی تا سەر ئێسقان لەناو زەلکاوی بیروباوەڕی تاوانکاری نغرۆ بوونەو لە سەردەمی سیستێمی تاوانی ڕێکخراوی سەرمایەداری ئەو زیقاوە دەرخواردی خەڵک دەدەن و"مێگۆلکە"کانی-من ئەم وشە قیزەوەنە بۆ یەک جار لە بەختیار بە قەرز وەردەگرم-" پێیان وایە"تازەگەرن"، بەڵام لە کاتێکدا کەسانی وا هەبن بڕوا بە چەند"فەرمودە"یەکی پێغەمبەر بکەن لەبارەی زیندوو بوونەوەی مەهدی و-یەکێک بەناوی سید موستەفا سەید عەلی بانگەشەی(مەهدی)بوونی کردووەو پەیڕوانی هەیە- بڕوانە لڤین، ژمارە 54-، بۆچی بەختیاریش پەیڕەوانی نەبێت!

ئەم ڕۆژانە بەڕێکەوت گۆڤارێکم دەستکەوت بەناوی(بزاو) و لەسەر ڕوبەرەکەی دوو سەردێڕی زۆر کورت نووسرابوو:

١- 1.6ملیارد دۆلار بۆ میدیا ستی لە هەولێر

٢- 50%ی فەرمانبەران کەم دەکرێنەوە

بە زەق نووسینی ئەم دوو دێڕە لەسەر یەک و بڕی پارە وڕێژەی فەرمانبەران بە ڕەنگی سوور، زۆر بەماناترە لە قسە بێسەروبەرەکانی بەختیار کە زۆر ئەڵێ و هیچ ناپێکێ!

لەو دیمانەیەدا، بەختیار دووبارە گاڵتە بە خۆی دەکات و دەڵێ: (سەرکردە پیرەکانی ئەم بزاوتە دنیابینیان نەماوە، تاکە شتێک گەشەیپێدەدەن، تەکنیکەکانی کۆنترۆڵکردن و بیرکردنەوەیە)

ئەگەر وابێت، بۆچی ئەو"سەرکردە پیرانە"، بە پارەوپووڵ و بە بێ کۆنترۆڵکردن، گۆڤار بۆ گروپەکەی بەختیار دەردەکەن، بۆچی لە تەلەفزیون و گۆڤارەکانیان دیمانەی لەگەل سازدەدەن؟!

پێش ماوەیەک نامیلکەیەکی شیعری بەناوی(ئیتۆس لە دورگەکانی شیعر)ی کاک ئازاد حەمە، چاپی دووهەم لەساڵی2001 بینی. کاک ئازاد شیعرەکانی بە قوربانیانی جۆراوجۆر پێشکەش کردووەو لەوانە(لەپێناو بەربەرەکانێی فاشیزم گیانیان لەدەست دەدەن...هتد)، منیش لە دڵەوە خۆشحاڵ بووم، بەڵام خۆشحاڵییەکەم زۆر بەداخەوە، درێژەی نەکێشا، چونکە کاک ئازاد، لە لاپەڕەی7ی نامیلکەکەیدا، دوو گوتەی فەیلەسوفی فاشیست-مارتین هایدەگەر کە تا مردنی لە1976 لە هیچ کردارێکیان، پەشیمان نەبوو-، هێناوەتەوە. ئەمەش وەک ئەوە وایە یەکێک بەرهەمێکی پێشکەش بە قوربانیانی بەعس بکات و لەولاوە وتەیەکی میشیل عەفلەق بهێنێتەوە!

ئەوجا لەبەر هەموو ئەو"بلیمەتییە" بێئەندازەیە، لە فیستیڤاڵی گەلاوێژی 2007 کە لەلایەن رێکخراوە دیموکراتییەکانەوە رێکدەخرێت، خەڵاتی(بەختیار عەلی)یان کرد !

بەڕاست، ئەگەر من بۆ ئەو هەموو نەزانی و بێ ئاستییە، قوڕی هەموو عالەم بەسەر خۆما نەکەم، چی بکەم؟!، بەڵام سەرباری ئەوەش، با ئوستادانی نەزانی و ئەو دەزگا و لایەنانە کە لە بازاڕی ئازاددا، پووڵ بۆ نووسەرانی(ئەبستمولۆژیای گەمژەکردن)ی خەڵک دەڕێژن، باش بزانن No: Pasarano-ناهێڵین تێپەڕن!-

## (هونەری بەفیڕۆدان)و چۆن من کاتەکەم بەفیڕۆ دا!

پێشکەی: لەراستیدا رۆژنامەی(هاولاتی)بەناو سەربەخۆ وهەفتەنامەی (چاودێر)، شوێنی بڵاوکردنی ئەم زنجیرە نووسینەیە، چونکە ئەوان نووسینەکانی(بەختیار عەلی)یان بڵاوکردووە یان گفتوگۆیان لەگەل سازداوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە ئەو رۆژنامانە زۆر لە رۆژنامە حزبییەکان، حزبیترن و لەلایەکی تر بە بڵاوکردنی نووسینەکانم، نەزانی و بێ ئاگاییان، بۆ خەڵک دەردەکەوێ و دەبنە مایەی گاڵتەجاڕی خوێنەران، بۆیە بە کردووە مافی ئازادی بیروڕا پێشێلدەکەن .

**١- نەزانی بە نرخی رۆشنبیر!**

نزیکەی سێ هەفتەیە، هەفتەنامەی چاودێر، ریکلام بۆ بڵاوکردنی چاوپێکەوتنێک لە گەل بەختیار عەلی، کردو ئیمڕۆ 2007/11/5لە بەشی رەخنەی ئەدەبی، لاپەڕەی 5، بڵاوکرایەوە .

لەم گفتوگۆیە، بەختیار عەلی دەڵێ: (ئەوانەی خۆیان دەتەقێننەوە، گەر ساڵانە جەژنی لەدایکبوونیان بکردایە، نرخی ژیانی خۆیان و ژیانی خەڵکی تریان دەزانی(.

هاوار بەماڵم لەم نەزان و نزانییە! ئاخر ئەگەر جەژنی لەدایکبوون ئەو کاریگەرێتییەی هەبوایە، ئەوا نە لەشکری جاشە مۆدێرنەکانی(بلاک وۆتەر) کە بەناهەق خەڵکیان کوشت، نە سوپای مۆسۆلۆنی و هیتلەر و فرانکۆ دەیان ملیون مرۆڤ دەکوشت، نە هۆڵەندا، پورتوگال، ئەسپانیا و بەلژیکا خەڵکی ئەفریقایان کۆیلە دەکرد، نە خاوەن بانق و سەرمایەدارەکان کرێکارانیان دەچەوساندەوە، نە (Auslaenderbehoerde)ەکەی ئەڵمانیا، ساڵانە بە دەیان هەزار پەنابەر بە زۆرەملی بۆ وەڵاتەکانیان دیپۆرتدەکردو نرخی ژیانی خۆیان و خەڵکی تریان دەزانی. هەموو ئەوانەی ئەو دڕندایەتییە ئەنجامداوەو دەیدەن، هەموویان و هەموو ساڵێک ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونیان گێڕاوە و دەگێڕن، کەچی سەرتاپایان نغرۆی جەنگ و خوێن و کوشتن وماڵوێرانی و چەوساندنەوەی مرۆڤن و چ جیاوازییەکیان لەگەل دڕندەیەکی ئیسلامی توندڕەو نییە .

)بیرتۆڵد بریشت) لە هۆنراوەیەکیدا بەناوی(کوشتن شێوازگەلێکی زۆری هەیە)، دەڵێ:

)بە چەقۆ سکی یەکێک هەڵدڕی،

نان بڕی بکەی یان نەخۆشی یەکێک چارەسەر نەکەی،

یەکێک لە خانویەکی شڕ نیشتەجێ بکەی،

کەسێک دوچاری خۆ بکوژێ بکەی،

کەسێک بە ڕێگای کارکردنەوە، ڕەوانەی مەرگ، بکەی،

یەکێک ڕەوانەی جەنگ بکەی،

لە دەوڵەتەکەماندا، تەنها چەند دانەیەک لەو شێوە کوشتنانە، قەدەغەیە.(

مەعریفەتێکی تری نوێ لە چاوپێکەوتنی ناوبراو کە مرۆڤ دەتوانێ لێی"فێر ببێت"، ئەم بۆچوونەیە: (ستروکتوری خێزانی خۆرهەڵاتی پڕە لە ململانێ لەنێوان براو برا و خوشک و خوشک(...

لەراستیدا ئەم جۆرە ململانێیە لە هەموو کۆمەڵگایەک هەیەو نە لە نزیک و نە لە دوور، هیچ پەیوەندییەکی بە ستروکتوری خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی یان باشوو و باکورەوە نییەو دەکرێ سەدان بەڵگە لەسەر ئەم راستییە بهێنین و دوایی ئەو جۆرە ململانێیە تەنها لەنێوان براو و برا و خوشک و خوشک نییە، بەڵکو لەنێوان هاوسێ و هاو پۆل و هاو گەڕەکەکانیشدا هەیە .

بە بۆچوونی فەیلەسوفی ئەڵمانی(فرانس میرینگ) لە وتاری(لەبارەی فەلسەفە و شیعری سەرمایەداری): (نیتشە...فەیلەسوفی کۆمەڵایەتی سەرمایەدارییە....تێگەیشتنی مێژووییەکەی وەحشی و دڵڕەقانەیە... تێکستەکانی پڕن لە رق و قینەی دژ بە سۆسیالیزم؛ دژی هەموو جۆرە ناڕەزایی دەربڕینەکانی گەلە، چونکە باوەڕی بەوە هەبوو: ئەوەی دەسەڵاتی دەوێ، دەبێ خزمەتچیشی بوێ). بەپێچەوانەوەی بۆچوونی ئەم فەیلەسەفەو دەیان فەیلەسوف و رۆشنبیری تر، چەند کەسێک وەک بەختیار عەلی، ڕێبین هەردی، جەمال پیرە، مەریوان قانع، بەکر عەلی و فاروق رەفیق بەو درندەیە سەرسامن کە بوون بە(فاڤوریتی)چەند دەزگایەکی راگەیاندن و لەبەر هیچ لەباریو نەزانیان، پشتیوانیان دەکەن، بۆیە بە راشکاوی دەڵێین: ئەو پرۆسەیە کارێکی جەواشە و تاوانکارانەیە لەئاستی ئەقڵ و کردار، واتە بە بەهێزکردنی ئەو رەوتە، مرۆڤی خۆپەرەست، چاوچنۆک، "کەپوزل"، پیاوکوژو چەوسێنەر درووستدەکەن .!

ئەو ئاراستەیە کە مرۆڤ پێی ئیرەیی نابات و شایەنی خاوەنەکانیانە بۆ نموونە، بۆچوونەکەی کاک(مەریوان هەڵەبجەیی)یە کە لە چاودێر(2007/11/5، لاپەڕەی 4ی رەخنەی ئەدەبی) دەڵێ: ساتەوەختی دەرکەوتنی بەختیار عەلی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، ساتەوەختێکی گرنگە و پێویستی بەکەسێک بووبێت و جموجۆڵ و تەوژمێک بخاتە ناو زمان و ئەدەبیاتەکەیەوە. بێت و موقەدەسەکان بشکێنێت و زمانێکی نوێ و گوتارێکی نوێ دابمەزرێنێت. بێت و وەڵامی پرسیار و یستی نەوەیەکی تر بداتەوە...ئەم زەمەنە پێویستی بە بەمەشخەڵ هەڵگرێک دەکرد یاخی بێت و بە چاوێکی رەخنەئامێزەوە بڕوانێتە مێژوو کلتوری خۆی..).

دوو کەسی سەر بە حزبی یەکگرتووی ئیسلامی کە لە(رۆژنامەی ئاسۆ)ش کاردەکەن، بەناوی یاسین عومەر و هێمن باقر لە پێشەکییەکەیان بۆ ئەو گفتوگۆیە کە لەگەل بەختیار عەلی سازیاندابوو بۆ گۆڤاری(لیڤین، ژمارە 53)، دەنووسن: (هەر وەستانێکیش لەسەر ئەم رەهەندەی ئەو- بەختیار عەلی-، فەیلەسوف و شاعیرو دیوانەی مەزن"نیچە"ی ئەڵمانیمان بەبیردا دێنێت)

١-جارێ من فەیلەسوفێک بەناوی"نیچە"ناناسم، بەڵام پێدەچێ مەبەستی ئەو دوو"رۆشنبیرە زیرەکە"، سوکترین و یەکێک لە فەیلەسوفانی دڕندایەتییە بەناوی (Nietzsche)و ناوەکەی بەم شێوەیە دەنووسرێ(نیتشە)

٢- لە ئەڵمانیا بە پلەی یەکەم فاشیستەکان و کۆنەپەرەستەکان شانازی بە نیتشە دەکەن. من نازانم ئەم دوو کەسە چییان لەبارەی نیتشە خوێندووەتەوە و دەزانن، تا ئەوەندە پێی سەرسام بن و بە مەزنی ناونووس بکەن؟!. بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەردووکیان لەم بارەیەوە دەست سپین، بەڵام نەزانی لۆژیکی خۆی هەیە و زوو پەردە لەسەر رووی خۆی هەڵدەماڵێ!

ئەوجا با بۆ وەڵامەکانی بەختیار بگەڕێینەوە:

لە وەڵامی پرسیاری یەکەم دەڵێ: (لە کۆمەڵگای ئێمەدا زوهدێکی دینی ناشیرین دەرهەق بە مەسەلەی ماف دروستبووە، مرۆڤەکان بە جۆرێکی بێمانا دەستبەرداری مافەکانی خۆیان دەبن، بووە بە فەزیلەت مرۆڤ داوای مافی خۆی نەکات)

بەختیار دەتوانێ پێمان بڵێت: ئایا رۆژنامەنووسان و نوسەران داوای مافی ئازادی بیروڕا دەربڕین دەکەن-لە ئەڵمانیاش ئەم داواکارییە بەرزدەکرێت-؟! ئایا رۆژانە خەڵک داوای کارەبا، ئاو و زیادکردنی مووچەکانیان دەکەن- ئەم داواکارییانە جیهانین، بۆ نموونە کێشەی ئاوی خواردنەوە

جیهانییه-؟ ئایا رۆژانە گەنجان داوای دابینکردنی پێداویستەکانیان دەکەن؟ ئایا کرێچییەکان داوای مافەکانی خۆیان دەکەن؟ ئایا خەڵک نارەزایەتی خۆیان دەردەخەن؟ ئایا کەسوکاری ئەنفالکراوەکان داوای مافەکانی خۆیان دەکەن؟ ئایا رۆژانە بە هەزار شێوە ئەو خەڵکە لە رۆژنامە، سایتەکانی ئینترنێت، تەلەفزیون، رادیو و بە خۆپیشاندان، ئیمزاکۆکردنەوەو سکالآبەرزکرن، داوای مافەکانیان دەکەن؟ ئایا داوای دادپەروەری کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی چەوساندنەوە بە هەموو جۆرەکانی دەکرێ؟...هتد

بە کورتی: بەڵێ خەڵک نە دوێنێ و نە ئیمرۆ و نە سبەی دەستبەرداری مافەکانی خۆیان نەبوون و نابن و مێژووی مرۆڤایەتی، نەک تەنها لە کوردستان، ئەم راستییە دەسەلمێنێ، بۆیە وەڵامەکەی بەختیار بەشێوەیەکی زۆر سادە، رەنگدانەوەی وەهمە بێسەروبەر و قوربانی(زیرەکی نەزانین)ەکەیە.

لە بەشێکی تری وەڵامی یەکەمدا، دەڵێ: (...حیزبی کوردی جگە لە دوکاندارێکی پیرو نەخۆش هیچی تر نییە کە لەسەر کانییەک دانیشتووە.)...

ئاخر بەختیار خۆی کوری شەرعی ئەو دوکاندارە پیرەیە-من خۆم بەجۆرێکی تر دەیبینم-و بەرپرسە نەزانەکانی گەناڵە راگەیاندنەکانی ئەو دوکاندارانە، بە راست و چەپ بەخەڵک ناساندیان، دەمیان چەور کرد و ئێستا دەبینین گۆڤارێکی ئیسلامی"لیبراڵ"ی بێ ئاست کە یاری بە ئاگر دەکات، گفتوگۆی لەگەل سازدەدەن .

بەختیار رێهەڵگری فەیلەسوفی بەربەرییەت و سەرکوتکردنی داخوازییەکانی خەڵکەو باسی مافی مرۆڤ دەکات، ئاخر نیتشە و مافی مرۆڤیان وتووە؟ !

رەخنەگرتن لە دەسەڵاتی کوردی کارێکی زۆر ئاسانە، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە: رەخنەکە بە پێی چ پێوەرو فەلسەفەیەک دەگرین. ئاخر (نیشتە)ش رەخنەی لە هەندێ لایەنی کۆمەڵگای بۆرژوازی گرتووە، بەڵام لە روانگەیەکی نوخبەوی ئۆتۆریتری راسترەوانەوە؛ حزبێکی نازی وەک(NPD)یش زۆر بە توندی رەخنە لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی حکومەتی ئەڵمانیاو ئیمپریالیزم دەگرێ، بەڵام ئایا دەیانەوێ بە رەخنەکانیان بارودۆخی ئەڵمانیا بەرەو کوێ ببەن؟ ئایا یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی دەیانەوێت بە رەخنەکانیان لە دەسەڵاتی کوردی خەڵک بۆ کوێ ببەن؟

بەختیارو برادەرەکانی تا سەر ئێسقان لەناو زەلکاوی بیروباوەڕی تاوانکاری نغرۆ بوونەو لە سەردەمی سیستێمی تاوانی رێکخراوی سەرمایەداری ئەو زیقاوە دەرخواردی خەڵک دەدەن و"مێگۆلکە"کانی-من ئەم وشە قیزەوەنە لە بەختیار بە قەرز وەردەگرم-" پێیان وایە"تازەگەرن"، بەڵام لە کاتێکدا کەسانی وا هەبن بڕوا بە چەند"فەرمودە"یەکی پێغەمبەر بکەن لەبارەی زیندوو بوونەوەی مەهدی و-یەکێک بەناوی سید موستەفا سەید عەلی بانگەشەی(مەهدی)بوونی کردووەو پەیڕوانی هەیە- بڕوانە لڤین، ژمارە 54-، بۆچی بەختیاریش پەیڕەوانی نەبێت!

ئەم رۆژانە بەڕێکەوت گۆڤارێکم دەستکەوت بەناوی(بزاو) و لەسەر روبەرەکەی دوو سەردێڕی زۆر کورت نووسرابوو:

٣- 1.6ملیارد دۆلار بۆ میدیا ستی لە هەولێر

٤- 50%ی فەرمانبەران کەم دەکرێنەوە

بە زەق نووسینی ئەم دوو دێڕە لەسەر یەک و بڕی پارە وڕێژەی فەرمانبەران بە رەنگی سوور، زۆر بەماناترە لە قسە بێسەروبەرەکانی بەختیار کە زۆر ئەڵێ و هیچ ناپێکێ!

لەو دیمانەیەدا، بەختیار دووبارە گاڵتە بە خۆی دەکات و دەڵێ: (سەرکردە پیرەکانی ئەم بزاوتە دنیابینیان نەماوە، تاکە شتێک گەشەیپێدەدەن، تەکنیکەکانی کۆنترۆڵکردن و بیرکردنەوەیە.(

ئەگەر وابێ، بۆچی ئەو"سەرکردە پیرانە، بە پارەوپوول و بەبێ کۆنترۆڵکردن، گۆڤار بۆ گروپەکەی بەختیار دەردەکەن، بۆچی لە تەلەفزیون و گۆڤارو هەفتەنامەکانیان دیمانەی لەگەل سازدەدەن"، بۆ نموونە ئەم جارەشیان هەفتەنامەی چاودێر)؟!

هەفتەنامەی هاولاتی لە رۆژی 9/30و 2007/10/21 وتارێکی بەختیار عەلی بەناوی(هونەری بەفیڕۆدان)بڵاوکردووەتەوە. لەم وتارەشدا کاک بەختیار ئەوەندە بۆچوونی عەنتیکەی نووسیوە، ماندووبوونی رێبوارێکی گەرمیانی رێگای ژیانی هەرەوەزی، دەرکردووەو هێناوەتە سەما !

١- بەختیار دەنووسێ(سەرمایەی نوێ لەلای ئێمە لە کارەوە نایەتەدەرێ، بەڵکو لە بێکارییەوە)

تا خوێندنی (هونەری بەفیڕۆدان)، نەمزانی ئابووریناسێکمان هەیە، بۆچوونی
ئەوەندە"زانستی"بڵاودەکات و فێرماندەکات کە سەرمایە لە کوردستان لە بەری رەنجی ملیونان

کرێکاری چاپخانە، بیناسازی، چەمنتۆو گەچ و بلۆک و خشت وکانەکانی بەرد، مەرەزەو کلاش، کۆمۆنیکاتسیون(پەیوەندی)، کشتوکاڵی، قاڵیدرووستکردن، جگەرە، نەوت و گاز، فرۆکەخانە، ریگاوبان، کارەبا، ئاو، بارهەڵگر، چێشتخانە، شوفێری لۆری، نەخۆشخانە، سوپەرمارک، چاکسازی ئۆتۆمبێل، قەساوخانەکان، ئاش، کارگەی سەهۆڵ، ئەلمنیوم، کەڵەکە ناکات !

ئێمە پێویستیمان بە مەعریفەتێکی زۆر سادە هەیە بۆ ئەوەی بزانین سەرمایە لە دەرەوەی ویست و ئارەزووی ئێمە، لە پرۆسەی کارو ئاڵوگۆڕی کالا، کەڵەکە دەکات .

بەختیار عەلی لە نووسینەکانی پێشووی دەیان زاراوەی ئەڵمانی و لاتینی بەهەڵە نووسیبوو، هەموویان بۆ خوێنەران راستکردەوە، بەلام دیارە ئەو دەیەوێت ببێت بە پسپۆڕی بەهەڵە فێرکردنی زاراوەکان. ئەمجارەیان لە وتاری(هونەری بەفیرۆدان)لەبری ئەوەی بنووسێ(مێنتالیتێت - Mentalitaet-)، دەنووسێ (مەنتەلیت)و لەهەمان رستە دووبارە بە هەڵە دەنووسێت(مانتەلیت)؛-Aristokrat)ئەریستۆکرات)بە هەڵە دەنووسێ(ئەرستۆکرات) دەنوسێ(بەگەڕخستن)، کورد دەڵێ(بەگڕخستن)؛ (فێکر) هەڵەیەو دەبێ بنووسی(فکر)؛ (سیستم) هەڵەیەو (سیستێم) درووستە.

بەدرێژایی وتارەکەی، زاراوەی(خۆرهەلات)بەکاردەهێنێت و سەرەڕای شێوەی جۆراوجۆری دەسەلات، کلتوور و مێژووی خۆرهەلات، زاراوەکەی گشتگیرکردووە. لەراستیدا ئێمە(رۆژهەلاتی ناوین، رۆژهەلاتی ناوەندو رۆژهەلاتی دوور)مان هەیەو نەزانییە هەموویان بە یەک چاو سەیر بکەین! بە پێی نووسینەکەی بێت، مەبەستی رۆژهەلاتی ناوینەو دەبوو بنووسێ(رۆژهەلاتی ناوین)

٢- بەختیار دەنووسێ: (یەکێک لەو کێشە گەورانە کە فێکری دینی بۆ دونیای دوای خۆی جێدەهێڵێ، ئەوەیە چەمکی"سەرفکردنی ماڵ و سامان لە رێگای خودادا..).

بەختیار پێی وایە مرۆڤایەتی، فکری دینی تێپەڕاندووە، لەڕاستیدا فکری دینی هێشتا بەسەر نەچووە، تا شتێکی بەدوای خۆی بەجێبهێڵێ! هەروا ئێستاش لە" وەلاتە پێشکەوتووەکان" وەک هەندێ کەس دەنووسن، فکری دینی درێژەی هەیە و فەتوا دەدەن و یاسای ئاینی دەردەکەن و حزبە دینییەکان یان لەسایەیاندا لە هەڵبژاردن زۆرینە دەهێنن و بەناوی سەرمایەو کۆمپانییە بانناسیونالەکانیان، بەشێوەیەکی"مۆدێرن"فەرمانڕەوایی دەکەن!

لەم رۆژانەش، هەندێ کورد کە لە ئیسلام نیگەرانن، دوو ئاینی تریان دۆزیوەتەوە(بوزایی و زەردەشتی)و ئەگەر رۆژێک لەمانەش، نیگەران ببن، 100% بۆ پەیامبەرێکی تر دەگەڕێن و دەیدۆزنەوە!. ئەم جۆرە کەسانە پێویستیان بە وەهمی پشت هەسارەکان، هەیە(لێیان ناگرم، چونکە تاریکستانییەکی بێ کۆتاییە)

٣- (لە کولتووری حوکمی دێریندا چەمکی بەرهەمهێنان و گەشەدان بە بەرهەم، هێندە ئەرکی تاکەکان خۆیان و گرێدراوی نیعمەتی خودایی بووە، ئەوەندە گرێدراوی ئەرکی سوڵتان و پاشاکان و ئەمیرەکان نەبووە)

ئەم بۆچوونە زۆر وێران و سەقەتە: 1- ئەرکی بەرهەمهێنان نە لە کلتووری کۆن و نە لە کولتوری نوێ، -بۆ نموونە- ئەرکی پاشاپیاو پاشاژن و ئەمیرو ئەمیراتەکانی مۆناکۆ، بەلژیکا، بەریتانیاو هوڵەندا، و خزمەتکارەکەی "الحرمین"و پاساکەی ئەردەن و وعیراق...هتد نەبووە! ئەمانە بەشێوەیەکی"مۆدێرن"هەر خەریکن زوو زوو "بەرهەمهێنانی"دڵخوازی نوێ و لەبەرکردنی جلی شازو ئاهەنگگێڕان لەگەل"ئەستێرەکانی هۆلیود"و شەمپانیاخواردنن؛ هەموویان خزمایەتیان لەگەل یەکتر هەیە! من نازانم بەختیار ئەو هەموو بۆچوونە بێبناغانە لە کوێ دەدۆزێتەوەو بەسەر خەڵک ساخی دەکات و"مێگۆلکەکانی" چەپڵەی بۆ دەدەن!

ب- بەرهەمهێنان هەمیشە ئەرکی کۆی تاکەکانی ناو کۆمەڵگاکان بووەو ئێستاش هەر وایەو دەمینێ. کاتێ یەکێک باس لە بەرهەمهێنان دەکات، زیاتر مەبەست لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییە کە ژیانیان بەڕێوە دەبات !

هاوڵاتی ئەو رستەیە بە گەورەیی بڵاوکردووەتەوە !

٤- هەڵەی هەرە کوشندەی بەختیار ئەوەیە پێی وایە کە مۆدێلی فیئوداڵی کوردی(تەنها بایەخ بە مەسرەفدەدات نەوەک بە بەرهەم!)

فئوداڵی کوردی وەک ئاوەڵە ئۆروپیەکانی، خاوەن زەوییەو زۆر بە وردی بایەخ بە جۆرو رێژەی بەرهەم و باج و خەراج و شێوەکانی تری جەردەکارییەکانیان لە جووتیاران، داوە. دەبێ بایەخی پێ بدا، بەپێچەوانەوە ناتوانێ وەک فیئوداڵێک بمێنێتەوە و فەرمان بدا!

٥- بەختیار دەنووسێ َ(دیارە وەک لە گتێبە گرنگەکەی سومبارت بینیمان)

سومبارت کێیەو ناوی کتێبە گرنگەکەی چییە؟! ئایا نەدەبوو ئاماژە بە سەرچاوە، لاپەڕە و بەرواری بڵاوکردنەکەی بکا؟

٦- بەختیار دەنووسێ: (دووبارەی دەکەمەوە کە بەکارهێنانی وشەی بۆرژوازییەت لە وڵاتی ئێمەدا لە رووی زانستییەوە هەڵگری ئیشکالییەتێکی ئێجگار قووڵە و مایەی هەڵەی سیاسی و ستراتیژی ئێجگار کوشندەبووە)

ئەمەشیان راست نییە، چونکە لە کوردستان ئەم جۆرە بۆرژوازییەتانە گەشەیان کردووە: بۆرژوازی عەقاری، بۆرژوازی بیرۆکراتی، بۆرژوازی بازرگانی، بۆرژوازی کارگە کشتوکاڵییەکان، بۆرژوازی بچووک، بۆرژوازی مامناوەندو هەر هەموویان بوون بە بەشێک لە بۆرژوازی جیهانی و بەرژەوەندییەکانیان، چونکە بازاڕی کورستان وەک بازاڕی هەر وەڵاتێکی تر بە ملیونان شێوە بە بازاڕی جیهانی گرێدراوە. راستە ئێمە بۆرژوازی پیشەسازی زلهێزمان نییە، بەڵام ئەمە واناگەیەنێت، بۆچوونە چەوتەکەی بەختیار قبووڵ بکەین. بۆچوونەکەی نیشانەی(هونەری نەزانییە)و بەس !

٧- هەروا دەنووسێ: (لە وڵاتی ئێمە چینێک نییە، بەرهەمی کردبێتە خولیای خۆی)

ئەگەر بەختیار راستەوخۆ ئەم بۆچوونە بەرگوێی ملیونان کرێکارو جووتیاران...هتد، بدا، ئەوا بە سەروگوێی شکاوەوە بەرەو ئەڵمانیا دەینێرنەوە!

بەڵام کار بەو مەرجانە کە بەسەر کارکەران سەپێنراوە، ئەگەر ناچاری نەبێت، زەحمەتە یەکێک ئامادە ببێت هێزی بیرو بازوو بۆ بەرهەمهێنان، بەکاربهێنێت!

٨- پرسیارێکی سادە دەکەم: ئایا ئەگەر لە کۆمەڵگایەک بەرهەمهێنانی تێدا نەبێت، چۆن دەتوانێ مەسرەفگەراو خاوەن هونەری بەفیڕۆدان بێت؟!

٩- مامۆستا دەنووسێ: (لەدوای قۆناغی فیوداڵی لە کۆمەڵگای ئێمەدا سیستمێک نایەتە پێشێ کە لە کارەوە سەرمایە کەڵکە بکات، بەڵکو کەڵەکەکردنی سەرمایە راستەوراست بەناو بێکارکردن و ئیفلیجکردن و لەکارخستنی زۆربەی هێزە چالاکییەکانی کۆمەڵگادا تێدەپەڕێت)

أ-جارێ دەبێ بنووسێ(هێزە چالاکەکانی کۆمەڵگا)

ب- من نەمزانی بەختیار"ساحر"یشە! دەبا بەختیار بە کۆمەکی"خودا"و هەموو ئەنبیاو ئەولیاکانیش بە بێکارکردن و ئیفلیجکردنی کۆمەڵگای کوردستان، بەخۆی هەوڵ بدا بەبێ پرۆسەی کار، سەرمایە کەڵەکە بکات!

بۆچی کوردستان، ئەڵمانیایە تا لەبەر هەرزانی دەستی کار و لەپێناو وەرگرتنی توانا بۆ کێبرکێ لەگەل کۆمپانیاکانی درووستکردنی ئۆتۆمبیل و تەلەفزیزن و کامیراو تەسجیلی یابانی و چینی و ئەمریکی، بەشێکی گرنگی شەرکەتی(مێرسیدس)یان(بلاوپونکت)و لەپێناو نزمکردنی کرێی کار، بۆ رۆژهەڵاتی خواروی ئاسیا ببات و کرێکاران بەکۆمەڵ بێکاربکات؟ !

١٠- (سیستیمی سەرمایەی ئەوروپی ئەوکات لەدایکبوو کە کۆی کۆمەڵگای کرد بە کرێکار و لە زێدەبایی ئیشیان بنچینەکانی ئابووریی سەرمایەداری دارشت)

بەرێز: ببورە، بە بۆچوونی کاک کارڵ: ئاڵوگۆری کاڵا، خاڵی دەستپێکی سەرمایەیە. بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆری کاڵاکان بەشێوەیەکی پێشکەوتوو: بازرگانی دوو مەرجی مێژوویی پێشینەیین کە سەرمایە لەسەریان دادەمەزرێت. بازرگانی جیهانی و بازاری جیهانی لە سەدەی شازدەهەم، دەستپێکی چیرۆکی ژیانی سەرمایەییە.(سەرمایە جلدی 1). هەروا سەرەرای ئەوەش ئەو سیستێمە بە قۆناغی کەڵەکەکردنی سەرمایەی سەرەتایی تێپەری و فیودالیزم رووبەرووی قەیرانی قووڵ هات و پاشان تووشی دارزانی لەسەرخۆ بوو+ دۆزینەوە مەزنەکانی سەدەی پازدەهەم+ بەربەرییەتێکی بێهاوتا بەرپاکرا، ئەوجا کۆیلەو رەنجبەرەکانی کرد بە کرێکارو لانەوازو بێکارو سواڵکەرو سیستێمی سەرمایەداری لەدایکبوو!

١١- (لە خۆرهەڵات کارەکە تەواو بەپێچەوانەیە، لای ئێمە، سەرمایە بۆ ئەوەی بژێ، تەواوی کۆمەڵگا لە پرۆسەی کارکردن دەکاتە دەرێ و دەیگۆرێت بۆ جەستەیەکی ئیفلیج)

ئەگەر سەرمایە ئەم جۆرە کارە بکات، لە ژیان رادەوەستێت و من شایەتی ئەوە دەدەم کە زۆربەی کۆمەڵگاکەمان کاری سەختدەکەن و ئاساییە کە لە سایەی سەرمایەداری بێکاری و بێکاری

دەمامککراو، هەیە. بۆچوونەکەی بەختیار شایانی پێکەنینە و ئەوەی پێی وانییە، با بە باشی بیر لەو بۆچوونە بکات.

١٢- ئابووری بازرگانی رۆڵی سەرەکی بینیوە لە دامەزراندنی شارو شاریش لە کوردستان مێژووی دێرینی خۆیی هەیەو بەپلەی یەکەم، بوون بە ناوەندی بازرگانی!

١٣- گواستنەوە لە فۆرمێکی ئابووری بۆ فۆرمێکی تر روویداوەو بەختیار خۆی بە خۆی پێدەکەنێ ئەگەر ستروکتوری ژیانی شارەکانی کوردستان لە هەموو روویەکەوە لەگەڵ ستروکتوری ژیانی لادی بەراورد بکا.

١٤- ئوستاد دەنووسێ: (لێرەوە ئابووری و سیاسەت لە وڵاتانی ئێمەدا بە جۆرێکی ترسناک خزاونەتە یەک، دەسەڵاتی نوخبەی سیاسی بەسەر کۆی سیستیمی ئابووریدا بەم جۆرە تۆتالیتارە تەنیا لە مۆدێلی کۆمونیستی حوکمدا تەنیا لە مۆدێلی کۆمونیستی حوکمدا پێشتر بینراوە)

ئای لەم حەماقەتە بێوێنەیە! تەحەدای هەمووتان دەکەم، ناوی تاقە یەک وڵاتم پێ بڵێن، تێدا سیاسەت و ئابووری بە جۆرێکی"ترسناک"نەخزابنە ناو یەکتر!

فەرموو برۆن بەخۆتان پرسیار بکەن: ئایا بێرلسکۆنی(سەرۆکوەزیرانی ئیتالیا، هیلمۆت کول یان شرودە(سەرۆکوەزیرانی رابردووی ئەڵمانیا) یان (بوش)ی باوک و کوڕ و زۆربەی
سەرۆکوەزیرەکان، لە خاوەنی کۆمپانیا یان لە ئەنجومەنی کۆمپانیایەک کاردەکەن یان نا! ئایا
کارو بەرژەوەندی کۆمپانیاکەیان بەشێوەیەکی زەق لە سیاسەتەکەیان بە
شێوەیەکی"ترسناک"رەنگی داوەتەوە یا نا! ئەمە نموونەیەکی تری هونەری نەزانی بێوێنە !

١٥- بەڕێز بەختیار دەنووسێ: (سیستمی ئایدۆلۆژی و سیستمی حوکمڕانی کۆمۆنیستیش هیچیان بێ زاراوەی بەرهەم ناژێن)

"برارۆ لەو داهێنانە کە بەو زمانە ستاندارە نووسراوە. بەڕاست جێگای(و) لەنێوان سیستێمی ئیدۆلۆژی و سیستێمی حوکمڕانی چ رۆڵێک دەبینێ؟! پاشان بە ئەرک نەبێ، تکا لە"مامۆستا"دەکەم ناوی سەردەمێک، شێوە حوکمڕانییەک یان هەر پێکهاتەیەکی کۆمەلایەتی لە مێژووی مرۆڤایەتی دێرین و هاوچەرخ بهێنێت، بە بێ زاراوەی بەرهەم ژیان و بوونی هەبێت. من پێشوەخت سوپاسی دەکەم! خەڵکینە من شەرم دەکەم لەوەی لاپەڕەی رۆژنامەیەک بەو جۆرە بۆچوونە زۆر بەتاڵانە

پڕبکرێتەوە! لەوانەیە بەختیار پێیوایە جیهان کۆتایی هاتووە و لەناو بەهشتین و مرۆڤ هەر ئەوەندەی لەسەرە(لەسەر تەختی جەواهیربەند، هەمبەر بەیەک پاڵ دەکەفن، تازەلاوی هەمیشە لاو، لەدەوریان دێن و دەچن. بە زەرک و بەتونگەو پیاڵە بادەی ڕەوان لەسەر چاوەیان دەدەنێ. نە لە خومار سەریان دێشێ و نە ئاوەزیش لەدەست ئەدەن. مێوەجاتیش هەرکامی هەڵی دەبژێرن، گۆشتی مەلیش، لەوانەی ئارەزۆی دەکەن، کیژی سپی چاوبەڵەکیش، هەموو ئێژی مرارین لەناو قاپۆڕدا، پاداشی کردەوەیانە...قورئان، لاپەڕەی534-535-سورەتی واقیعە)!

-16مەلا بەختیار دەنووسێ: (درووستکردنی دێکتاتۆری ترسناک، پێویستییەکی ئەم جۆرە ئابوورییە مەسرەفکەرەیە...جەنگ بە هەموو شێوەکانی بەرهەمێکی سەرەکیی ئەم جۆرە سیستمەیە)

جارێ(دێکتاتۆر)هەڵەیەو دەبێ بنووسێ(دیکتاتۆر)! خێری باوکی هەر خوێنەرێکی ئەم نووسینە، پرسیار لە"مامۆستا"بکەن، ئایا بەڕاست ((جەنگ بە هەموو شێوەکانی بەرهەمێکی سەرەکی ئەم جۆرە سیستەمەیە؟ ئایا جەنگی جیهانی یەکەم و دووهەم و ئەو جەنگانە کە لە مێژووی مرۆڤایەتی ڕوویانداوە، بەرهەمێکی سەرەکی سیستێمی مەسرەف کەرە؟

هاوڕێ عەزیزەکانم: خەمتان نەبێ، ئەو ڕەشەبایە، کاتییە...لووره لووری گورگەکانە، نامانترسێنن...شەپۆلی نۆیەم لەرێگایە...وەی بەحاڵیان لەو ڕۆژە....بەدڵنیاییەوە قوربانیانی کۆمەڵگای کالا، هەموو جۆرەکانی تیرۆرە ڕەشەکانیان بە تیرۆرە فکرییەکانیانەوە، لە لووتیانەوە دەردەهێنرێت و تا کار و سەرمایە لەبەردەم یەکتر ڕاوەستن، هەزاران سپارتاکۆس، مارکس، ڕۆزا لۆکسمبۆرگ و جیڤارای تر لەدایک دەبن تا لەناوبردنی ناکۆکی چینایەتی...و دوا وشەم ئەوەیە بڵێم: وتاری(هونەری بەفیرۆدان) ڕەخنەی زۆر زۆرتر هەڵدەگرێ، بەڵام من وا هەست دەکەم، لە خوێندن و ڕەخنەگرتن لە(هونەری بەفیرۆدان) کاتەکەم بەشێوەیەکی هونەرانە(بەفیرۆ)دا و نامەوێ لەوە زیاتر(بە فیرۆی)بدەم!

## ( نۆمانکلاتۆر)ەکەی بەختیار عەلی!

سەردێڕی ئەم وتارە بە وشەیەکی بە هەڵەبەکارهێنراوی بەختیار بڵاودەکەوەو وشەکە بەم شێوەیە دەنووسرێ(نۆمنکلاتوراnomenklatuer-و لە پەیڤینیشدا دەگوترێ: نۆمنکلاتوە) دەنووسرێت؛ کۆنزەرڤاتیڤەکان هەڵەیە و بەم جۆرە دەنووسرێ(کۆنزێرڤەتیف)؛ (دونیا)هەڵەیە و دنیا درووستە؛ (مساوەمە)هەڵەیە و (موساوەمە) درووستە. چاکتر وایە ئەم برادەرە دەست لە بەهەڵە بەکارهێنانی وشەی لاتینی و ئەڵمانی هەڵبگرێت، چونکە زۆربەیانی بە هەڵە نووسیوەو پێشووتر لەچەند نووسینێکمدا دانەبەدانەیانم راستکردووە، بەو ئومیدەوە خوێندکاران بەهەڵە بەکاریانەهێنن.

خۆزگا هەڵەکەی بەختیار هەر ئەوەندە بوایە، بەڵام هەرجارێک بابەتێکی بخوێنم، بە دەیان و سەددان هەڵەی پڕ سەیروسەمەر و جەواشەکاری دەبینم و مرۆڤ ناتوانێ لەئاستیاندا بێدەنگ ببێت:

١- بەختیار دەنووسێ: (ناوی یەک کەس لەو چینە ئەرستۆکراتییە تازە بەخراپە بە بەیانی لە دادگا خۆت دەبینیتەوە یان بە رۆژی نیوەڕۆ دەترِفێنن)!

ئەمە راست نییەو ئەوەی تۆزێک ویژدانی هەبێت بەچاوی خۆی دەبینی چۆن راستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە رۆژنامە، تەلەفزیون و رادیوکان، نەک هەر بە خراپە، بەڵکو هەندێ جاریش بە زیادرۆییش ناوی ئەو چینە ئەرستۆکراتییە دەهێنرێت بەبێ ئەوەی بدرێن بە دادگاو ئەگەر رەخنەگرێک درابێتە دادگا، ئەوا گەرچی پێم باشە کێشەی (قەڵەم بە قەڵم) چارەسەربکرێت، بەڵام لە وەڵاتانی وەک ئەڵمانیا کە خاوەن نزیکەی50ساڵی ئەزموونی دیموکراسییە، بە بەردەوام نووسەر و خاوەن ئیمتیازی رۆژنامە و گۆڤارەکان دەدرێنە دادگا((بەختیار دەتوانێ لەم بارەیەوە پرسیار لە گۆڤاری تیتانیک، کتێبخانەی جۆرجی دیمیترۆڤ لە فرانگفۆرت- و زۆربەی کتێبخانە چەپەکانی ئەڵمانیا-و تەنانەت لە رۆژنامەی بیڵد بکات، چەندین جار رووبەڕووی دادگاکان بوونەتەوە و سزای جۆراوجۆر دراون. لە کوردستانیش، بۆ نموونە من مافی رەوای خۆمە، یەکێک وەک مەحمود قەرەداغی لەبەر ئەو تەشهیرو سوکایەتیپێکردنە کە لە کتێبەکەی بە من دەیکا، بدەم بەدادگا، بەڵام من قەڵەمەکەم پشتوپەنامەو بەهەموو دادگاو یاساکانی دنیا نایگۆڕمەوەو ئەگەر جارێکی تر من و کاک مەحمود رووبەڕووی هەمان بارودۆخی زیندان بووینەوە، ئەوا بێگومان هەر وەکو جاران بەهەمان هەڵویست و رەوشت، رەفتاری لەگەڵ دەکەمەوە .

٢- بەختیار دەنووسیّ: (...گەنجان گلەییان لەوە هەیە کۆمەڵگا کۆمەکی خێرایان پێناکات و یارمەتیان نادات زوو ببن بە پیاوو گەورە ببن).

بەختیار بەخۆی لە وەڵاتێکی ئۆروپی دەژیّ و دەبیّ بزانیّ لەویّ حکومەت، بۆ نموونە(بەڕێوبەرایەتی لاوان)ی دامەزراندووە و بە هەزاران پسپۆڕی بوارە جۆربەجۆرەکانی بۆ لاوان دامەزراندووە یان بە ڕێگای(بەڕێوبەرایەتی کار)ەوە کۆڕو خوول بۆ گەشەپێدان و گەڕان بۆ کارکردن ڕێکدەخەن و حزب و کڵێساکان لە هەموو بوارێکداو بەشێوەی جۆراوجۆر کۆمەک بە لاوان دەکەن. چاوەڕوانی لاوان لە کۆمەڵگا مەسەلەیەکی تایبەتمەند نییە بە کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتی یان ڕۆژئاوایی و بەڕاستی حکومەت و کۆمەڵگا بەگشتی دەبیّ لەبەرامبەر لاوان بە کچ و گوڕ لە ئاستی بەرپرسیارییەتی بن!

٣- بەختیار: (حزب ئێستا وشەیەکی بێمانایە هەموومان بەکاریدەهێنین ، چونکە بوونی راستەقینەی نەماوە تا کەس لێی بترسێت)

بەختیار لە ئەڵمانیا دەژیّ و حکومەتەکەی لەلاین حزبێک یان هاوپەیمانی چەند حزبێکدا بەڕێوەدەچیّ و تا سەرئێسقان کۆمەڵگایەکی حزبییەو ئەگەر بەختیار لەبری ئەو بۆچوون سەقەت و بیّ بنەمایە، تۆزیّ خۆی ماندوو بکات، ئەوا بەدڵنیاییەوە ناتوانیّ ناوی ئەو هەموو حزب، گروپ، کۆمەڵە و ڕێکخراوانە بۆ ریزبکات!

ئایا بەختیار دەتوانیّ تەنها نموونەیەکمان بۆ بهێنێت لەبارەی کۆمەڵگایەکی ئەم جیهانە بەرفراوانە، تێیدا حزب وەک پارێزەر یان دەربڕی بەرژەوەندی ئابووری، ڕۆڵی سەرەکی نەبیّ؟! من دڵم بۆ"مێگۆلکەکانی-ئەم وشە قیزەوەنە لە ئەقڵی مامۆستاکانی بەختیارو خۆی بە قەرز وەرگرتووە"ئوستاد دەسووتیّ کە بڕوا بەو نەزانی و گەمژایەتییانە دەکەن .

٤- مامۆستا دەنوسیّ: (حیزب ئێستا تەنیا خزمەتکارە، سوپایەکی یەدەک و هەڵگیراوە بۆ ڕۆژی تەنگانە، دەمامکێکی سیاسییە بۆ نوخبەیەک کە زۆر بەخێرایی لە سیاسەت دووردەکەونەوە. بوونی حزب ئێستا بوونێکی رەمزییە)

حیزب؟! کام حزب؟ هەموویان؟ !

ئەو سێ پرسیارە پووچەڵی ناوەڕۆکی رستە بێتام و لەزەت و خڕفانەی مامۆستا دەردەخات و لەوەش زیاتر بە گشتگیرکردنی وشەی حزب، دوو شاخیش بۆ خۆی دروستدەکات، ئەوجا بزانن لەبەردەم چ مەهزەلەیەکی پێکەنیناوی راوەستاوین. هەر حزبێک لاگیری لە بەرنامەو پڕۆژەو چین و توێژێکی دیاریکراو دەکات و بەکردەوە فەزای ژیانی رۆژگارمانی داگیرکردووە، بۆیە حزب بوونێکی رەمزی نییە و بەختیاریش عەلەشیش !

٥- ئوستاد فێرماندەکات کە: (پڕۆژەی گۆڕینی مرۆڤی کورد بۆ کۆیلە، پڕۆژەیەکی ترسناکی هەموو کۆنزەرڤاتیڤەکانی ئەم ناوچەیەیە، لە رۆحی خۆرهەڵاتەوە هاتووەتەدەرێ )

سیاسەتی داگیرکردنی وەڵاتان لە روحی کەڵەکەکردنی سەرمایەدایەو ئەمەش پەوەندی بە"روحی رۆژهەڵات یان رۆژئاوا"وە نییەو ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، دەبینین داگیرکردنی زەوی و زاری خێڵ، ناوچەو هەرێم و وەڵاتانیتر ئەنجامدراوە .

٦- کاک بەختیار فرەبێژییەکی بێوێنە دەکات کاتێ لە وەڵامی پرسیارەکان، بانگەشە بۆ(ئازادکردنی مرۆڤی کورد و گەنجی کورد)دەکات! سەیرکەن و فێری ئەم دەربڕینە ببن((مرۆڤی کورد و گەنجی کورد))! دوو رۆژنامەنووسەکەی لیڤین و ئاسۆ(یاسین عومەر و هێمن باقر)زەحمەتی ئەوەش ناکێشن پرسیار لە نهێنی و مانای(مرۆڤی کورد و گەنجی کورد)ەکەی بەختیار بکەن تا"دەوڵەمەنتر"ببین.

٧- بەختیار باسی((مرۆڤی کوردی ئازاد و کوردستانێکی دیموکرات)دەکات!

ئایا ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئەسپانیاو ئیتالیایەکی دیموکرات، مرۆڤەکانیان بە ئازادی دەژێن؟! ئەگەر وا بێت ئەدی ئەو هەموو ناڕەزایی دەربڕینە لە دژی فاشیزم، بێکاری، سێکسیزم، دیپۆرتاتسیونی زۆرەملێی پەنابەران، سۆزانچێتی، پیاوسالاری، کوشتن و زەوتکردنی ژنان و منداڵان، داگیرکردن و ملیتاریزم لەسەر ئاستی جیهان و چەوساندنەوەی چینایەتییە بۆ ئەنجامدەدرێ؟! بەختیار کوردستانێکی دیموکرات و مرۆڤێکی ئازادی دەوێ، بە پەرلەمانێکی ناحزبی(!)و ئەو ئازادییە کە بانگەشەی بۆ دەکات هەر ئازادی بازاڕی ئازاد و لیبڕالیستەیە کە لەگەل سەرکەوتنی دەسەڵاتی سەرمایەداری بە ئاگرو ئاسن پەیڕەودەکرێ...بۆچوونەکەی چەند کۆن و سواو گاڵتەجاڕییەو ئەوجا چەند خوڕافییە!

گەرچی بەختیار سیاسی نییەو دووره له تێڕوانینی حزبیانه، بەڵام خەم بۆ(رۆحی نەتەوه)دەخوات و دەیەوێت(ستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوەوه)ش لەناو ببات !

پرسیارەکه ئەمەیە: هەموو باس له لەناوبردنی ستەمی کۆمەڵایەتی دەکەن، بەڵام لەسەر بنەمای چ ئابوورییەک؟ سامانی کوردستان چۆن بەرهەمبهێنرێت و دابەشبکرێت؟ مانای ئازادی مرۆڤ چییە؟ مرۆڤ چەند کاتژمێر کاربکات؟ چی به زمانی پیاوسالاری بکەین؟...هتد و لەدواییشدا پرسیار دەکەم ئەگەر ئازادی بەمانا کۆمونیستییەکەی واته(لەناوبردنی کۆمەڵگای چینایەتی)یە، ئەدی ئازادی بەمانا"بەختیارییەکەی" چییە؟!

بۆچوونەکانی بەختیار عەلی قسەوباسی زۆر هەڵدەگرێ و ئەو جۆره خیتابه نموونەیەکه بۆ شکستی خاوەن جۆره تێفکرینێک که پێیان وایه بۆچوونێکی هاوچەرخیان داهێناوەو ئەڵتەرناتیڤێک بۆ بیروبۆچوونی کۆمونیزم پێشکەش دەکەن، بەڵام که مرۆڤ دەیانخوێنێت، دەردەکەوێت که ئەوانه کەسانی بێتوانان و لەناو بازنەی جەهالەت دەسووڕێنەوه ...

26/11/2007

ئەم وتارانه له هەفتەنامەی(شەقام)، ژماره 84، لاپەڕەی 13،و هەفتەنامەی ئاڵا بڵاوکراونەتەوه.

## دوا گاڵتەجاڕترین دەقی دنیا

چەند سەرخەتێک لەسەر نووسینێکی بەختیار عەلی

ئێستا ئەم دەقەی بەختیار عەلی لە فێسبوکی هاوڕێیەکم بەرچاو کەوت:(کۆچ یاخیبوونێکی ڕەمزیی بێئامانجە، جۆرە شۆڕشێکی ناوەکییە کە تاکی ئێمە بەرپایدەکات، نەوەک بەرامبەر چینێک یان توێژێک یان دەسەڵاتێک بەڵکو بەرابەر هەموو کۆمەڵگا. نائومێدیی نییە لە سیاسەت بە تەنیا بەڵکو نائومێدییە لە کۆی ژیانی کۆمەڵایەتی، نائومێدیی نییە لە ئێستای ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە، بەڵکو لە داهاتووشی. بەڵام نائومێدییەکی بێزمانە، نائومێدییەکە کە لە شێوەی ڕقێکی نەپاڵێوراو و نەسازێنراودا دێتەدەرێ. کۆچ بە شێوەیەک لە شێوەکان تەعبیرە لەو بێزمانییەی مرۆڤی ئێمە، لەو ئاستە نزمەی تەعبیرکردن. مرۆڤی ئێمە بەردەوام لە شتێک توڕەیە، دەیەوێت خۆی لە شتێک ڕاپسکێنێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت ئەو ڕقە بخاتە سەر زمانێکی ڕوونی قسەکردن، ناتوانێت بە ڕوونی پاڵنەر و مۆتیڤەکانی دیاریبکات... کۆچ تێکستێکە مرۆڤی ئێمە لەبری دەست بە قاچ دەینوسێت.

"بەختیار عەلی" لە کتێبی فیکریی «ناشوێن»ەوە

لە پەیجی Negative وەرگیراوە(

**لێرەدا"عەبقریەتی"رستە بە رستەکەی پیشاندەدەم:**

1. (کۆچ یاخیبوونێکی رەمزی بێئامانجە)

لەراستیدا کۆچ دیاردەیەکی زۆر کۆنە و هەموو گەلانی دونیای گردۆتەوە و لەکاتی جەنگە جۆراوجۆرەکان و هەژاری و بڵاوبوونی پەتا یان کەم ئاوی یان رەگەزپەرەستی یان...هتد روودەدات و ئامانجی زۆر زەق و دیاری پر ِ ئامانجی هەیە، بۆ نموونە وەک: پاراستنی ژیان، ئازادی، دابینکردنی بژێوی. هەروا بۆ نموونە کۆچکردنی ناوو لات هەیە لە شارێکەوە یان هەرێمێکەوە بۆ شار و هەرێمێکی تر.

2. (جۆرە شۆڕشێکی ناوەکییە کە تاکی ئێمە بەرپایدەکات ، جۆرە شۆڕشێکی ناوەکییە کە تاکی ئێمە بەرپایدەکات، نەوەک بەرامبەر چینێک یان توێژێک یان دەسەڵاتێک بەڵکو بەرابەر هەموو کۆمەڵگا.).

هەندێ جار پرسیارکردن پاشترین وڵامە و لێرە پرسیاردەکەم: لە کوێی دنیا کۆچکردن بە شۆڕش شوبهێنراوە؟ بۆچی هەر تاکی ئێمە کۆچ دەکات؟. هۆکاری پەنابردن بۆ کۆچکردن لە وڵات دیسان فرە لایەنە و هەیە لەبەرامبەر چینێک یان توێژێک و هەیشە لەبەرامبەر دەسەڵاتێک و کەسانی وایش هەن شێوە ژیانی ئێرەیان پێقبووڵ نیە،بۆیە لەبەرامبەر هەموو کۆمەڵگا رێگای کۆچکردن دەگرنەبەر.

3. (بەڵام نائومێدییەکی بێزمانە، نائومێدییەکە کە لە شێوەی ڕقێکی نەپاڵێوراو و نەسازێنراودا دێتەدەرێ)

دیاردەی کۆچکردن پەیوەندی نیە بە ئومێد و نائومێد و،(کەم تەختەییە) یەکێک هۆکار جیوپۆلەتیک و کۆمەڵایەتییەکانی پشتگوێ بخات. زۆربە بەخۆیان دەرفەتی هەڵبژاردنیان لەبەردەست نیە، بەڵکو هێزێک لە دەرەوەی ئیرادەی تاکەکان خۆی دەسەپێنێت، بۆ نموونە داعش موسلی داگیرکرد و لە ئەنجامیدا، دەیان هەزار کەس پەنایان برد بۆ کۆچکردن بەرو شار یان وڵاتەکانی تر. زۆرێک لە دانیشتوانی باشووری ئیتالیا یان وڵاتانی ئەمریکای لاتین بەخۆی بێکاری کۆچیان کرد بۆ و لاتانی تر.

4. (کۆچ بە شێوەیەک لە شێوەکان تەعبیرە لەو بێزمانییەی مرۆڤی)

نەخێر کۆچکردن تەعبیرە لە هیوای مرۆڤ بۆ خۆدەربازکردن لە مەرگ، برسێتی، (سەبی)کردن، بێکاری، وێرانی ژینگە و قڕکردن و هەیشە لە پێناو هەلێکی باشتر بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە یان پاش(خۆشەویستی بە رێگای تۆرە کۆمەڵایەتییەکان)وە بۆ گەیشتن بە خۆشەویست یان لە پێناو سەرمایەگوزاری.

5. (.مرۆڤی ئێمە بەردەوام لە شتێک تورِ◌ِەیە، دەیەوێت خۆی لە شتێک ڕاپسکێنێت)

رستەیەکی زۆر پێکەنیناویە... پەیوەندی نێوان کۆچکردنی ئێزدیەک و تورەیی چییە؟ پەیوەندی نێوان تورەیی و کۆچکردنی سریلانکییەکان چییە؟ پەیوەندی نێوان تورەیی و کۆچکردنی زۆرێک لە گەنجە بەدبەختەکانی خانەقین یان خورماتو و کەرکوک چییە؟

مرۆڤی ئێمە یەعنی چی؟ ئاخر هەزاران جۆری مرۆڤی مرۆڤ هەیە بە تێڕوانینی جۆربەجۆر کە هەر یەکەیان مۆتیڤی تایبەتی هەس، ئاخر بە چ پێوەرێکی زانستی هەرهەمووی بە یەک چاو سەیر دەکرێت؟

6. (ناتوانێت بە ڕوونی پاڵنەر و مۆتیڤەکانی دیاریبکات)

مناڵیکیش ئەم قسەیە ناکات و خۆی بەدرۆ دەخاتەوە. خۆی نووسیویەتی(کۆچ یاخیبوونێکی ڕەمزیی بێئامانجە، جۆرە شۆڕشێکی ناوەکییە کە تاکی ئێمە بەرپایدەکات)..پرسیار لە هەر کۆچبەرێک بکەیت هەزار یەک پاڵنەرت بۆ دەهۆنێتەوە. بۆ ئاگاداریتان(پاڵنەر واتە مۆتیڤ) بەڵام بلیمەتەکە هەردووکی بەکارهێناوە وەک بڵێی مانای جیاوازیان هەیە!.. کاتی خۆی زۆر زۆر وشەی بیانی بەکاردەهێنا بەڵام زۆربەیان یان هەڵە و لە وتارێکدا بەسەر یەک بە یەکیان چوومەتەوە.

7. (کۆچ تێکستێکە مرۆڤی ئێمە لەبری دەست بە قاچ دەینوسێت)

وەک دەبینن، بەختیار بەخی تێکستەکەی بە قاچ نووسیوە و سەلماندی شایانی زۆرترین پەیگەرە و بەخێر بمێنن!

## "رۆشنبیرەکەی" شاری "رۆشنبیریی" وای وت.

لە گفتوگۆیەکی رۆژنامەی nzz) لە ٢٠١٦/١١/٢٩) لەگەل بەختیار عەلی، دەڵێ: (ئێمە چەند گەنجێکی رۆشنبیری کورد بووین کە پڕبووین لە هیوا و یاخیبوون و زۆر بە توندی رەخنەمان لە حیزبە کوردییەکان و نەریت و پاشخانی کلتووری خۆمان دەگرت. پاشان کێشمان لەگەل حیزبەکان بۆپێش هات کە خۆشیان بەرامبەر یەکتریان دەگرت. پاش جەنگی ناوخۆی خوێناوی

چاوەڕواننەکراو دەستپێکرد. کوشتن زۆر ئاسان بوو و دەیانتوانی هەر دەنگێکی ڕەخنەگر بێدەنگ بکەن. ژیانمان زۆر لە مەترسیدا بوو و نەمانتوانی درێژە بە چالاکییەکانمان بدەین، بۆیە ناچاربووین وڵات بەجێبهێڵین).

ئەمە درۆیەکی زەقە و هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو گروپەن، وتیان هیچ مەترسییەک لە سەر ژیانیان نەبووە.

لەلایەکی ترەوە لە ئەڵمانیا چەندین حیزبی نازی و راستڕەو هەیە و تەنانەت توانیویانە لە پەرلەمان نوێنەریان هەبێت، بۆیە بزووتنەوەی چەپیش ڕێکخراوی جۆراوجۆر و ڕۆژنامە و گۆڤاری دژ بە فاشیزم و راسیزمیان دامەزراندووە. نازییەکان بەرپرسن لە کوشتن و بریندارکردنی هەزاران پەنابەر(کاتی خۆی وەک راپۆرتێک ناوی شەهید و شوێنی تاوان و بریندارکردنیانم بڵاوکردەوە) و هاوکات حکومەتیش بەپرسە لە دیپۆرتکردنی زۆرەملی دەیان هەزار پەنابەر.

## ئایا بەختیار عەلی چی لەبارەی راسیزم و فاشیزم دەڵێ؟

نووسەر لە گفتوگۆکەی دەزگای چاپەمەنی (union verlag) دەڵێ: (من هەرگیز ئەزموونی خراپم نەبووە لە گەڵ ئەڵمان لەناو ئەڵمانیا، تەنانەت برادەرێکی نازیم هەیە و لەگەڵمدا زۆر روح سووک بوو. جارێکیان پێی وتم: بەڵێ من نازیم، بەڵام تۆ برادەری منی. لە چەند ساڵی رابردوو گۆڕانکاری روویدا. بۆ یەکەم جار پاش ١٨ ساڵ هەستم کرد کەسانێک هەیە بە چاوی سووک تەماشامان دەکەن و بە مەبەستەوە هەوڵدەدەن هەستمان بریندار بکەن یان بە ئاشکرا سووکایەتیمان پێبکەن.)

چ کارەسات و جەهالەتێکە، رۆشنبیرێک ١٨ ساڵ لە ئەڵمانیا بژێ و نەزانێت حیزب و بزووتنەوە فاشیست و راسیستەکان چ رۆڵێکی تاوانکارانە دەبینێت لەناو ئەو وڵاتە(سوتاندنی بنکەی پەنابەران، کوشتن و بریدارکردن) و ئاگایشی لە سەدان خۆپیشاندان و نارەزایەتی تا ئەکسیونی چەکدارانەی شیوعی و چەپەکان نەبێت، ئەوجا بەو شێوە قیزەوەنە باسی برادەرە نازییە خوێرییەکەی بکات.

له وڵامی پرسیارێکی تر دەڵێ: زمانمان هەمیشە قەدەغە بووە)

هەمووومان دەزانین نووسین و چاپخانە و کتێب و رۆژنامە بە کوردی قەدەغە نەبووە و قوتابخانە بە زمانی کوردی هەبووە.

بەختیار "داهێنانێکی" گەورە دەکات کاتێ دەڵێ: ...بۆیە دەبێ دەرفەت بۆ پەنابەران بڕەخسێنرێت بەچاوی رەخنەگرانەوە بۆ گۆمەڵگەکانیان بڕوانن. دەبێ هوشیاربن کە ئەوەی لە وڵاتەکانیان روودەدەن پەیوەندی بە جیهانبینی دەسەڵاتدار و تێگەیشتنی ئەخلاقی ئەوێوە هەیە.

ئاخر ئەمەیە نوقسانی ئەقل و هەستی خۆ بەکەمزانی، چونکە ئەمەی لێرە روودەدەن راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش بە هەزار و یەک پەتی جۆربەجۆر پەیوەندی بە دەسەڵاتدارانی باڵادەستی جیهانیشەوە هەیە، یەکیان ئەوی تر تەواو دەکات. بۆ نموونە تاوانی هەڵەبجە راستەوخۆ پەیوەندی بە کۆمپانیاکانی چەکسازی و چەکی کیمیاوی ئەڵمانیاوە هەیە یان بە بڕیاری جەنگاوەرە سەرکەوتووەکانی یەکەمەوە هەیە لە پەیمانی لۆزان...هتد

رەخنەگرە رادیکالە بلیمەتەکە لە پڕ وەک بەرپرسێکی حکومەتی هەرێم لێدوان دەدات و دەڵێ: (جەنگ لە دژی داعش ئێمەی خستە ناو کێشەی قورسی ئابووری و سیاسی، بەڵام تا رادەیەک ئاسۆیەکی ئەرێنی هەیە، چونگە گەل هەستدەکات کە ئێمە بۆ بەهایەکی دیاریکراو خەبات دەکەین: بۆ دیموکراسی و گۆڕانکاری و بۆ جیهانبینینێکی تر کە پێشتر لە ناوچەکەمان بوونی نەبووە)

هەروا لە شوێنێکی تر دەڵێت: (گروپە جیاوازەکان وەک کورد، سوننی و شیعە ناسنامەی خۆیان بە پیرۆزتر دەزانن لە ناسنامەی عیراقی)

لەمەشیان راستی نەپاراستووە، لەبەر ئەوەی سوننە دەیانەوێت سوونەگەراکان بۆ کۆنترۆڵکردنی عیراق بەکاربهێنن و شیعەگەراکانیش بەهەمان شێوە و ئەو بۆچوونە تەنها بۆ هەندێ حیزبی کوردستانی راستە.

پەیوەندی رۆشنبیر بە سیاسەت وەک جیاوازی گەڵای دار و دارە، باران و زەمینە. ئەوەی پێی وابێت نووسین و خیتابەکەی لەدەرەوەی ئەم هاوکێشەیە، زۆر بە هەڵەدا چووە. ئەوەی ئەم

برادەرانە کردیان لە بازنەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی دەرنەچوون و خزمەتیان پێکردن، خزمەت بە رووەکەی تری پارتی و یەکێتی.

لە وڵامی پرسیاری(دەتوانن ئیمڕ سەردانی وڵاتەکەتان بکەن. چ گۆڕانکارییەک لە دوا ١٠ ساڵی رابردوو روویداوە؟)

بەختیار دەڵێ: (گۆڕانکاری زۆر روویداوە. من دەتوانم سەردان بکەم، بەڵام نەک بە زۆری، زیاتر ئەو کاتە کە دەگەڕێمەوە کە بمەوێت کتێبێک بڵاوبکەمەوە یان سەردانی خێزانەکەم بکەم. لەراستیدا لە شارەکەم(سلێمانی) هەمیشە ئازادی زۆر هەبوو بۆ نووسەران و رۆژنامەنووسان. مرۆڤ دەتوانێت هەموو شتێک بڵێت، هەر ئەوەیە ناتوانێت هیچ بکات.ئەمەیە کێشەکە. (بە پێکەنینەوە) لەویَ مرۆڤ دەتوانێت بە ئازادی، بەڵام ریاگەی پێنادرێت بیروڕاکەی بکاتە کردە ئەمەش وەک دیکتاتۆریەت خراپە. چیت ئەویَ بیڵیَ، بەڵام ئەوەی من دەمەوێت بیکە)

بەختیار قسەکەی خۆیی لەبیری جوو کە وتی(ژیانمان زۆر لە مەترسیدا بوو و نەمانتوانی درێژە بە چالاکییەکانمان بدەین، بۆیە ناچاربووین وڵات بەجێبهێڵین)

بەوەند بەسدەکەم و لەدواییدا ئەم پرسیارم هەیە: ئایا ئەو بۆچوون و بیروڕایانە نموونەی کاریکاتۆری نووسەرێک کە بە درۆ و نەزانی لە سوچی جیهانبینی راستڕەوانە نیە و راگەیاندنە کۆنزەرفاتیفەکان هاوشێوەی زۆرێک لە راگەیاندنەکانی "شاری رۆشنبیریی" و قەڵا و منارە بۆ بازرگانی خۆیان بازاڕە"ئازادەکەیان" گەرم کردووە؟

رۆشنبیر زاراوەیەکی بێلایەن نیەو چەندین جۆری هەیە، بەڵام ئایا ئێمە پێویستیمان بە جۆرە رۆشنبیرێک هەیە؟!

گەورەیی شوشەی بیرە فرۆشەکەی کۆلۆمبیا لە شەقامەکانی پاریس (مارکیز)تەنها ئەوە نەبوو خەلاتی نۆبڵی وەرگرت لەسەر نووسینی رۆمانی(١٠٠ ساڵ لە تەنهایی) نووسی، بەڵکو بەوەشە کە سەردانی کۆماندانت مارکۆس دەکات و گفتوگۆی لەگەڵ سازدەدا.

گەورەیی شاملۆ لەوەدا نەبوو جوانترین و ناسکترین شیعری عیشقی نووسی، بەڵکو لەوەشدابوو کە کاتێ مورتەزا کەیوان و وارتان و هاوڕێیانی چریک و فوئاد سوڵتانی لەسێدارە یان شەهید دەبن، دەبن بە هۆنراوە و بە بەرزترین زمان نەمریان دەکات.

گەرەیی بریشت لەوەدا نەبوو کە شانۆی شەقامی داهێنا، بەڵکو شوعییەتی لەسەر شەقام بە خەڵک ئاشنا و خۆشەویست دەکرد. باڵابەرزی و جوانی مەوریسیو رۆزنکۆف بە دەقی شانۆیی و شیعر بەوە گەورە نەبوو، بەڵکو بەوەش کە ١٤ ساڵ لە زیندانی ئیفرادی بەسەر برد بەهۆی ئەندامبوونی لە رێکخراوی تۆبامارۆس. هەروا نازم حیکمەت، موزەفەر نەواب و مامۆستا گۆران.

(بەختیار)ی داماویش دەیەوێت بە درۆ و نەزانی و قسە بێسەروبەر و دژایەتی شوعییەت، شوێنی خۆی بکاتەوە.

**بەختیار عەلی لەنێوان(سوڵتان هاشم) و (نازم گزاردا)!**

گەندەڵی دیاردەیەکە لە هەموو بوارێکدا رەنگدەداتەوەو یەکێك لەوانە بواری بیروبۆچوون: رۆژنامەی (هاولاتی) لە 2007/12/5، وتارێکی بەختیار عەلی بەناوی(لەنێوان شتاوڤنبێرگ و ئایشماندا)بڵاوکرد.

گەرچی بەختیار ئەم جارەش بەخت یاری نەبوو و لەبری ئەوەی بنووسێ فۆن شتاوفنبێرگ Von (Staufenberg، وەك سەددان هەڵەی تری، نووسیویەتی (ڤۆن شتاوڤنبێرگ- یەکێك تازە فێری ئەڵمانی بێت، ئەو هەڵەیە ناکا، بەڵام چی بڵێم برادەرەکەمان فەیلەسوف و رۆشنبیرە. هەڵەی ئابروبەرەی تری بەختیار ئەوەیە دەنووسێ(بزووتنەوەی سۆسیال ناسیونالیست)، بەڵام ناوە درووستەکەی(بزووتنەوەی ناسیونال سۆسیالیست)ە؛ (کۆدیتا) هەڵەیە و درووستکەی(کودەتا)یە؛ (شۆڤێر)هەڵەیە و درووستەکەی(شوفێر)ە....

بەختیار لەبەراوردکردنی نێوان فۆن شتاوفنبێرگ و ئەدۆڵف ئایشمان، دەنووسێ: (مەبەستی سەرەکی شتاوڤنبێرگ و هاورێکانی ئەوە بوو، روویەکی تری رۆحی ئەڵمانی نیشانبدەن، وەك میللەتێك کە دەتوانێت شتێك بکات، میللەتێك هەمووی وەك مێگەل نییە و دەتوانێت ئەو بەشەی دیکەی خۆی نیشانبدات گە دەڵێن نا. شتاوڤنبێرگ نوێنەری ئەو روحەیە کە چاونانوقێنێت و دوای سەرۆك بکەوێت)

ئەم بەراوردکرنە، وەك ئەوە وایە، یەکێك تازە بە تازە هەستێ بە بەراوردکردن لەنێوان سوڵتان هاشم کە تا دوا هەناسە لەگەل سەددام هاوسەنگەر بوو و نازم گزار کە وەختی خۆی هەوڵی کوشتنی(سەددام حوسین)ی دا و چارەنووسی وەك ئایشمان کوشتن بوو. سەیرە، بیرمەندەکەی"هاولاتی"، ئەو هەموو قوربانی و بەرگری و بەرخۆدانانە کە هەر لە سەرەتاوە لەلایەن کۆمونیست، ئەنارشیست، بەشێك لە سۆسیال دیموکراتەکان، ئیماندارەکانی کڵێسا، بێلایەن و سەددان هەزار لەنابەرو کۆچبەرو هەڵاتوو لە ئەرکی سەربازی کە گوتیان(نا) بۆ دەسەڵاتی هیتلەرو دوای نەکەوتن، نابینێ و (فۆن شتاوفنبێرگ)مان بۆ دەکات بە نموونەی ئەوانەی"وتیان نا"و هەرگیز دوای"سەرۆکە نازییەکە نەگەوتن.

هەروا دەبێ ئەوەش روون بێت کە شتاوفنبێرگ ئەو کاتە بەو هەنگاوە هەستا کاتێ دەرکەوت کە ئەڵمانیا لە جەنگە وێرانکەرەکەی، دۆڕاوە. ئێستا ناوەندە راستڕەوە کۆنزەرڤاتیفەکان شانازی بە شتاوفنبێرگ، دەکەن!

وتاری ناوبراو زۆر قسە هەڵدەگرێت و نامەوێ دێر بەدێرە پێکەنیناوی و پڕ لە نەزانییە بێسەروبەرەکانی بەختیار بچمەوە، بۆیە تەنها ئاماژە بە بۆچوونێکی تری دەکەم کە دەڵێ: (ئەو دوو کارەکتەرە کە لە دونیای ئێمەدا زۆر نەناسراوان، لە سەرنجڕاکێشترین و پڕماناترین کارەکتەرەکانی سەدەی بیست بن)

ئەگەر بەختیار تۆزێك خۆی ماندوو بکردابا، ئەوا چەندین نموونە لە مێژووی هاوچەری سوریا، عیراق، ئێران...هتد لەبەرچاوماندو پێویستی نەکرد بەو هەموو هەڵانەوە، نازم گزارمان بۆ نەکا بە (سەرنجڕاکێشترین و پڕماناترین.....هتد) کەسایەتی. بەفیلمکردنی بەسەرهاتی شتاوفنبێرگ و ئایشمان، هیچ شتێکی نوێمان فێرناکات و شایانی ئەوەش نییە، لایان لێ بکەینەوە و دەبا یەکەمجار دەرس و پەند لە مێژووی بەرگری دژ بە نازیزم بەهەموو لایەنەکانی، وەربگرین....

## نەزانی بە نرخی رۆشنبیر!

نزیکەی سێ هەفتەیە، هەفتەنامەی چاودێر، ریکلام بۆ بڵاوکردنی چاوپێکەوتنێک لە گەل بەختیار عەلی، کردو ئیمرۆ 2007/11/5لە بەشی رەخنەی ئەدەبی، لاپەڕەی 5، بڵاوکرایەوە.

لەم گفتوگۆیە، بەختیار عەلی دەڵێ: (ئەوانەی خۆیان دەتەقێننەوە، گەر ساڵانە جەژنی لەدایکبوونیان بکردایە، نرخی ژیانی خۆیان و ژیانی خەڵکی تریان دەزانی)

هاوار بەماڵم لەم نەزان و نزانییە! ئاخر ئەگەر جەژنی لەدایکبوون ئەو کاریگەرێتییەی هەبوایە، ئەوا نە لەشکری جاشە مۆدێرنەکانی(بلاک ووتەر) کە بەناهەق خەڵکیان کوشت، نە سوپای مۆسۆلۆنی و هیتلەر و فرانکۆ دەیان ملیون مرۆڤ دەکوشت، نە هۆڵەندا، پورتوگال، ئەسپانیا و بەلژیکا خەڵکی ئەفریقایان کۆیلە دەکرد، نە خاوەن بانق و سەرمایەدارەکان کرێکارانیان دەچەوساندەوە، نە (Auslaenderbehoerde)ەکەی ئەڵمانیا، ساڵانە بە دەیان هەزار پەنابەر بە زۆرەملی بۆ وەڵاتەکانیان دیپۆرتدەکردو نرخی ژیانی خۆیان و خەڵکی تریان دەزانی. هەموو ئەوانەی ئەو دڕندایەتییە ئەنجامداوەو دەیدەن، هەموویان و هەموو ساڵێک جەژنی لەدایکبوون دەکەن، کەچی سەرتاپایان نغرۆی جەنگ و خوێن و کوشتن ماڵوێرانی و چەوساندنەوەی مرۆڤن و چ جیاوازییەکیان لەگەل دڕندەیەکی ئیسلامی نییە.

(بیرتۆڵد بریشت) لە هۆنراوەیەکیدا بەناوی(کوشتن شێوازگەلێکی زۆری هەیە)، دەڵێ:

**(بە چەقۆ سکی یەکێک هەڵدڕی،**

**نان بڕی بکەی یان نەخۆشی یەکێک چارەسەر نەکەی،**

**یەکێک لە خانویەکی شڕ نیشتەجێ بکەی،**

**کەسێک دوچاری خۆ بکوژێ بکەی،**

**کەسێک بە ڕێگای کارکردنەوە ڕەوانەی مەرگ، بکەی،**

**یەکێک ڕەوانەی جەنگ بکەی،**

لە دەوڵەتەکەماندا، تەنها چەند دانەیەک لەو شێوە کوشتنانە، قەدەغەیە).

مەعریفەتێکی تری نوێ لە چاوپێکەوتنی ناوبراو کە مرۆڤ دەتوانێت لە بەختیار"فێر ببێت"، ئەم بۆچوونەیە: (ستروکتوری خێزانی خۆرهەلاتی پڕە لە ململانێ لەنێوان براو برا و خوشک و خوشک...).

لەراستیدا ئەم جۆرە ململانێیە لە هەموو کۆمەڵگایەک هەیەو نە لە نزیک و نە لە دوور، هیچ پەیوەندییەکی بە ستروکتوری خۆرهەلاتی و خۆرئاوایی یان باشوو و باکورەوە نییەو دەکرێ سەدان بەڵگە لەسەر ئەم راستییە بهێنین و دوایی ئەو جۆرە ململانێیە تەنها لەنێوان براو و برا و خوشک و خوشک نییە، بەڵکو لەنێوان هاوسێکتن، و هاو پۆل و هاو گەڕەکەکانیشدا هەیە.

بە بۆچوونی فەیلەسوفی ئەڵمانی(فرانس میرینگ) لە وتاری(لەبارەی فەلسەفە و شیعری سەرمایەداریێ): (نیتشە...فەیلەسوفی کۆمەلایەتی سەرمایەدارییە....تێگەیشتی مێژووییەکەی وەحشی و دڵڕەقانەیە... تێکستەکانی پڕن لە رق و قینە دژی سۆسیالیزم، دژی هەموو جۆرە ناڕەزایی دەربڕینەکانی گەلە، چونکە باوەڕی بەوە هەبوو: ئەوەی دەسەلاتی دەوێ، دەبێ خزمەتچیشی بوێ). بەپێچەوانەوەی بۆچوونی ئەم فەیلەسەفەو دەیان فەیلەسوف و رۆشنبیر، چەند کەسێک وەک بەختیار عەلی، ڕێبین هەردی، جەمال پیرە، مەریوان قانع، بەکر عەلی و فاروق رەفیق بەو وەحشییە سەرسامن و بوون بە(فاڤوریتی) چەند دەزگایەکی راگەیاندن، چونکە بەخۆیان هیچ لەبارو نەزانن، پشتیوانیان دەکەن، بۆیە بە راشکاوی دەڵێن: ئەم پرۆسەیە کارێکی جەواشە و تاوانکارانە لەئاستی ئەقڵ و کردار، واتە بە بەهێزکردنی ئەم رەوتە، مرۆڤی خۆپەرەست، چاوچنۆک، "کەپوزل"، پیاوکوژو چەوسێنەر درووستدەکەن.!

ئەو ئاراستەیە کە مرۆڤ پێی ئیرەیی نابات و شایەنی خاوەنەکانییە، بە بۆچوونی مەریوان هەڵەبجەیی لە چاودێر(2007/11/5، لاپەڕەی 4ی رەخنەی ئەدەبی) : ساتەوەختی دەرکەوتنی

بەختیار عەلی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، ساتەوەختێکی گرنگە و پێویستی بەکەسێک بووبێت و جموجۆڵ و تەوژمێک بخاتە ناو زمان و ئەدەبیاتەکەیەوە. بێت و موقەدەسەکان بشکێنێت و زمانێکی نوێ و گوتارێکی نوێ دابمەزرێنێت. بێت و وەڵامی پرسیار و یستی نەوەیەکی تر بداتەوە...ئەم زەمەنە پێویستی بە بەمەشخەڵ هەڵگرێک دەکرد یاخی بێت و بە چاوێکی رەخنەئامێزەوە بڕوانێتە مێژوو کلتوری خۆی).

دوو کەسی سەر بە حزبی یەکگرتووی ئیسلامی کە لە رۆژنامەی ئاسۆ کاردەکەن، بەناوی یاسین عومەر و هێمن باقر لە پێشەکێکەیان بۆ ئەو گفتوگۆیە کە لەگەل بەختیار عەلی سازیاندابوو بۆ گۆڤاری(لیڤین، ژمارە 53)، دەنووسن: (هەر وەستانێکیش لەسەر ئەم رەهەندەی ئەو- بەختیار عەلی-، فەیلەسوف و شاعیرو دێوانەی مەزن"نیچە"ی ئەڵمانیمان بەبیردا دێنێت)

١- جارێ من فەیلەسوفێک بەناوی"نیچە"ناناسم، بەڵام پێدەچێ مەبەستی ئەو دوو"رۆشنبیرە زیرەکە"، سوکترین و یەکێک لە فەیلەسوفانی دڕندایەتییە بەناوی (Nietzsche)و ناوەکەی بەم شێوەیە دەنووسرێ(نیتشە)

٢- لە ئەڵمانیا بە پلەی یەکەم فاشیستەکان و کۆنەپەرەستەکان شانازی بە نیتشە دەکەن. من نازانم ئەم دوو کەسە چییان لەبارەی نیتشە خوێندووەتەوە و دەزانن، تا ئەوەندە پێی سەرسام بن و بە مەزنی ناونووس بکەن؟!. بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەردووکیان لەم بارەیەوە دەست سپین، بەڵام نەزانی لۆژیکی خۆی هەیە و زوو پەردە لەسەر رووی خۆی هەڵدەماڵێ!

**ئەوجا با بۆ وەڵامەکانی بەختیار بگەڕینەوە:**

لە وەڵامی پرسیاری یەکەم دەڵێ: (لە کۆمەڵگای ئێمەدا زوهدێکی دینی ناشیرین دەرهەق بە مەسەلەی ماف دروستبووە، مرۆڤەکان بە جۆرێکی بێمانا دەستبەرداری مافەکانی خۆیان دەبن، بووە بە فەزیلەت مرۆڤ داوای مافی خۆی نەکات)

بەختیار دەتوانێ پێمان بڵێت: ئایا ڕۆژنامەنووسان و نوسەران داوای مافی ئازادی بیروڕا دەربڕین دەکەن-لە ئەڵمانیاش ئەم داواکارییە بەرزدەکرێت-؟! ئایا ڕۆژانە خەڵک داوای کارەبا، ئاو و زیادکردنی مووچەکانیان دەکەن- ئەم داواکارییانە جیهانین، بۆ نموونە کێشەی ئاوی خواردنەوە جیهانییە-؟ ئایا ڕۆژانە گەنجان داوای دابینکردنی پێداویستەکانیان دەکەن؟ ئایا کرێچییەکان داوای مافەکانی خۆیان دەکەن؟ ئایا خەڵک نارەزایەتی خۆیان دەردەخەن؟ ئایا کەسوکاری ئەنفالکراوەکان داوای مافەکانی خۆیان دەکەن؟ ئایا ڕۆژانە بە هەزار شێوە ئەو خەڵکە لە ڕۆژنامە، سایتەکانی ئینترنێت، تەلەفزیون، رادیو و بە خۆپیشاندان، ئیمزاکۆکردنەوەو سکاڵابەرزکرن، داوای مافەکانیان دەکەن؟ ئایا داوای دادپەروەری کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی چەوساندنەوە بە هەموو جۆرەکانی دەکرێ؟...هتد

بە کورتی: بەڵێ خەڵک نە دوێنێ و نە ئیمڕۆ و نە سبەی دەستبەرداری مافەکانی خۆیان نەبوون و نابن و مێژووی مرۆڤایەتی، نەک تەنها لە کوردستان، ئەم راستییە دەسەلمێنێ، بۆیە وەڵامەکەی بەختیار بەشێوەیەکی زۆر سادە، رەنگدانەوەی وەهمە بێسەروبەر و قوربانی(زیرەکی نەزانین)ەکەیە.

لە بەشێکی تری وەڵامی یەکەمدا، دەڵێ: (...حیزبی کوردی جگە لە دوکانداریێکی پیرو نەخۆش هیچی تر نییە کە لەسەر کانییەک دانیشتووە.)

ئاخر بەختیار خۆی کوڕی شەرعی ئەو دوکاندارە پیرەیە-من خۆم بەجۆرێکی تر دەیبینم-و بەرپرسە نەزانەکانی گەناڵە راگەیاندنەکانی ئەو دوکاندارانە، بە راست و چەپ بەخەڵک ناساندیان، دەمیان چەور کرد و ئێستا دەبینین گۆڤارێکی ئیسلامی"لیبراڵ"ی بێ ئاست کە یاری بە ئاگر دەکات، گفتوگۆی لەگەل سازدەدەن.

بەختیار ڕێهەڵگری فەیلەسوفی بەربەرییەت و سەرکوتکردنی داخوازییەکانی خەڵکەو باسی مافی مرۆڤ دەکات، ئاخر نیتشە و مافی مرۆڤیان وتووە؟!

رەخنەگرتن لە دەسەڵاتی کوردی کارێکی زۆر ئاسانە، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە: رەخنەکە بە پێی چ پێوەرو فەلسەفەیەک دەگرین. ئاخر (نیشتە)ش رەخنەی لە هەندێ لایەنی کۆمەڵگای بۆرژوازی گرتووە، بەڵام لە روانگەیەکی نوخبەوی ئۆتۆریتری راستڕەوانەوە؛ حزبێکی نازی وەک(NPD)یش زۆر بە توندی رەخنە لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی حکومەتی ئەڵمانیاو ئیمپریالیزم دەگرێ، بەڵام ئایا

دەیانەوێ بە رەخنەکانیان بارودۆخی ئەڵمانیا بەرەو کوێ ببەن؟ ئایا یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی دەیانەوێت بە رەخنەکانیان لە دەسەڵاتی کوردی خەڵک بۆ کوێ ببەن؟

بەختیارو برادەرەکانی تا سەر ئێسقان لەناو زەلکاوی بیروباوەڕی تاوانکاری نغرۆ بوونەو لە سەردەمی سیستێمی تاوانی رێکخراوی سەرمایەداری ئەو زیقاوە دەرخواردی خەڵک دەدەن و"مێگۆلکە"کانی-من ئەم وشە قیزەوەنە بۆ یەک جار لە بەختیار بە قەرز وەردەگرم-" پێیان وایە"تازەگەرن"، بەڵام لە کاتێکدا کەسانی وا هەبن بڕوا بە چەند"فەرمودە"یەکی پێغەمبەر بکەن لەبارەی زیندوو بوونەوەی مەهدی و-یەکێک بەناوی سید موستەفا سەید عەلی بانگەشەی(مەهدی)بوونی کردووەو پەیڕوانی هەیە- بڕوانە لڤین، ژمارە 54-، بۆچی بەختیاریش پەیڕەوانی نەبێت!

ئەم رۆژانە بەڕێکەوت گۆڤارێکم دەستکەوت بەناوی(بزاو) و لەسەر روبەرەکەی دوو سەردێڕی زۆر کورت نووسرابوو:

1.6 -1ملیارد دۆلار بۆ میدیا ستی لە هەولێر.

50% -2ی فەرمانبەران کەم دەکرێنەوە.

بە زەق نووسینی ئەم دوو دێڕە لەسەر یەک و بڕی پارە وڕێژەی فەرمانبەران بە رەنگی سوور، زۆر بەماناترە لە قسە بێسەروبەرەکانی بەختیار کە زۆر ئەڵێ و هیچ ناپێکێ!

لەو دیمانەیەدا، بەختیار دووبارە گاڵتە بە خۆی دەکات و دەڵێ: (سەرکردە پیرەکانی ئەم بزاوتە دنیابینیان نەماوە، تاکە شتێک گەشەیپێدەدەن، تەکنیکەکانی کۆنترۆڵکردن و بیرکردنەوەیە).

ئەگەر وابێ، بۆچی ئەو"سەرکردە پیرانە، بە پارەوپوول و بەبێ کۆنترۆڵکردن، گۆڤار بۆ گروپەکەی بەختیار دەردەکەن، بۆچی لە تەلەفزیون و گۆڤارو هەفتەنامەکانیان دیمانەی لەگەل سازدەدەن(بۆ نموونە ئەم جارەشیان هەفتەنامەی چاودێر)؟!

**بەختیار عەلی: رۆشنبیرانی کورد لەدەرەوەی سیاسەت راوەستن.**

ژمارەی ئەوانەی وەک رۆشنبیرو سیاسەتمەدار ناویان دەهێنرێت، لە ژمارەی پۆلیس و ئاسایش زۆر زۆرترن، بەڵام کاتێ یەکێک وتارێک یان گفتوگۆیەکیان دەخوێنێت، جادووکەیان ئاشکرا دەبێت! لە 2009/4/12، رۆژنامەی هاوڵاتی گفتوگۆیەکی لەگەل بەختیار عەلی لە لاپەڕە5، بڵاوکردەوە. پاش تەرخانکردنی کات بۆ خوێندنی، خەتادەکەم ئەگەر تێبینی و رەخنەکانم نەخەمەڕوو. (دیموکراسی راستەقینە هەیە؟ رۆشنبیری ناسیاسی مانای چییە؟ ئەی هەڵبژاردنی پاک؟ هەڵبژاردن بە حیکمەتی سیاسی دەبرێتەوە چی دەگەیەنێت؟...هتد)

بەختیار دەڵێ: (شتێکی نوێ نییە ئەگەر بڵێم مێژووی سیاسی ئێمە لە شەڕ جیانابێتەوە، مێژووی لەیەکدانە، مێژووی لەیەکتر تێنەگەیشتنە، مێژووی یەکتر قبووڵنەکردنە)

لێرەدا بەکارهێنانی وشەی(ئێمە)، لەرادەبەدەر بێمانایەو ئەو وەهمە لەلای خەڵک درووست دەکات، وەک بڵێ مێژووی سیاسی وەڵات و گەلانیتر تر بە ماچوموچ و هەڵپەڕکێ وچاوبازی تۆمارکراوە. مێژووی سیاسی بە گشتی، واتە مێژووی شەڕی جۆراوجۆری داگیرکردنی وەڵات، چین و توێژەکانە. ئەوە وەهمە ئەگەر یەکێک پێیوابێت مێژووی ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵگەکان"مێژووی تێنەگەیشتنە"، چونکە هێزە جۆراوجۆرکان بەباشی و بە هوشیاری بەرگری لە بیروبۆچوون و بەرژەوەندی خۆیان دەکەن.

بەکارهێنانی(ئێمە)دووبارە بە شێوەیەکی نەشیاو و بێمانا بەکاردەهێنێت بۆ بۆچوونێکی ترو دەڵێ(هێزە سیاسییەکانی ئێمە خەونێکی ترسناکی دەسەڵاتی هەتاهەتایی و ئەبەدی دەیانجولێنێت).

مانای هەتاهەتایی و ئەبەدی، هەر یەک مانایان هەیەو پێویست ناکات لەتەنیشت یەکەوە ریز بکرێن و بەریزکردنیان زمانە ئەدەبییەکەی سووکدەکات و دوایی ئەو رستەیەش"چپسێکی ئیکسپایەرە"،

چونکە هیچ هێزو حکومەتێک لەواقیعی مێژووی مرۆڤایەتی نەناسراوە ئەو ئارەزوو و نیازەی نەبێت بۆ هەتا هەتایە دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت.

یەکێک لە نموونەکانی رسوایی بریتییە لەوەی بەناوی رۆشنبیرییەوە نەزانی و وەهم بڵاوبکرێتەوەو ئەمەش نموونەیەکی ترە: (ئەو نوخبە سیاسییەی ئەمرۆ لە وەڵاتی ئێمەدا دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، هەمان ئەو نوخبەیەی پێشووەو خاوەنی هەمان کولتووری جەنگە)

کلتووری جەنگ؟ بیر لە ژمارەی ئەو جەنگانە بکەنەوە کە لە ماوەی سەد ساڵی رابردوو لەلایەن وەڵاتە"پێشکەوتووەکان"و"دواکەوتووەکان"ەوە بەرپابووە، بەلام لێرەش دەبێ بزانین ئەوانە چ جۆرە جەنگێکن؟ جەنگی رەوا یان ناڕەونا؟. بەختیار بەداخەوە بە نەزانی وشەی جەنگ وەک وشەی تیرۆر بەکاردەهێنێت: ئاخر تیرۆریش وشەیەکی یەک رەهەندو مانا نییە! ئەو نوخبە سیاسییە کە ئێستا لە ئەمریکا حوکمڕانی دەکات هەمان ئەو نوخبە سیاسیەی جاران نییەو بۆ نموونە ئۆباما داوای داماڵینی چەکی ئەتۆمیش دەکات کە دەیان ساڵ هێزە شیوعی و ئاشتیخوازەکان خەباتی بۆ دەکەن، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە ئەم نوخبەیەش پەرە بە جەنگ دژ بە کوردستانیانی باکوورو ئەفغانستان دەداو لەکاتێکدا رێژەی بێکاری و لانەوازی لە وەڵاتەکەیان لە هەڵکشانە، داوای زیادکردنی خەرج دەکات بۆ وەزارەتی جەنگ(خۆیان پێدەڵێن وەزارەتی بەرگری!(

کاک بەختیار وەک"رۆشنبیرێک"سەرسامی خۆی بۆ ئەزموونی هەڵبژاردنەکەی تورکیا و ئێراق دەردەبڕێ و بەلایەوە گرنگ نییە لەو هەڵبژاردنانە بە سەدان کەس بریندارو زیندانی کران و هەزاران ساختەکاری ئەنجامدراو چەندین حزب لەبازاڕەکان، دەنگی خەڵکیان بە پارەو کەلوپەل دابەشکردن دەکڕی و لە هەندێ شاریش نرخی دەنگێک گەیشتە 100دۆلار! ئەمە نموونەکەی بەختیارە کە بە سیاسەتمەدارە کوردەکان پێشکەش دەکات تا شەرم لەلای(سیاسییەکانی ئێمەش)درووست بکات!

کاک بەختیار دەبێ (گەمەی دیموکراتی پاک و بێدەستکاری)مان بۆ روون بکاتەوە. ئەمە زۆر گرنگە، ئایا خەرجکردنی سەدان ملیون دۆلار لەلایەن وۆڵ ستریتەوە بۆ هەڵبژاردنی ئۆباما، گەمەیەکی دیموکراتی پاکە؟ کاکە گەمەکە پێش دەستپێکردنی گڵاو، بۆگەن و قیزەوەنە، چونکە سیستێمەکە هەر وەک خۆی دەمینێتەوەو ئەقڵ و هیواو ئیدیالی دەسەڵاتەکەیان تەنها لە قازانجی سەرمایە دەبینێتەوەو: گۆڕان نابێ!

چەند پێکەنیناویە یەکێک بنووسێت(هەڵبژاردن دەبێت بە حیکمەتی سیاسی ببرێتەوە)! من پرسیاری ئەدرەسی ماڵی ئەو(حیکمەتە سیاسییە دەکەم)، بەڵام لەراستیدا دەبوو بینووسیبا: هەڵبژاردن بە خەرجکردنی حیکمەتی ملیونان دۆلارو لێهاتوویی فێڵکردن و جەواشەکاری راگەیاندنەکان دەبرێتەوەو لێرەشدا گەڕان بەدوا بۆچوونەکانی نەعوم چۆمسکی لەبارەی رۆڵی راگەیاندنەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا سوودبەخشە!

بەختیار عەلی لە ئەڵمانیاوە پێمان دەڵێ: (بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی دیموکراسی هەبێت، دەبێت کۆمەڵگایەک هەبێت لە هەموو ئاستێک و هەموو جومگەیەک و هەموو ساتێکدا دیموکرات بێت)

یە چەیگە-ئەمە چییە-؟ بەڕێز بەختیار دەتوانێ ژمارەی حزب و گروپ و لایەن و رۆشنبیرو کەسایەتییە فاشیست و راستڕەوەز رەگەزپەرەستەکان لە ئەڵمانیا یان نەمساو فەرەنسامان بۆ بژمێرێ؟ هیوادارم پێشمان بڵێ ئەو هێزانە لە هەموو ئاست و جومگ و ساتێکدا دیموکراتن؟! بەڕێز بەختیار دەتوانێ پێمان بڵێ تەخشان پەخشانکردنی پارەی باجەران بە بانقە دۆڕاوەکانی لە بازاڕی"دیموکراسی"دراو، چەندە پەیوەندی بە دیموکراسییەوە هەیە؟

هەر کەسێک قسەی زۆر بکات تووشی هەڵەی بێمانا دەبێت و ناکرێ هەر جارێک زۆری وت، لێی خۆش ببین. بەختیار وەک"رۆشنبیرێکی بەناوبانگی کورد" بەم شێوەیەی خوارەوە بەرچاومان رۆشن دەکات: (بۆ ئەوەی هەڵبژاردن دیموکراسیانە بێت، دەبێت کۆمەڵگا ساڵ دوازدەی مانگ دیموکرات بێت، دەبێت کۆمەڵگا بەسیستێمی مۆنۆپۆڵی ئابووری و قۆرخکردنی دەزگا گەورەکانی میدیا و کۆنترۆڵکردنی فەزای گشتی و ئیفلیجکردنی کۆمەڵگای مەدەنیدا نەڕۆیشتبێت)

کاک بەختیار نەختێ خاتری جەماعەت بگرن، ئاخر کۆمەڵگایەک ساڵ دوازدەی مانگ بەبێ پشوودان دیموکرات بێت، ماندوو دەبێ و خەوی لێدەکەوێت، بەڵام من زۆر حەزدەکەم پاش20ساڵ لە ژیانی ئەڵمانیم بۆ ئەدرەسی ئەو کۆمەڵگایە بگەڕێم کە ساڵ دوازەدە مانگ دیموکراسییە! پاشان بەبرای خۆم بڵێم لە وەڵاتە"دیموکراتەکان" کۆمەڵگاکەیان نەک هەر لە قۆناغی مۆنۆپۆڵی ئابووری و قۆرغکردنی دەزگا گەورەکانی میدیا لە وڵاتەکانیان دەڕۆن، بەڵکو ئێستا"وەک

دەڵێن" سەردەمی جیهانگیرییە و دەسەڵاتدارە"دیموکراتەکان"بەوەش تێرناخۆن و خەریکی دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتێکی بێوێنەن لە جیهان.

ئایا ئەوە کۆمەڵگایەکی دیموکراتە، بە هەزاران پەنابەر، بە پەنابەری کوردیشەوە بە زۆرەملی لە وەڵاتەکەیان دەربکەن؟ بەملیونان کارگەر بێکار بکەن؟! دەستدرێژ سێکسی و لەشفرۆشی، ژن کوشتن بۆ نموونە وەک کوردستان کاری رۆژانەیان بێت؟ بەبەردەوام لەم وەڵات یان ئەو وەڵات جەنگ بەرپا بکەن؟ بەبەردەوام خەریکی چەکدرووستکردن بن؟

کاک بەختیار دەنووسێ(من وەک رۆشنبیرێک کە خەونی نوێگەری هەمیشە خەونی سەرەکیمبووە، خەونی بانگەشە بۆ کۆمەڵگایەکی ئازادو لیبڕاڵ لە هەموو ئاستەکاندا خەونی یەکەمم بووە، هێشتا کۆمەڵگای خۆم و زیهنییەتی سیاسی کوردی زۆر دوور لەو خەونە دەبینم)

ئازادو لیبڕاڵ یەک مانایان هەیە، بەڵام دیارە کاک بەختیار دەیەوێ پێمان بڵێ کە لیبڕاڵێکی زۆر تۆخە، بەڵام زاراوەی لیبڕاڵ بە رەوتێکی دیاریکراو بەستراوەتەوەو نموونەیەکە بۆ فکرو حزبێکی تاوانکارو حزبیە لیبڕاڵەکەی نەمسا نموونەیەکی زەق و لەبەرچاوەی ئەو رەوتەیە، هەڵبەت لیبڕاڵەکانی ئەڵمانیاش لە تاوان کورتیان نەهێناوە!

کاک بەختیار وەک خۆی لە گفتوگۆکە بەشانازییەوە دەڵێ( لە سەرەتای راپەڕینەوە هیچ بۆنەیەک نییە باسی ئەوەم نەکردبێت کە کۆمەڵگای کورد پێویستی بە هێزی سێهەمە).

باسکردن لە هێزی سێهەم زۆر مەترسیدارەو رووی تری(نە سەرمایەداری و نە کۆمۆنیستی)و بەختیار کەیفی خۆیەتی یەکێتی وپارتی بە دووبەرە بزانێت، بەڵام هەردووکیان خۆیان بە سۆسیالدیموکرات دەزانن و یەکێکیان ئەندامە و ئەوی تر داوای کردووە ببێت بە ئەندام و بەشداری لە کۆبوونەوەکانیان دەکەن.

لە وەڵامی پرسیارێکی تر دەڵێ(دیموکراسی پرۆسەیەکی رۆژانەیە، شێوازێکی مامەڵەکردنە لەگەل ژیان و دابەشکردنی هێزو ئابووریدا). ئەمەیان بۆچوونێکی"زۆر جوانە"، بەڵام کاک بەختیار خزمەتێکی زۆر نایاب دەکات ئەگەر پێشمان بڵێت دابەشکردنی هێزو ئابووری چۆن ئەنجامدەدرێ وئیمرۆ لە ئۆروپاو ئەمریکا و وڵاتانی ئاسیا چی لێکەوتووە.

ئەوەی کە زۆر سەرەنجمی راکێشا دوا رستەی گفتوگۆکەی بوو: (دیموکراسی راسەقینە دەتوانێت هەڵبژاردنی پاک و راستەقینە ئەنجامبدات). لەم بارەیەوە تەنها تکایەکم هەیە: بەسیەتی وەهم بڵاوکردن بە نرخی رۆشبیری!

"رۆشنبیرێک" لەسەردەمی قوولترین قەیرانی جیهانگیری ئەو هەموو بۆچوون سیاسیە زۆر تۆخە بەو هەموو سەقەتییە دەربڕێت و یەکێک بێت لەوانەی بانگەشەی سیاسی بۆ دامەزراندنی هێزی سێهەم کردبێ وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ پارتی و یەکێتی و لە دواییشدا خۆی وەک رۆشنبیرێکی ناسیاسی پێبفرۆشێت وبڵێ(پێم باشە رۆشنبیرانی کورد هەمیشە لەدەرەوەی سیاسەت ئەو هێزە سەربەخۆیەی کۆمەڵگا بن، ئەو چاوە زیندووەو بکەرە ئازادەی بن کە نەخرێنە قاڵبێکەوە تا رۆحی چاودێری کارای خۆیان ون نەکەن) ئەوا مرۆڤ دەبێ پەندێکی فارسی بەکاربهێنێت کە لێرە جێگای نابێتەوە. دوا قسەم ئەوەیە، رۆشنبیرێک باس لە گۆران بکات و نەڵێ مەبەستی لە گۆڕان چییەو دادوەری گۆمەڵایەتی نەکات بەتاقە سەنگەری سەرەکی خۆی وپێی وابێت گۆڕانی سیاسی(خەونی هەندێک رۆشنبیر بوو...هێدی هێدی بوو بە خەونی چەند توێژێکی کۆمەڵایەتی...)، مانای وایە ئەو کەسە لە خەوێکی قووڵەو بەس وئەو راستییە زیاتر دەردەکەوێت کە هەر کاتێک ئەدەب و فکری کۆمونیستی و چەپ بەگشتی لەناو هەر کۆمەڵگایەک لاوازدەبێت، لایەن و کەسانی ئیکسپایەر دەبن بە هێزی سەرەکی و فەیلەسوف و زاناو رۆشنبیر، بۆیە دەتوانم بڵێم تا چەپی کوردستان وەک چەپی وەڵاتانی ئەمریکای لاتین، ئۆروپا و ئاسیا بەرپرسیاری خۆی لە ئەستۆ نەگرێ، خزمەتچییەکانی سەرمایەو کۆمەڵگای چینایەتی، گرەوەکە دەبەنەوە...ئێمە تووشی نەگبەتییەکی گەورە هاتووین و ترسم هەیە بۆ ساڵانی داهاتوویش لێ قوتاربیین.

## دوا گاڵتەجاڕترین دەقی دنیا

ئێستا ئەم دەقەی بەختیار عەلی لە فێسبوکی هاوڕێیەکم بەرچاو کەوت:(کۆچ یاخیبوونێکی ڕەمزیی بێئامانجە، جۆرە شۆڕشێکی ناوەکییە کە تاکی ئێمە بەرپایدەکات، نەوەک بەرامبەر چینێک یان توێژێک یان دەسەڵاتێک بەڵکو بەرابەر هەموو کۆمەڵگا. نائومێدیی نییە لە سیاسەت بە تەنیا بەڵکو نائومێدییە لە کۆی ژیانی کۆمەڵایەتی، نائومێدیی نییە لە ئێستای ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە، بەڵکو لە داهاتووشی. بەڵام نائومێدییەکی بێزمانە، نائومێدییەکە کە لە شێوەی ڕقێکی نەپاڵێوراو و نەسازێنراودا دێتەدەرێ. کۆچ بە شێوەیەک لە شێوەکان تەعبیرە لەو بێزمانییەی مرۆڤی ئێمە، لەو ئاستە نزمەی تەعبیرکردن. مرۆڤی ئێمە بەردەوام لە شتێک توڕەیە، دەیەوێت خۆی لە شتێک ڕاپسکێنێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت ئەو ڕقە بخاتە سەر زمانێکی ڕوونی قسەکردن، ناتوانێت بە ڕوونی پاڵنەر و مۆتیڤەکانی دیاریبکات... کۆچ تێکستێکە مرۆڤی ئێمە لەبری دەست بە قاچ دەینوسێت.

"بەختیار عەلی" لە کتێبی فیکریی «ناشوێن»ەوە

لە پەیجی Negative وەرگیراوە)

**لێرەدا"عەبقریەتی"رستە بە رستەکەی پیشاندەدەم:**

### 1. (کۆچ یاخیبوونێکی رەمزی بێئامانجە)

لەراستیدا کۆچ دیاردەیەکی زۆر کۆنە و هەموو گەلانی دونیای گردۆتەوە و لەکاتی جەنگە جۆراوجۆرەکان و هەژاری و بڵاوبوونی پەتا یان کەم ئاوی یان رەگەزپەرەستی یان...هتد ڕوودەدات و ئامانجی زۆر زەق و دیاری پر ِ ئامانجی هەیە، بۆ نموونە وەک: پاراستنی ژیان، ئازادی، دابینکردنی بژێوی. هەروا بۆ نموونە کۆچکردنی ناوو لات هەیە لە شارێکەوە یان هەرێمێکەوە بۆ شار و هەرێمێکی تر.

2. (جۆرە شۆرشێکی ناوەکییە کە تاکی ئێمە بەرپایدەکات ، جۆرە شۆڕشێکی ناوەکییە کە تاکی ئێمە بەرپایدەکات، نەوەک بەرامبەر چینێک یان توێژێک یان دەسەڵاتێک بەڵکو بەرابەر هەموو کۆمەڵگا).

هەندێ جار پرسیارکردن پاشترین وڵامە و لێرە پرسیاردەکەم: لە کوێی دنیا کۆچکردن بە شۆڕِش شوبهێنراوە؟ بۆچی هەر تاکی ئێمە کۆچ دەکات؟. هۆکاری پەنابردن بۆ کۆچکردن لە وڵات دیسان فرە لایەنە و هەیە لەبەرامبەر چینێک یان توێژێک و هەیشە لەبەرامبەر دەسەڵاتێک و کەسانی وایش هەن شێوە ژیانی ئێرەیان پێقبووڵ نیە،بۆیە لەبەرامبەر هەموو کۆمەڵگا رێگای کۆچکردن دەگرنەبەر.

3. (بەڵام نائومێدییەکی بێزمانە، نائومێدییەکە کە لە شێوەی ڕقێکی نەپاڵێوراو و نەسازێنراودا دێتەدەرێ)

دیاردەی کۆچکردن پەیوەندی نیە بە ئومێد و نائومێد و،(کەم تەختەییە) یەکێک هۆکار جیوپۆلەتیک و کۆمەڵایەتییەکانی پشتگوێ بخات. زۆربە بەخۆیان دەرفەتی هەڵبژاردنیان لەبەردەست نیە، بەڵکو هێزێک لە دەرەوەی ئیرادەی تاکەکان خۆی دەسەپێنێت، بۆ نموونە داعش موسلی داگیرکرد و لە ئەنجامیدا، دەیان هەزار کەس پەنایان برد بۆ کۆچکردن بەرو شار یان وڵاتەکانی تر. زۆرێک لە دانیشتوانی باشووری ئیتالیا یان وڵاتانی ئەمریکای لاتین بەخۆی بێکاری کۆچیان کرد بۆ و لاتانی تر.

4. (کۆچ بە شێوەیەک لە شێوەکان تەعبیرە لەو بێزمانییەی مرۆڤ)

نەخێر کۆچکردن تەعبیرە لە هیوای مرۆڤ بۆ خۆدەربازکردن لە مەرگ، برسێتی، (سەبی)کردن، بێکاری، وێرانی ژینگە و قڕکردن و هەیشە لە پێناو هەلێکی باشتر بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە یان پاش(خۆشەویستی بە رێگای تۆرە کۆمەڵایەتییەکان)وە بۆ گەیشتن بە خۆشەویست یان لە پێناو سەرمایەگوزاری.

5. (.مرۆڤی ئێمە بەردەوام لە شتێک تورەیە، دەیەوێت خۆی لە شتێک ڕاپسکێنێت)

رستەیەکی زۆر پێکەنیناویە... پەیوەندی نێوان کۆچکردنی ئێزدیەک و تورەیی چییە؟ پەیوەندی نێوان تورەیی و کۆچکردنی سریلانکییەکان چییە؟ پەیوەندی نێوان توڕەیی و کۆچکردنی زۆرێک لە گەنجە بەدبەختەکانی خانەقین یان خورماتو و کەرکوک چییە؟

مرۆڤی ئێمە یەعنی چی؟ ئاخر هەزاران جۆری مرۆڤی مرۆڤ هەیە بە تێڕوانینی جۆربەجۆر کە هەر یەکەیان مۆتیڤی تایبەتی هەس، ئاخر بە چ پێوەرێکی زانستی هەرهەمووی بە یەک چاو سەیر دەکرێت؟

6. (ناتوانێت بە ڕوونی پاڵنەر و مۆتیڤەکانی دیاریبکات)

مناڵیکیش ئەم قسەیە ناکات و خۆی بەدرۆ دەخاتەوە. خۆی نووسیویەتی(کۆچ یاخیبوونێکی ڕەمزیی بێئامانجە، جۆرە شۆڕشێکی ناوەکییە کە تاکی ئێمە بەرپایدەکات)..پرسیار لە هەر کۆچبەرێک بکەیت هەزار یەک پاڵنەرت بۆ دەهۆنێتەوە. بۆ ئاگاداریتان(پاڵنەر واتە مۆتیڤ) بەڵام بلیمەتەکە هەردووکی بەکارهێناوە وەک بڵێی مانای جیاوازیان هەیە!.. کاتی خۆی زۆر زۆر وشەی بیانی بەکاردەهێنا بەڵام زۆربەیان یان هەڵە و لە وتارێکدا بەسەر یەک بە یەکیان چوومەتەوە.

7. (کۆچ تێکستێکە مرۆڤی ئێمە لەبری دەست بە قاچ دەینوسێت)

وەک دەبینن، بەختیار بەخی تێکستەکەی بە قاچ نووسیوە و سەلماندی شایانی زۆرترین پەیگەرە و بەخێر بمێنن!

## رۆشنبیرەکەی" شاری "رۆشنبیریی" وای وت:

لە گفتوگۆیەکی رۆژنامەی nzz) لە ٢٠١٦/١١/٢٩) لەگەل بەختیار عەلی، دەڵێ: (ئێمە چەند گەنجێکی رۆشنبیری کورد بووین کە پڕبووین لە هیوا و یاخیبوون و زۆر بە توندی رەخنەمان لە حیزبە کوردییەکان و نەریت و پاشخانی کلتووری خۆمان دەگرت. پاشان کێشمان لەگەل حیزبەکان بۆپێش هات کە خۆشیان بەرامبەر یەکتریان دەگرت. پاش جەنگی ناوخۆی خوێناوی چاوەڕواننەکراو دەستپێکرد. کوشتن زۆر ئاسان بوو و دەیانتوانی هەر دەنگێکی رەخنەگر بێدەنگ بکەن. ژیانمان زۆر لە مەترسیدا بوو و نەمانتوانی درێژە بە چالاکییەکانمان بدەین، بۆیە ناچاربووین وڵات بەجێبهێڵین.)

ئەمە درۆیەکی زەقە و هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو گروپەن، وتیان هیچ مەترسییەک لە سەر ژیانیان نەبووە.

لەلایەکی ترەوە لە ئەڵمانیا چەندین حیزبی نازی و راستڕەو هەیە و تەنانەت توانیویانە لە پەرلەمان نوێنەریان هەبێت، بۆیە بزووتنەوەی چەپیش رێکخراوی جۆراوجۆر و رۆژنامە و گۆڤاری دژ بە فاشیزم و راسیزمیان دامەزراندووە. نازییەکان بەرپرسن لە کوشتن و برینداکردنی هەزاران پەنابەر(کاتی خۆی وەک راپۆرتێک ناوی شەهید و شوێنی تاوان و برینداکردنیانم بڵاوکردەوە) و هاوکات حکومەتیش بەپرسە لە دیپۆرتکردنی زۆرەملی دەیان هەزار پەنابەر.

### ئایا بەختیار عەلی چی لەبارەی راسیزم و فاشیزم دەڵێ؟

نووسەر لە گفتوگۆکەی دەزگای چاپەمەنی (union verlag) دەڵێ: (من هەرگیز ئەزموونی خراپم نەبووە لە گەل ئەڵمان لەناو ئەڵمانیا، تەنانەت برادەرێکی نازیم هەیە و لەگەلمدا زۆر روح سووک بوو. جارێکیان پێی وتم: بەڵێ من نازیم، بەڵام تۆ برادەری منی. لە چەند ساڵی رابردوو گۆڕانکاری

روویدا. بۆ یەکەم جار پاش ١٨ ساڵ هەستم کرد کەسانێک هەیە بە چاوی سووک تەماشامان دەکەن و بە مەبەستەوە هەوڵدەدەن هەستمان بریندار بکەن یان بە ئاشکرا سووکایەتیمان پێبکەن)..

چ کارەسات و جەهالەتێکە، رۆشنبیرێک ١٨ ساڵ لە ئەڵمانیا بژێ و نەزانێت حیزب و بزووتنەوە فاشیست و راسیستەکان چ رۆڵێکی تاوانکارانە دەبینێت لەناو ئەو وڵاتە (سوتاندنی بنکەی پەنابەران، کوشتن و بریدارکردن) و ئاگایشی لە سەدان خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی تا ئەکسیونی چەکدارانەی شیوعی و چەپەکان نەبێت، ئەوجا بەو شێوە قیزەوەنە باسی برادەرە نازییە خوێڕییەکەی بکات.

لە وڵامی پرسیارێکی تر دەڵێ: زمانمان هەمیشە قەدەغە بووە).

هەموومان دەزانین نووسین و چاپخانە و کتێب و رۆژنامە بە کوردی قەدەغە نەبووە و قوتابخانە بە زمانی کوردی هەبووە.

بەختیار "داهێنانێکی" گەورە دەکات کاتێ دەڵێ: ...بۆیە دەبێ دەرفەت بۆ پەنابەران بڕەخسێنرێت بەچاوی رەخنەگرانەوە بۆ کۆمەڵگەکانیان بڕوانن. دەبێ هوشیاربن کە ئەوەی لە وڵاتەکانیان روودەدات پەیوەندی بە جیهانبینی دەسەڵاتدار و تێگەیشتنی ئەخلاقی ئەوێوە هەیە.

ئاخر ئەمەیە نوقسانی ئەقل و هەستی خۆ بەکەمزانی، چونکە ئەمانەی لێرە روودەدەن راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش بە هەزار و یەک پەتی جۆربەجۆر پەیوەندی بە دەسەڵاتدارانی باڵادەستی جیهانیشەوە هەیە، یەکیان ئەوی تر تەواو دەکات. بۆ نموونە تاوانی هەڵەبجە راستەوخۆ پەیوەندی بە کۆمپانیاکانی چەکسازی و چەکی کیمیاوی ئەڵمانیاوە هەیە یان بە بڕیاری جەنگاوەرە سەرکەوتووەکانی یەکەمەوە هەیە لە پەیمانی لۆزان...هتد

رەخنەگرە رادیکالە بلیمەتەکە لە پڕ وەک بەرپرسێکی حکومەتی هەرێم لێدوان دەدات و دەڵێ: (جەنگ لە دژی داعش ئێمەی خستە ناو کێشەی قورسی ئابووری و سیاسی، بەڵام تا رادەیەک ئاسۆیەکی ئەرێنی هەیە، چونگە گەل هەستدەکات کە ئێمە بۆ بەهایەکی دیاریکراو خەبات دەکەین: بۆ دیموکراسی و گۆڕانکاری و بۆ جیهانبینینێکی تر کە پێشتر لە ناوچەکەمان بوونی نەبووە.(

هەروا لە شوێنێکی تر دەڵێت: (گروپە جیاوازەکان وەک کورد، سوننی و شیعە ناسنامەی خۆیان بە پیرۆزتر دەزانن لە ناسنامەی عیراقی.)

لەمەشیان راستی نەپاراستووە، لەبەر ئەوەی سوننە دەیانەوێت سوونەگەراکان بۆ کۆنترۆڵکردنی عیراق بەکاربهێنن و شیعەگەراکانیش بەهەمان شێوە و ئەو بۆچوونە تەنها بۆ هەندێ حیزبی کوردستانی راستە.

پەیوەندی رۆشنبیر بە سیاسەت وەک جیاوازی گڵای دار و دارە، باران و زەمینە. ئەوەی پێی وابێت نووسین و خیتابەکەی لەدەرەوەی ئەم هاوکێشەیە، زۆر بە هەڵەدا چووە. ئەوەی ئەم برادەرانە کردیان لە بازنەی گۆران و یەکگرتووی ئیسلامی دەرنەچوون و خزمەتیان پێکردن، خزمەت بە رووەکەی تری پارتی و یەکێتی.

لە وڵامی پرسیاری(دەتوانن ئیمڕ سەردانی وڵاتەکەتان بکەن. چ گۆڕانکارییەک لە دوا ١٠ ساڵی رابردوو روویداوە؟)

بەختیار دەڵێ: (گۆڕانکاری زۆر روویداوە. من دەتوانم سەردان بکەم، بەڵام نەک بە زۆری، زیاتر ئەو کاتە کە دەگەڕێمەوە کە بمەوێت کتێبێک بڵاوبکەمەوە یان سەردانی خێزانەکەم بکەم. لەراستیدا لە شارەکەم(سلێمانی) هەمیشە ئازادی زۆر هەبوو بۆ نووسەران و رۆژنامەنووسان. مرۆڤ دەتوانێت هەموو شتێک بڵێت، هەر ئەوەیە ناتوانێت هیچ بکات.ئەمەیە کێشەکە. (بە پێکەنینەوە) لەوێ مرۆڤ دەتوانێت بە ئازادی، بەڵام ریاگەی پێنادرێت بیروڕاکەی بکاتە کردە ئەمەش وەک دیکتاتۆریەت خراپە. چیت ئەوێ بیلێ، بەڵام ئەوەی من دەمەوێت بیکە.)

بەختیار قسەکەی خۆیی لەبیری جوو کە وتی(ژیانمان زۆر لە مەترسیدا بوو و نەمانتوانی درێژە بە چالاکییەکانمان بدەین، بۆیە ناچاربووین وڵات بەجێبهێڵین!)

بەوەند بەسدەکەم و لەدواییدا ئەم پرسیارم هەیە: ئایا ئەو بۆچوون و بیروڕایانە نموونەی کاریکاتۆری نووسەرێک کە بە درۆ و نەزانی لە سوچی جیهانبینی راستڕەوانە نیە و راگەیاندنە کۆنزەرفاتیفەکان هاوشێوەی زۆرێک لە راگەیاندنەکانی "شاری رۆشنبیریی" و قەڵا و منارە بۆ بازرگانی خۆیان بازاڕە"ئازادەکەیان" گەرم کردووە؟

رۆشنبیر زاراوەیەکی بێلایەن نیەو چەندین جۆری هەیە، بەڵام ئایا ئێمە پێویستیمان بە جۆرە رۆشنبیرێک هەیە؟!

گەورەیی شوشەی بیرە فرۆشەکەی کۆلۆمبیا لە شەقامەکانی پاریس (مارکیز)تەنها ئەوە نەبوو خەلاتی نۆبڵی وەرگرت لەسەر نووسینی رۆمانی(١٠٠ ساڵ لە تەنهایی) نووسی، بەڵکو بەوەشە کە سەردانی کۆماندانت مارکۆس دەکات و گفتوگۆی لەگەڵ سازدەدا.

گەورەیی شاملۆ لەوەدا نەبوو جوانترین و ناسکترین شیعری عیشقی نووسی، بەڵکو لەوەشدابوو کە کاتێ مورتەزا کەیوان و وارتان و هاوڕێیانی چریک و فوئاد سوڵتانی لەسێدارە یان شەهید دەبن، دەبن بە هۆنراوە و بە بەرزترین زمان نەمریان دەکات.

گەرەیی بریشت لەوەدا نەبوو کە شانۆی شەقامی داهێنا، بەڵکو شوعییەتی لەسەر شەقام بە خەڵک ئاشنا و خۆشەویست دەکرد. بالاَبەرزی و جوانی مەوریسیو رۆزنکۆف بە دەقی شانۆیی و شیعر بەوە گەورە نەبوو، بەڵکو بەوەش کە ١٤ ساڵ لە زیندانی ئیفرادی بەسەر برد بەهۆی ئەندامبوونی لە رێکخراوی تۆبامارۆس. هەروا نازم حیکمەت، موزەفەر نەواب و مامۆستا گۆران.

(بەختیار)ی داماویش دەیەوێت بە درۆ و نەزانی و قسە بێسەروبەر و دژایەتی شوعییەت، شوێنی خۆی بکاتەوە.

## نەزانی بە نرخی رۆشنبیر!

نزیکەی سێ هەفتەیە، هەفتەنامەی چاودێر، ریکلام بۆ بلاَوکردنی چاوپێکەوتنێک لە گەل بەختیار عەلی، کردو ئیمرۆ 2007/11/5لە بەشی رەخنەی ئەدەبی، لاپەڕەی 5، بلاَوکرایەوە.

لەم گفتوگۆیە، بەختیار عەلی دەڵێ: (ئەوانەی خۆیان دەتەقێننەوە، گەر سالاَنە جەژنی لەدایکبوونیان بکردایە، نرخی ژیانی خۆیان و ژیانی خەڵکی تریان دەزانی.)

هاوار بەماڵم لەم نەزان و نزانییە! ئاخر ئەگەر جەژنی لەدایکبوون ئەو کاریگەریتییەی هەبوایە، ئەوا نە لەشکری جاشە مۆدێرنەکانی(بلاک وۆتەر) کە بەناهەق خەڵکیان کوشت، نە سوپای مۆسۆلۆنی و هیتلەر و فرانکۆ دەیان ملیون مرۆڤ دەکوشت، نە هۆڵەندا، پورتوگال، ئەسپانیا و بەلژیکا خەڵکی ئەفریقایان کۆیلە دەکرد، نە خاوەن بانق و سەرمایەدارەکان کرێکارانیان دەچەوساندەوە، نە (Auslaenderbehoerde)ەکەی ئەڵمانیا، ساڵانە بە دەیان هەزار پەنابەر بە زۆرەملی بۆ وەڵاتەکانیان دیپۆرتدەکردو نرخی ژیانی خۆیان و خەڵکی تریان دەزانی. هەموو ئەوانەی ئەو دڕندایەتییە ئەنجامداوەو دەیدەن، هەموویان و هەموو ساڵێک جەژنی لەدایکبوون دەکەن، کەچی سەرتاپایان نغرۆی جەنگ و خوێن و کوشتن ماڵوێرانی و چەوساندنەوەی مرۆڤن و چ جیاوازییەکیان لەگەل دڕندەیەکی ئیسلامی نییە.

(بیرتۆڵد بریشت) لە هۆنراوەیەکیدا بەناوی(کوشتن شێوازگەلێکی زۆری هەیە)، دەڵێ:

(بە چەقۆ سکی یەکێک هەڵدڕی،

نان بڕی بکەی یان نەخۆشی یەکێک چارەسەر نەکەی،

یەکێک لە خانویەکی شڕ نیشتەجێ بکەی،

کەسێک دوچاری خۆکوژێ بکەی،

کەسێک بە رێگای کارکردنەوە رەوانەی مەرگ، بکەی،

یەکێک رەوانەی جەنگ بکەی،

لە دەوڵەتەکەماندا، تەنها چەند دانەیەک لەو شێوە کوشتنانە، قەدەغەیە)

مەعریفەتێکی تری نوێ لە چاوپێکەوتنی ناوبراو کە مرۆڤ دەتوانێت لە بەختیار"فێرببێت"، ئەم بۆچوونەیە: (ستروکتوری خێزانی خۆرهەڵاتی پڕە لە ململانێ لەنێوان براو برا و خوشک و خوشک..).

لەراستیدا ئەم جۆرە ململانێیە لە هەموو کۆمەڵگایەک هەیەو نە لە نزیک و نە لە دوور، هیچ پەیوەندییەکی بە ستروکتوری خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی یان باشوو و باکورەوە نییەو دەکرێ

سەدان بەڵگە لەسەر ئەم راستییە بهێنین و دوایی ئەو جۆرە ململانێیە تەنها لەنێوان براو و برا و خوشک و خوشک نییە، بەڵکو لەنێوان هاوسێکتن، و هاو پۆل و هاو گەڕەکەکانیشدا هەیە.

بە بۆچوونی فەیلەسوفی ئەڵمانی(فرانس میرینگ) لە وتاری(لەبارەی فەلسەفە و شیعری سەرمایەداریً): (نیتشە...فەیلەسوفی کۆمەڵایەتی سەرمایەدارییە....تێگەیشتی مێژووییەکەی وەحشی و دڵڕەقانەیە... تێکستەکانی پڕن لە رق و قینە دژی سۆسیالیزم، دژی هەموو جۆرە ناڕەزایی دەربڕینەکانی گەلە، چونکە باوەڕی بەوە هەبوو: ئەوەی دەسەڵاتی دەویً، دەبیً خزمەتچیشی بویً). بەپێچەوانەوەی بۆچوونی ئەم فەیلەسەفەو دەیان فەیلەسوف و رۆشنبیر، چەند کەسێک وەک بەختیار عەلی، ریبین هەردی، جەمال پیرە، مەریوان قانع، بەکر عەلی و فاروق رەفیق بەو وەحشییە سەرسامن و بوون بە(فاڤوریتی) چەند دەزگایەکی راگەیاندن، چونکە بەخۆیان هیچ لەبارو نەزانن، پشتیوانیان دەکەن، بۆیە بە راشکاوی دەڵێن: ئەم پرۆسەیە کارێکی جەواشە و تاوانکارانە لەئاستی ئەقڵ و کردار، واتە بە بەهێزکردنی ئەم رەوتە، مرۆڤی خۆپەرەست، چاوچنۆک، "کەپوزل"، پیاوکوژو چەوسێنەر دروستدەکەن.!

ئەو ئاراستەیە کە مرۆڤ پێی ئیرەیی نابات و شایەنی خاوەنەکانییە، بە بۆچوونی مەریوان هەڵەبجەیی لە چاودێر(2007/11/5، لاپەڕەی 4ی رەخنەی ئەدەبی) : ساتەوەختی دەرکەوتنی بەختیار عەلی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، ساتەوەختێکی گرنگە و پێویستی بەکەسێک بووبێت و جموجۆڵ و تەوژمێک بخاتە ناو زمان و ئەدەبیاتەکەیەوە. بێت و موقەدەسەکان بشکێنێت و زمانێکی نویً و گوتارێکی نویً دابمەزرێنێت. بێت و وەڵامی پرسیار و یستی نەوەیەکی تر بداتەوە...ئەم زەمەنە پێویستی بە بەمەشخەڵ هەڵگرێک دەکرد یاخی بێت و بە چاوێکی رەخنەئامێزەوە بڕوانێتە مێژوو کلتوری خۆی..).

دوو کەسی سەر بە حزبی یەکگرتووی ئیسلامی کە لە رۆژنامەی ئاسۆ کاردەکەن، بەناوی یاسین عومەر و هێمن باقر لە پێشەکیێکەیان بۆ ئەو گفتوگۆیە کە لەگەڵ بەختیار عەلی سازیاندابوو بۆ گۆڤاری(لیڤین، ژمارە 53)، دەنووسن: (هەر وەستانێکیش لەسەر ئەم رەهەندەی ئەو- بەختیار عەلی-، فەیلەسوف و شاعیرو دێوانەی مەزن"نیچە"ی ئەڵمانیمان بەبیردا دێنێت.)

١- جارێ من فەیلەسوفێک بەناوی"نیچە"ناناسم، بەڵام پێدەچێ مەبەستی ئەو دوو"رۆشنبیرە زیرەکە"، سوکترین و یەکێک لە فەیلەسوفانی دڕندایەتییە بەناوی (Nietzsche)و ناوەکەی بەم شێوەیە دەنووسرێ(نیتشە).

٢- لە ئەڵمانیا بە پلەی یەکەم فاشیستەکان و کۆنەپەرەستەکان شانازی بە نیتشە دەکەن. من نازانم ئەم دوو کەسە چییان لەبارەی نیتشە خوێندووەتەوە و دەزانن، تا ئەوەندە پێی سەرسام بن و بە مەزنی ناونووس بکەن؟!. بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەردووکیان لەم بارەیەوە دەست سپین، بەڵام نەزانی لۆژیکی خۆی هەیە و زوو پەردە لەسەر رووی خۆی هەڵدەماڵێ!

**ئەوجا با بۆ وەڵامەکانی بەختیار بگەڕێینەوە:**

لە وەڵامی پرسیاری یەکەم دەڵێ: (لە کۆمەڵگای ئێمەدا زوهدێکی دینی ناشیرین دەرهەق بە مەسەلەی ماف دروستبووە، مرۆڤەکان بە جۆرێکی بێمانا دەستبەرداری مافەکانی خۆیان دەبن، بووە بە فەزیلەت مرۆڤ داوای مافی خۆی نەکات.)

بەختیار دەتوانێ پێمان بڵێت: ئایا رۆژنامەنووسان و نوسەران داوای مافی ئازادی بیروڕا دەربڕین دەکەن-لە ئەڵمانیاش ئەم داواکارییە بەرزدەکرێت-؟! ئایا رۆژانە خەڵک داوای کارەبا، ئاو و زیادکردنی مووچەکانیان دەکەن- ئەم داواکارییانە جیهانین، بۆ نموونە کێشەی ئاوی خواردنەوە جیهانییە-؟ ئایا رۆژانە گەنجان داوای دابینکردنی پێداویستەکانیان دەکەن؟ ئایا کرێچییەکان داوای مافەکانی خۆیان دەکەن؟ ئایا خەڵک ناڕەزایەتی خۆیان دەردەخەن؟ ئایا کەسوکاری ئەنفالکراوەکان داوای مافەکانی خۆیان دەکەن؟ ئایا رۆژانە بە هەزار شێوە ئەو خەڵکە لە رۆژنامە، سایتەکانی ئینترنێت، تەلەفزیون، رادیو و بە خۆپیشاندان، ئیمزاکۆکردنەوەو سکاڵابەرزکرن، داوای مافەکانیان دەکەن؟ ئایا داوای دادپەروەری کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی چەوساندنەوە بە هەموو جۆرەکانی دەکرێ؟...هتد

بە کورتی: بەڵێ خەڵک نە دوێنێ و نە ئیمرۆ و نە سبەی دەستبەرداری مافەکانی خۆیان نەبوون و نابن و مێژووی مرۆڤایەتی، نەک تەنها لە کوردستان، ئەم راستییە دەسەلمێنێ، بۆیە وەڵامەکەی

بەختیار بەشێوەیەکی زۆر سادە، رەنگدانەوەی وەهمە بێسەروبەر و قوربانی(زیرەکی نەزانین)ەکەیە.

لە بەشێکی تری وەڵامی یەکەمدا، دەڵێ: (...حیزبی کوردی جگە لە دوکانداریکی پیرو نەخۆش هیچی تر نییە کە لەسەر کانییەک دانیشتووە)

ئاخر بەختیار خۆی کوڕی شەرعی ئەو دوکاندارە پیرەیە-من خۆم بەجۆرێکی تر دەیبینم-و بەرپرسە نەزانەکانی گەناڵە راگەیاندنەکانی ئەو دوکاندارانە، بە راست و چەپ بەخەڵک ناساندیان، دەمیان چەور کرد و ئێستا دەبینین گۆڤارێکی ئیسلامی"لیبراڵ"ی بێ ئاست کە یاری بە ئاگر دەکات، گفتوگۆی لەگەل سازدەدەن

بەختیار ڕێهەڵگری فەیلەسوفی بەربەرییەت و سەرکوتکردنی داخوازییەکانی خەڵکەو باسی مافی مرۆڤ دەکات، ئاخر نیتشە و مافی مرۆڤیان وتووە؟!

رەخنەگرتن لە دەسەڵاتی کوردی کارێکی زۆر ئاسانە، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە: رەخنەکە بە پێی چ پێوەرو فەلسەفەیەک دەگرین. ئاخر (نیشتە)ش رەخنەی لە هەندێ لایەنی کۆمەڵگای بۆرژوازی گرتووە، بەڵام لە روانگەیەکی نوخبەوی ئۆتۆریتری راستڕەوانەوە؛ حزبێکی نازی وەک(NPD)یش زۆر بە توندی رەخنە لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی حکومەتی ئەڵمانیاو ئیمپریالیزم دەگرێ، بەڵام ئایا دەیانەوێ بە رەخنەکانیان بارودۆخی ئەڵمانیا بەرەو کوێ ببەن؟ ئایا یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی دەیانەوێت بە رەخنەکانیان لە دەسەڵاتی کوردی خەڵک بۆ کوێ ببەن؟

بەختیارو برادەرەکانی تا سەر ئێسقان لەناو زەلکاوی بیروباوەڕی تاوانکاری نغرۆ بوونەو لە سەردەمی سیستێمی تاوانی رێکخراوی سەرمایەداری ئەو زیقاوە دەرخواردی خەڵک دەدەن و"مێگۆلکە"کانی-من ئەم وشە قیزەوەنە بۆ یەک جار لە بەختیار بە قەرز وەردەگرم-" پێیان وایە"تازەگەرن"، بەڵام لە کاتێکدا کەسانی وا هەبن بڕوا بە چەند"فەرمودە"یەکی پێغەمبەر بکەن لەبارەی زیندوو بوونەوەی مەهدی و-یەکێک بەناوی سید موستەفا سەید عەلی بانگەشەی(مەهدی)بوونی کردووەو پەیڕەوانی هەیە- بڕوانە لڤین، ژمارە 54-، بۆچی بەختیاریش پەیڕەوانی نەبێت!

ئەم ڕۆژانە بەڕێکەوت گۆڤارێکم دەستکەوت بەناوی(بزاو) و لەسەر روبەرەکەی دوو سەردێڕی زۆر کورت نووسرابوو:

1- 1.6ملیارد دۆلار بۆ میدیا ستی لە هەولێر.

2- 50%ی فەرمانبەران کەم دەکرێنەوە.

بە زەق نووسینی ئەم دوو دێڕە لەسەر یەک و بڕی پارە وڕێژەی فەرمانبەران بە ڕەنگی سوور، زۆر بەماناترە لە قسە بێسەروبەرەکانی بەختیار کە زۆر ئەڵێ و هیچ ناپێکێ!

لەو دیمانەیەدا، بەختیار دووبارە گاڵتە بە خۆی دەکات و دەڵێ: (سەرکردە پیرەکانی ئەم بزاوتە دنیابینیان نەماوە، تاکە شتێک گەشەیپێدەدەن، تەکنیکەکانی کۆنترۆڵکردن و بیرکردنەوەیە)

ئەگەر وابێ، بۆچی ئەو"سەرکردە پیرانە، بە پارەوپوول و بەبێ کۆنترۆڵکردن، گۆڤار بۆ گروپەکەی بەختیار دەردەکەن، بۆچی لە تەلەفزیون و گۆڤارو هەفتەنامەکانیان دیمانەی لەگەل سازدەدەن(بۆ نموونە ئەم جارەشیان هەفتەنامەی چاودێر)؟!

## بەختیار عەلی: ڕۆشنبیرانی کورد لەدەرەوەی سیاسەت راوەستن.

ژمارەی ئەوانەی وەک ڕۆشنبیرو سیاسەتمەدار ناویان دەهێنرێت، لە ژمارەی پۆلیس و ئاسایش زۆر زۆرترن، بەڵام کاتێ یەکێک وتارێک یان گفتوگۆیەکیان دەخوێنێت، جادووکەیان ئاشکرا دەبێت! لە 2009/4/12، ڕۆژنامەی هاوڵاتی گفتوگۆیەکی لەگەل بەختیار عەلی لە لاپەڕە5، بڵاوکردەوە. پاش تەرخانکردنی کات بۆ خوێندنی، خەتادەکەم ئەگەر تێبینی و ڕەخنەکانم

نەخەمەڕوو. (دیموکراسی راستەقینە هەیە؟ رۆشنبیری ناسیاسی مانای چییە؟ ئەی هەڵبژاردنی پاک؟ هەڵبژاردن بە حیکمەتی سیاسی دەبرێتەوە چی دەگەیەنێت؟...هتد)

بەختیار دەڵێ: (شتێکی نوێ نییە ئەگەر بڵێم مێژووی سیاسی ئێمە لە شەڕ جیانابێتەوە، مێژووی لەیەکدانە، مێژووی لەیەکتر تێنەگەیشتنە، مێژووی یەکتر قبووڵنەکردنە)

لێرەدا بەکارهێنانی وشەی(ئێمە)، لەرادەبەدەر بێمانایەو ئەو وەهمە لەلای خەڵک درووست دەکات، وەک بڵێ مێژووی سیاسی وەڵات و گەلانیتر تر بە ماچوموچ و هەڵپەڕکێ وچاوبازی تۆمارکراوە. مێژووی سیاسی بە گشتی، واتە مێژووی شەڕی جۆراوجۆری داگیرکردنی وەڵات، چین و توێژەکانە. ئەوە وەهمە ئەگەر یەکێک پێیوابێت مێژووی ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵگەکان"مێژووی تێنەگەیشتنە"، چونکە هێزە جۆراوجۆەرکان بەباشی و بە هوشیاری بەرگری لە بیروبۆچوون و بەرژەوەندی خۆیان دەکەن.

بەکارهێنانی(ئێمە)دووبارە بە شێوەیەکی نەشیاو و بێمانا بەکاردەهێنێت بۆ بۆچوونێکی ترو دەڵێ(هێزە سیاسییەکانی ئێمە خەونێکی ترسناکی دەسەڵاتی هەتاهەتایی و ئەبەدی دەیانجوڵێنێت..).

مانای هەتاهەتایی و ئەبەدی، هەر یەک مانایان هەیەو پێویست ناکات لەتەنیشت یەکەوە ریز بکرێن و بەریزکردنیان زمانە ئەدەبییەکەی سووکدەکات و دوایی ئەو رستەیەش"چپسێکی ئیکسپایەرە"، چونکە هیچ هێزو حکومەتێک لەواقیعی مێژووی مرۆڤایەتی نەناسراوە ئەو ئارەزوو و نیازەی نەبێت بۆ هەتا هەتایە دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت.

یەکێک لە نموونەکانی رسوایی بریتییە لەوەی بەناوی رۆشنبیرییەوە نەزانی و وەهم بڵاوبکرێتەوەو ئەمەش نموونەیەکی ترە: (ئەو نوخبە سیاسییەی ئەمڕۆ لە وەڵاتی ئێمەدا دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، هەمان ئەو نوخبەیەی پێشووەو خاوەنی هەمان کولتووری جەنگە)

کلتووری جەنگ؟ بیر لە ژمارەی ئەو جەنگانە بکەنەوە کە لە ماوەی سەد ساڵی رابردوو لەلایەن وەڵاتە"پێشکەوتووەکان"و"دواکەوتووەکان"ەوە بەرپابووە، بەلام لێرەش دەبێ بزانین ئەوانە چ جۆرە جەنگێکن؟ جەنگی رەوا یان ناڕەونا؟. بەختیار بەداخەوە بە نەزانی وشەی جەنگ وەک وشەی تیرۆر بەکاردەهێنێت: ئاخر تیرۆریش وشەیەکی یەک رەهەندو مانا نییە! ئەو نوخبە سیاسییە کە ئێستا لە ئەمریکا حوکمڕانی دەکات هەمان ئەو نوخبە سیاسیەی جاران نییەو بۆ نموونە ئۆباما داوای داماڵینی چەکی ئەتۆمیش دەکات کە دەیان ساڵ هێزە شیوعی و ئاشتیخوازەکان خەباتی بۆ

دەکەن، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە ئەم نوخبەیەش پەرە بە جەنگ دژ بە کوردستانیانی باکوورو ئەفغانستان دەداو لەکاتێکدا ڕێژەی بێکاری و لانەوازی لە وەڵاتەکەیان لە هەڵکشانە، داوای زیادکردنی خەرج دەکات بۆ وەزارەتی جەنگ(خۆیان پێدەڵێن وەزارەتی بەرگری)

کاک بەختیار وەک"ڕۆشنبیرێک"سەرسامی خۆی بۆ ئەزموونی هەڵبژاردنەکەی تورکیا و ئێراق دەردەبڕێ و بەلایەوە گرنگ نییە لەو هەڵبژاردنانە بە سەدان کەس بریندارو زیندانی کران و هەزاران ساختەکاری ئەنجامدراو چەندین حزب لەبازاڕەکان، دەنگی خەڵکیان بە پارەو کەلوپەل دابەشکردن دەکڕی و لە هەندێ شاریش نرخی دەنگێک گەیشتە 100دۆلار! ئەمە نموونەکەی بەختیارە کە بە سیاسەتمەدارە کوردەکان پێشکەش دەکات تا شەرم لەلای(سیاسییەکانی ئێمەش)درووست بکات!

کاک بەختیار دەبێ (گەمەی دیموکراتی پاک و بێدەستکاری)مان بۆ روون بکاتەوە. ئەمە زۆر گرنگە، ئایا خەرجکردنی سەدان ملیون دۆلار لەلایەن وۆڵ ستریتەوە بۆ هەڵبژاردنی ئۆباما، گەمەیەکی دیموکراتی پاکە؟ کاکە گەمەکە پێش دەستپێکردنی گڵاو، بۆگەن و قیزەوەنە، چونکە سیستێمەکە هەر وەک خۆی دەمینێتەوەو ئەقڵ و هیواو ئیدیالی دەسەڵاتەکەیان تەنها لە قازانجی سەرمایە دەبینێتەوەو: گۆڕان نابێ!

چەند پێکەنیناویە یەکێک بنووسێت(هەڵبژاردن دەبێت بە حیکمەتی سیاسی ببرێتەوە)! من پرسیاری ئەدرەسی ماڵی ئەو(حیکمەتە سیاسییە دەکەم)، بەڵام لەراستیدا دەبوو بینووسیبا: هەڵبژاردن بە خەرجکردنی حیکمەتی ملیونان دۆلارو لێهاتوویی فێڵکردن و جەواشەکاری راگەیاندنەکان دەبرێتەوەو لێرەشدا گەڕان بەدوا بۆچوونەکانی نەعوم چۆمسکی لەبارەی رۆڵی راگەیاندنەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا سوودبەخشە!

بەختیار عەلی لە ئەڵمانیاوە پێمان دەڵێ: (بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی دیموکراسی هەبێت، دەبێت کۆمەڵگایەک هەبێت لە هەموو ئاستێک و هەموو جومگەیەک و هەموو ساتێکدا دیموکرات بێت)

یە چەیگە-ئەمە چییە-؟ بەڕێز بەختیار دەتوانێ ژمارەی حزب و گروپ و لایەن و رۆشنبیرو کەسایەتییە فاشیست و راسترەوەز رەگەزپەرەستەکان لە ئەڵمانیا یان نەمساو فەرەنسامان بۆ بژمێرێ؟ هیوادارم پێشمان بڵێ ئەو هێزانە لە هەموو ئاست و جومگ و ساتێکدا دیموکراتن؟! بەڕێز

بەختیار دەتوانێ پێمان بڵێ تەخشان پەخشانکردنی پارەی باجەران بە بانقە دۆڕاوەکانی لە بازاڕی"دیموکراسی"دراو، چەندە پەیوەندی بە دیموکراسییەوە هەیە؟

هەر کەسێک قسەی زۆر بکات تووشی هەڵەی بێمانا دەبێت و ناکرێ هەر جارێک زۆری وت، لێی خۆش ببین. بەختیار وەک"رۆشنبیرێکی بەناوبانگی کورد" بەم شێوەیەی خوارەوە بەرچاومان رۆشن دەکات: (بۆ ئەوەی هەڵبژاردن دیموکراسیانە بێت، دەبێت کۆمەڵگا ساڵ دوازدەی مانگ دیموکرات بێت، دەبێت کۆمەڵگا بەسیستێمی مۆنۆپۆڵی ئابووری و قۆرخکردنی دەزگا گەورەکانی میدیا و کۆنترۆڵکردنی فەزای گشتی و ئیفلیجکردنی کۆمەڵگای مەدەنیدا نەرۆیشتبێت)

کاک بەختیار نەختێ خاتری جەماعەت بگرن، ئاخر کۆمەڵگایەک ساڵ دوازدەی مانگ بەبێ پشوودان دیموکرات بێت، ماندوو دەبێ و خەوی لێدەکەوێت، بەڵام من زۆر حەزدەکەم پاش20ساڵ لە ژیانی ئەڵمانیم بۆ ئەدرەسی ئەو کۆمەڵگایە بگەڕێم کە ساڵ دوازەدە مانگ دیموکراسییە! پاشان بەبرای خۆم بڵێم لە وەڵاتە"دیموکراتەکان" کۆمەڵگاکەیان نەک هەر لە قۆناغی مۆنۆپۆڵی ئابووری و قۆرغکردنی دەزگا گەورەکانی میدیا لە وڵاتەکانیان دەڕۆن، بەڵکو ئێستا"وەک دەڵێن" سەردەمی جیهانگیرییە و دەسەڵاتدارە"دیموکراتەکان"بەوەش تێرناخۆن و خەریکی دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتێکی بێوێنەن لە جیهان.

ئایا ئەوە کۆمەڵگایەکی دیموکراتە، بە هەزاران پەنابەر، بە پەنابەری کوردیشەوە بە زۆرەملی لە وەڵاتەکەیان دەربکەن؟ بەملیونان کارگەر بێکار بکەن؟! دەستدرێژ سێکسی و لەشفرۆشی، ژن کوشتن بۆ نموونە وەک کوردستان کاری رۆژانەیان بێت؟ بەبەردەوام لەم وەڵات یان ئەو وەڵات جەنگ بەرپا بکەن؟ بەبەردەوام خەریکی چەکدرووستکردن بن؟

کاک بەختیار دەنووسێ(من وەک رۆشنبیرێک کە خەونی نوێگەری هەمیشەخەونی سەرەکیمبووە، خەونی بانگەشە بۆ کۆمەڵگایەکی ئازادو لیبراڵ لە هەموو ئاستەکاندا خەونی یەکەمم بووە، هێشتا کۆمەڵگای خۆم و زیهنییەتی سیاسی کوردی زۆر دوور لەو خەونە دەبینم)

ئازادو لیبراڵ یەک مانایان هەیە، بەڵام دیارە کاک بەختیار دەیەوێ پێمان بڵێ کە لیبراڵێکی زۆر تۆخە، بەڵام زاراوەی لیبراڵ بە رەوتێکی دیاریکراو بەستراوەتەوەو نموونەیەکە بۆ فکرو حزبێکی تاوانکارو حزبیە لیبراڵەکەی نەمسا نموونەیەکی زەق و لەبەرچاوەی ئەو رەوتەیە، هەڵبەت لیبراڵەکانی ئەڵمانیاش لە تاوان کورتیان نەهێناوە!

کاک بەختیار وەک خۆی لە گفتوگۆکە بەشانازییەوە دەڵێ(لە سەرەتای راپەڕینەوە هیچ بۆنەیەک نییە باسی ئەوەم نەکردبێت کە کۆمەڵگای کورد پێویستی بە هێزی سێهەمە..).

باسکردن لە هێزی سێهەم زۆر مەترسیدارەو رووی تری(نە سەرمایەداری و نە کۆمۆنیستی)و بەختیار کەیفی خۆیەتی یەکێتی وپارتی بە دووبەرە بزانێت، بەڵام هەردووکیان خۆیان بە سۆسیالدیموکرات دەزانن و یەکێکیان ئەندامە و ئەوی تر داوای کردووە ببێت بە ئەندام و بەشداری لە کۆبوونەوەکانیان دەکەن.

لە وەڵامی پرسیارێکی تر دەڵێ(دیموکراسی پرۆسەیەکی رۆژانەیە، شێوازێکی مامەڵەکردنە لەگەل ژیان و دابەشکردنی هێزو ئابووریدا). ئەمەیان بۆچوونێکی"زۆر جوانە"، بەڵام کاک بەختیار خزمەتێکی زۆر نایاب دەکات ئەگەر پێشمان بڵێت دابەشکردنی هێزو ئابووری چۆن ئەنجامدەدرێ وئیمڕۆ لە ئۆروپاو ئەمریکا و وڵاتانی ئاسیا چی لێکەوتووە.

ئەوەی کە زۆر سەرەنجمی راکێشا دوا رستەی گفتوگۆکەی بوو: (دیموکراسی راسەقینە دەتوانێت هەڵبژاردنی پاک و راستەقینە ئەنجامبدات). لەم بارەیەوە تەنها تکایەکم هەیە: بەسیەتی وەهم بڵاوکردن بە نرخی رۆشبیری!

www.dengekan.info